# ریفۆرم

## لەم قۆناغەی ئێستای کورددا

# بۆ ؟


نوسینی

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم

سلێمانی ..................2006





مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە
تەنها بۆ نوسەر

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟؟
نوسەر : نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس )
تیراژ: 500 دانە
چاپی: یەکەم 2006
چاپخانە: شڤان
هەڵەبڕو پیتچن/ نەوزادی موهەندیس
دیزاینی بەرگ/ سامان حمە صاڵح

ژمارەی سپاردنی ( 833 ) ی ساڵی 2006 ی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە



ریفۆرم ...

============

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ====== | ===== |


پێشکەشە.................................. 11

سوپاس بۆ................................... 13

پێشەکی ........................................ 14

پێشەکی نوسەر .............................. 17

**بەشی یەکەم** ........ 25

کورتەیەکی مێژوویی.............................. 26

ریفۆرمیش هەموو بوارەکانی

ژیان دەگرێتەوە ....................... 30

ریفۆرمخوازی............................ 41

ریفۆڕم ................................. 43

ئەوروپا لەکاتی ریفۆرمدا.............. 47

کلێسا و دەوڵەت......................... 47

رینیسانس............................. 49







بۆچی لۆسەر............................ 51

ریفۆرم لە بەریتانیا....................... 53

ریفۆرمخوازان دەبنە پڕۆتستان........ 56

یەکێتی شماڵکادۆنی................... 58

ریفۆرم لە سویسرا........................ 59

ئاناباپتیستەکان........................... 61

کالڤین................................. 62

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان......... 63

توندوتیژی نێوان......................... 67

وەرامی کاسۆلیکەکان................... 68

ریفۆرم پەرە دەسێنێ.................. 71

ریفۆرم لە ئەمریکادا................... 73

سیمای نوێی ئەوروپاودونیا.......... 76

گۆڕانکاریە جێگیرەکان................ 77

ریفۆرمیستەکان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.... 79

ریفۆرم کێ جێبەجێی دەکات و بۆچیش؟؟.... 84

**بەشی دووەم** .............. 89

ڕیفۆرم لە تێگەیشتنی ئیسلامەوە..... 90

ڕیفۆرم لە ڕۆژهەڵاتدا................. . 103

ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر........... 106

چەند نمونەیەك لە ڕیفۆرم ........... 113

بیردۆزەی فەوزای دروستكەر......... 125

نمونەی هەندێ لە ڕیفۆرم
وولأتانی عەرەبی.................. 130

ڕیفۆرم لە كۆماری ئیسلامی ئێراندا... 139

ڕیفۆرم لە كۆماری توركیادا........... 150

ڕیفۆرم لە وولأتانی بلۆكی سۆسیالیستی
جاراندا................................ 158

**بەشی سێیەم**...................... 165

ڕیفۆرم لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا..... 166

گەندەڵی.............................. 168







ڕیفۆرم لەناو حكومەتی هەرێمی
كوردوستاندا......................... 183

ڕیفۆرم لەناو دام و دەزگاكانی ....... 186

سەرەتای ڕیفۆرم لەناو
یەكێتی نیشتیمانی كوردوستاندا.... 191

چركەساتی وەرچەرخان............. 195

دەقی یاداشتی مەكتەبی سیاسی
بۆ بەڕێزمام جەلال.................. 196

دووڕیانێكی نادیار.................. 206

ئامانجەكانی ڕیفۆرمخوازان.......... 208

كۆتایی............................ 209

سەرچاوەكان........................ 214

## پێشکەشە:-

- بەڕابەری ماندونەناس ومەزنی گەلی کوردجەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ.

- بەو پیاوانەی دڕیان بەشەوەزەنگی تاریکی و ڕۆژانی سەخت و دژواری خەباتی کوردایەتیدا و ئەنجامیش سەرکەوتن ( هەڤالأنی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان).

- بەسەرجەم ئۆرگان و کادرو هەڤالأنم لەڕێکخستنەکان و ه.پ.م.ك کەتوانیویانە پارێزگاری لەمێژووی پڕسەروەری یەکێتی بکەن و درێژەش بەخەباتی ڕەسەنی کوردایەتی لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا بدەن.

- بەسەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازانی کوردوستان , چونکە ئەم ڕۆژگارو هەموو ئەو دەسکەوت وسەرکەوتنانە بەری ڕەنجی خەبات و خوێنی ئەوانە و پێویستە هەمیشە هەموان خۆمان بەقەرزارباری ئەوان بزانین و بەوەفاش بین بۆ ڕێباز و منداڵ و خێزانەکانیان.





## سوپاس بۆ :-

❖ بۆ هەڤاڵ و برای بەڕێزم کاك شەماڵ عەبدول وەفا کە ئەرکی پێشەکی نوسینی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە بەنرخەکانیشی بابەتەکەمی هێندەی تر دەوڵەمەندتر کرد. داواکارم لە یەزدان نمونەیان هەر زۆربێت.

❖ بۆ هەموو ئەو هەڤاڵ و دۆستانەم کە هاندەری سەرەکیم بوون بۆ نوسین و تەواوکردنی ئەم بابەتە و بە پێشنیاز و تێبینی و سەرنجەکانیان بابەتەکەمیان بەپێزتر کرد.

❖ بۆ هاوسەر و منداڵە ئازیزەکانم کە کاتی پێویستیان پێبەخشیم وهاوکاریان کردم بۆ تەواوکردنی بابەتکم و لەوماوەیەدا لەوان دوورکەوتمەوە .





## پێشەکی

❖ بەر لە 500 ساڵ لە ئەوروپا بزوتنەوەی ڕیفۆرم دەستی پێکرد, داواکارانی ڕیفۆرم بەژمارە کەم و بە عەقڵ گەورە بوون.دەستپێکردنەکەشیان هێجگار قورس و ئاڵۆز بوو چونکە داواکاریەکەیان هەم لە کەنیسە بوو هەم لە خانەدان و دەرەبەگ و دەسەڵاتداران بە پادشاکانیشەوە. واتە داوای ڕیفۆرمیان هەم لە دەسەڵاتی ئەم دنیا دەکرد و هەم لەدەسەڵاتی ئەو دونیا, دەسەڵاتی ئەو دونیا لەسەر زەوی بوو کە لە کەنیسە و پیاوانی کەنیسەدا خۆی دەبینیەوە و دەسەڵاتی ئەم دونیاش بریتیی بوون لە پادشاو خانەدانەکان ونەجیبزادە و پیاو ماقوڵەکان . بەژمارەیەکی کەم داواکاریەکی گەورەیان لە هێندێکی زەبەلاح دەکرد بەڵام پڕۆسەکە نەوەستا.نوشوستی نەهێنا,بەردەوام بوو تاسەرکەوتنی بەدەست هێنا, ڕاستە بەدوای خۆیدا شەڕوشۆڕ و ئاژاوەیەکی دەیان ساڵەی خستەوە بەڵام لەکۆتاییدا سەرکەوت.سەرکەوتنێك کە تائێستاش هەم ئەوروپا هەم هەموو دونیاش لەبەرەکەی دەخۆن.

ڕیفۆرمیش بووە نەریتێك لەسیستەمی ئێستای ئەو وولاتە پێشکەوتوانەدا و تائێستاش بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت. سروشتی هەموو بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرم خوازی ئەوەیە کە کەمایەتیەك داوای ڕیفۆرم لە زۆرایەتی دەکات نەك زۆرایەتی و دەسەڵاتداران ئەنجامی بدەن.ئەمە سروشتی ڕیفۆرمە لە وولاتە دواکەوتوەکان , بەڵام لە وولاتە پێشکەوتوەکاندا ڕیفۆرم بۆتە

سونمبولی پێشبڕکێی حیزبەکان لەنێوان هەموو دوو هەڵبژاردنێکدا.

ڕیفۆرم لە سێ پرۆسەی یەك بەدوا یەکی شمولیدا ئەنجام دەدرێت و ئەڵقەی یەکەمی دەست پێکردنەکەش ڕیفۆرمی سیاسیە، چونکە تا ڕیفۆرمی سیاسی ئەنجام نەدرێت ناتوانرێت ڕیفۆرمی ئیداری سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێت.ئەوجا دێتە سەر ڕیفۆرمی ئابوری و کۆمەلآیەتی و ..هتد کە ئەم بوارانەیان پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە..

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد هەر لەسەرەتاوە وەك بزوتنەوەیەکی ڕزگاری نیشتیمانی لەهەموو پارچەکاندا ڕادیکالآنە هەوڵی داوە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و سەرفرازیدا.دوای ڕاپەڕینیش قۆناغێکی نوێ لەم بزوتنەوەیە دەستی پێکرد کە زۆر جیاواز ترە لە قۆناغەکانی تر،لەشەرعیەتی شاخەوە هاتە سەر شەرعیەتی یاساو دەوڵەت. ئێستا کورد لەم پارچەیەدا بۆتە خاوەنی کیانێکی خۆی لەپەرلەمان و حکومەت ،کەئەمە پێویستی بە تۆکمەکردن و دامەزراندنێکی پتەو دەبێت تا فاکتەر بێت بۆ سەرخستنی و چەسپاندنی ئەم کیانە.هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردوستانیش ( یەکێتی و پارتی ) بەرپرسن لەم ئەرکە.بۆیە هەردوو خیزبەکەش پێویستیان بە ڕیفۆرمی سیاسیە لەناو خودی حیزبەکانیاندا چونکە تا ئەو ڕیفۆرم و تازەبونەوە و گۆڕانکاریانە لەخۆیاندا دەست پێنەکەن و قۆناغەکانیشی بەسەرکەوتووی نەبڕن ناتوانن بچنە سەر





بوارەکانی تری نوێبونەوە و گۆڕانکاری لە حکومەت و پەڕلەمان و دامەزراوەکانی تردا. یەکێتی ئەم پرۆسەیەی ڕاگەیاندو دەستی پێکرد کە تائێستا خەت و خاڵەکانی بەڕوونی دیارنیە کە بەهەنگاوێکی بوێرانە و ئازایانە دەژمێردرێت.پرۆسەی ڕیفۆرمیش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و خاڵی دەستپێکی هەیە و خاڵە کۆتای نیەو بێ کۆتاییە.

❖ ئەم پەڕتووکە یەکێکە لەهەوڵە تازە و بوێرەکان، کەتێیدا نووسەر هەوڵی داوە بەووردی و بەشێوەیەکی زانستی قسە لەسەر ڕیقۆرم بکات، هەم وەکو مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە و هەم شێوەی گەشەکردنی و پەرەسەندنی و هەم وەکو پرۆسەیەکی تازە لە وولآتە تازە پێگەیشتوەکان و دواتریش لە وولآتی خۆماندا .

**شەماڵ عەبدول وەفا**

**سلێمانی**

2006/10/2

## پێشەکی نوسەر

➢ سەرەتا بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە وەك بابەتێك بۆ ڕۆژنامە هاتە خەیاڵم و دواتر لەبەر گرنگی و هەستیاری بابەتەکە وام پێباش بوو کە بابەتەکە فراوان و دەوڵەمەندتر بکەم و لەچوارچێوەی کتێبێکدا بەچاپی بگەیەنم و زۆرترین هەڤاڵانی ڕێکخستنەکان و ئۆرگانەکانی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ) بیبینن و بیخوێننەوە..

➢ ریفۆرم بۆخۆی پرۆسەو بابەتێکی گرنگ و هەستیارە وپێویست دەکات بەووریای و هوشیاریەکی زۆرەوە باسی لێوەبکرێت و جێبەجێبکرێت و هەروەها پێویستیشە هەمیشە لە ذهن و بەرنامەی کاری ئیدارە ( حکومەت و حیزب و ڕێکخراوی پیشەیی و جەماوەری و مەدەنی و ...هتد ) دا بێت . چونکە هیچ بەرنامەو پلان و کارێك لەکاتی جێبەجێکردن لەسەر زەمینەی واقعدا بیَ گرفت و گریَ و گۆلَ نابێت, بۆیە پێویست دەکات بەزووترین کات و بەبەرنامەوپلانێکی زانستی و وورد و هێمن کار بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی بکرێت ئەگینا ئەو کێشە و گرفتانە تادێن گەورەتر و ئالۆزتر دەبن و ئەوکاتەش چارەسەرکردنی قورس و گران دەبێت وکات و توانای مادی و مرۆیی زیاتری گەرەك دەبێت.





بۆیە پرۆسەی ریفۆرم( چاکسازی ) لە هەموو ئیدارەیەکدا کارێکی هەنوکەیی و پێویستە , ریفۆرم لەسەر بنچینە و بوونی کارو بەرنامەیەکی لەپێشتری خۆیدا چیَ دەبێت, نەك لەنەبوون و لەخۆڕا سەرهەڵبدات, پرۆسەی ریفۆرمیش ڕەتکردنەوەی سەرتاپای ڕابووردو و کاری لەپێشینەی خۆی نیە بەڵکو چاکسازی و ڕاستکردنەوەو نوێکردنەوە یە و تەنها ڕەتکردنەوەی لادان و گەندەڵی و سیماو ڕووخسارە دزێووخراپەکانی ئەو بەرنامەیەیە ..

هەروەها ئەگەر بەرنامە بنچینەییەکەی کاری لەپێشینە بەجۆرێکی خراپ و کاریگەر تووشی لەڕێلادان و گەندەڵی و بێهێزی و لاوازی بووبێت , ئەوا پرۆسەی چاکسازی دەبێتە پرۆسەیەکی درێژخایەن ,هەربۆیە پرۆسەکە بەوگەورەیی و گرنگی و قورسی ئەرکەکانیەوە پێویستی بە پشوو درێژی و هێمنی و لەسەرخۆبوون هەیە نەك هەڵەشەیی و پەلەکردن و تووڕەبون و هەڵچون و دەمارگیری..

➢ لەم قۆناغەی ئێستای کوردوستاندا و لەئیدارەی ( حکومەت و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان) دا و دوای تەنها 13 ساڵ لەتەمەنی ئەم دەسەلاَتە ئیداری و سیاسیەی کورد, پرۆسەی ریفۆرم وەك زەرورەتێکی قۆناغەکە و دیفاکتۆ خۆی سەپاندوە و پێویستیش دەکات بەبیَ هیچ دواکەوتن و پشتگویَ خستن و دوودڵیەکەوە

جێبەجێبکرێت, بەڵام تەنها مەبەست لێی لەپێناو و بەمەبەستی خزمەتکردنی ئەزمونەکە و دەسەلاَتەکە بێت و بیەوێت یەك ڕیزی و یەکگرتوویی ناو حکومەت و یەکێتیش بپارێزێت و لەڕێی ئەویشەوە پاراستنی بەرژەوەندی بالاَی کوردو کوردایەتی ڕاستەقینە بێت و لەدەست نەچوونی ئەم ئەزموون و دەسەلاَت و دەسکەوتە گەورانەوە بێت کە بەدەست هاتوون کە بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خەباتی تاك بەتاکی گەلەکەمانن و پڕن لە خوێن و فرمێسك .

➢ تەنهاو تەنها مەبەست لێی پتەوبوون و تەکاندان و گوژمپێدانێکی نوێی بەهێز بێت بە فکرو جەستەو ئاڕاستەی ڕاست و دروستی کارو بەرنامە و پرۆژەکانی یەکێتی بۆ زیاتر بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی زیاتر و خۆتەکاندن لە خەوش و گەندەڵی و مشەخۆری و ...هتد..کە لەناو جەستەو فکری یەکێتیدا دروستبوون .

نەك مەبەست لەدەسکەوتنی زیاتری پلە و پایە و سامان و ئیمتیازات و پاوانکردنی دەسەلاَت و کۆشك و تەلار دروستکردن و ....هتد بێت . بەلاَم نابێت ئەو ڕاستیەشمان لەیادبچێت کە پرۆسەی ڕیفۆرم لە ئەنجامی دروست بوون و تەشەنەسەندنی گەندەڵیەوە لەبواری(( سیاسی و کارگێڕی و ئابوری ))یەوە سەر





هەڵدەدات کەلەناو دەزگای سیاسی وەك پارتە سیاسیەکان و دام و دەزگا ئیداریەکان وەك حکومەتدا ڕوودەدەن.لەبەرئەمە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازان چیٚ کردنی چاکسازیە لە بواری دارایدا و دامەزراندنی دەسەلاَتێکی سیاسی نوێترە کە ئامانجی ڕێکخستنەوەی ئیش وکارە داراییەکانە هەر لەچۆنێتی کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردن و دامەزراندنی پرۆژەی بەرهەمهێن و ئابوری و بەدەستهێنانی سەرچاوەی نوێی داهات بۆ حیزب و حکومەت کە بەشێوەیەکی زۆر شەفاف و ڕوون بەڕێوە بچێت و لانی کەم مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئاگاداری ئەم پرۆسەیەبن ,نەك تەنها لەلایەن تاکە کەسێکەوە یان گروپێکی بچوکەوە سەرپەرشتی بکرێت بەشێوەیەکی نهێنی و دوور لە دەسیلاَتی چاودێری , کە پێویست دەکات مەسەلەی دارایی کە زۆر هەستیارە لەناو حیزب و حکومەتیشدا بەشێوەیەکی دیموکراسیانە و شەفافانە و عادیلانە بەڕێوە بچێت, دوور لە قۆرخکردن وبە نهێنی بەڕێوەبردن و ناعادیلانە دابەشکردن و خەرجکردنی .

کەبەداخەوە لەئێستای یەکێتیدا ئەم سیٚ کوچکەی ( دیموکراتی و شەفاف و عادیلانە)) یە ئەگەر نەڵێین وجوودیان نیە ئەوا بەڕادەیەکی زۆر پشتگویٚ خراون و

کاریان پێناکرێت.بەتایبەتیش لەمەسەلەی دارایدا.کە کەم کەس هەیە بزانێت یەکێتی مانگانە و ساڵانە داهاتی چەندە؟و چۆن پەیدا دەبێت و کۆدەکرێتەوە ؟چۆنیش خەرج دەکرێت ؟و سەرچلوەی ئەم داهاتە چین و لەکوێوە دێن؟یەکێتی چەند موڵك و ماڵ و سەروەت و سامانی هەیە؟ لەکوێن و چۆن هەڵدەگرێن و بەناوی کێوەن؟کێ بەرپرسیارە لەکۆکردنەوە و بەدواچونیاندا؟ئایا ئەو کەسانە هیچ جۆرە بەڵێننامەیەکیان لێوەرگیراوە کە لەدوای نەمان یان مردنیان ئەو موڵك و ماڵانە بگێڕنەوە بۆ یەکێتی ؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر.....

- ئەم پرۆسەیەش تەنها لەئیدارەو ڕێکخراوێکی زیندوو و گەشەکردوو دیموکراسی و بوونی ئازادی ڕادەربڕین و پێشکەوتنخوازی وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان چێ دەبێت و پێدەگات و جێبەجێش دەکرێت کە هەر لە سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کادرەکانیشی هەمووان کەسانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەو ڕەسەنی کوردایەتین و پیاوانی ڕۆژانی سەخت و دژواری خەباتی شاخن و کەسانی عەقڵ کراوە و دیموکراسی خوازن . نەك کەسانێکی کۆنەپارێز و عەقڵ دۆگما و تاك ڕەو و دیکتاتۆر .





ئەم پرۆسەیە دەخوازێت لەهەمووان لەسەرکردەوە تا بنکەی هەرە خواری ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەش و هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتیش کە بەبێ ترس و دوودڵی یەوە شان بدەنە بەر ئەم پرۆسەیە بۆ گەیشتن بەئامانج و سەرکەوتن .

بەندەش وەك کادرێك هەستم بەگەورەیی و گرنگی و لەهەمان کاتیشدا بەمەترسی پرۆسەکە کردوەو نیازیشم بوو بەم نوسراوە ڕاوبۆچوونەکان و ڕێوشوێنەکانی بەرگرتن لە زیاتر گەندەڵی و سەرنەکەوتنی پرۆسەکە بخەمە بەردەستی سەرجەم سەرکردایەتی و کادر و هەڤاڵانم لەناو یەکێتی دا, بۆئەوەی هەمووان بەیەکەوە ودەست لەناو دەست وەك یەك گروپ و بەرەی یەکگرتوو کاربکەین بۆ ڕاستکردنەوە و نوێکردنەوە و چاکسازی لەهەڵەکانی کاری ڕابووردوماندا و دەرخستنەوەی ڕووی گەش و مێژووی پڕ لەسەروەری یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان نەك وەك دووبەرەی دژ بەیەك. چونکە خوانەخواستە ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەبەرنامەوکاری دەستە جەمعی و لێکتێگەیشتنی تەواوی مەبەست و بەرنامە و پلانەکانی ئەم پرۆسەیە لەلایەن هەمووانەوە وەك بەرەیەکی یەکگرتوو ڕوون نەبێت ئەوا ڕەنگە لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت و دابەشبوون و

لێکجیابونەوەی فکرو باڵ و مینبەرە جیاوازەکانی لێبکەوێتەوە و هەریەکە بەمەبەست و لەئاوازێك لێبدەن و ئەوکاتەش دوورنیە کە پرۆسەکە بەزیانی گەورەتر بشکێتەوە بەسەر یەکێتیدا و حکومەت و مەسەلە گەورەکەی کوردایەتیشدا ,چونکە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانە کە بۆتە پایە و کۆڵەکەی بەهێز و گرنگی کوردایەتی لەم قۆناغەدا . و ئەگەر هەر نووچدان و کەوتن و کەرت بوون و بچوك بونەوەیەك بەسەر یەکێتی و دەسەلاتەکەیدا بێت ئەوا کاریگەری گەورەتری دەبێت بەسەر مەسەلەی کوردو کوردایەتیدا لەعێراق و ناوچەکە و دونیاشدا و ئەوەی بەدەست هاتووشە لەدەست دەچێت .

بۆیە بەندە هەستی بەهەموو ئەم گرنگیانە کردوە و وەك ئەرکی سەرشانی خۆم ئەم بابەتەم خستۆتە بەردەستی هەڤالانم و داوای لێبوردنیش دەکەم لەهەر کەموکوڕی و هەڵەیەك کە هەبێت لە بابەتەکەمدا . گرنگ نیەت پاکی و خزمەتکردنمە بە ڕێبازە ڕاست و دروستەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان .





ئەوەی بەلامە گرنگە لەم کارەدا سەردەق شکاندنی دەربڕینی بیروڕایە بەڕاشکاوانە و دوور لەسڵەمینەوە و ترس و دڵەڕاوکیٚ و تەنها مەبەستیشم بەرژەوەندی یەکڕیزی و یەکگرتووی و بەهێزبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و کوردایەتیە و خواش شاهیدە کەهیچ نیاز و مەبەستێکی خراپ و شاراوەم نیە لەنوسینی ئەم بابەتەدا .......

لەگەڵ ڕێزی.......

**نەوزادی موهەندیس**
**سلێمانی**
2005/6/12
nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم





## کورتەیەکی مێژوویی

- ڕیفۆرم بزوتنەوەیەکی بڵاوی فراوانە کە دژی دەرەبەگایەتی و دژی ڕێباز و مەزهەبی کاثۆلیکی لەدیانەتی مەسیحیدا بڵاوبۆوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەم لە ئەوروپادا , کە هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبونەوەی ڕێباز و مەزهەبی ( پرۆتستانتی ) لە هەمان دیانەتی مەسیحیدا ..

ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازییە بەیەکەم شۆڕشی بۆرجوازی ناپێگەیشتوو دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

هەروەها ڕیفۆرم بەو گۆڕانکاریانەش دەوترێت کەبەسەر بزوتنەوە دینیەکاندا هات کەلەسەدەی شانزەهەمدا لەئەوروپادا دەستی پێکرد و بوەهۆی ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری ئەوروپا لەدەسەڵاتی پاپا دونیایی و دینیەکانی ئەو سەردەمە , لەبەناوبانگترین پێشەواکانی ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمیە ( لۆثەر کینگ و کاڵڤن ) بوون . 1

لەم شۆڕشی ڕیفۆرمیەدا بۆرجوازەکان لەگەڵ زۆرێك لە پیاوە نەجیبزادەکان و دەوڵەمەندەکاندا لەدژی کەنیسەی کاثۆلیکی دەسەڵاتدار وەستانەوە .ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرخوازیەش لە وڵاتی ئەڵمانیاوە دەستی پێکردو دواتر زۆرێك لە وولاّتانی تری ئەوروپای گرتەوە و بوە هۆی هەڵگەڕانەوە و پاشگەزبونەوە لەمەزهەب و ڕێبازی کاثۆلیکی لە بەریتانیاو ئوسکوتلەندا و

دانیمارك و سوید و نەرویج و هۆڵەندا و فنلەندا و سویسراو و بەشێوەیەكی كەمتر لە ولآتانی ئەڵمانیاو بۆهیما و مەجەڕدا ..
ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازیە زۆرێك لە گرنگی و پایە و دەسەلآتی كەنیسەی كەمكردەوە و تێگەیشتن بۆی سانا و ئاسان كرد و لەبەرامبەردا لە بەهای بڕوابوونی خودی تاكی زیادكردو بەرزكردەوە بەسەر ڕووكەشی دەرەوەی دین خۆیدا و بەهای ئەخلاقیاتی بۆرجوازی زۆرگەورە و پیرۆزكرد و بەم شێوەیە كەنیسە لەو وولآتانەی كەئەم بزوتنەوەیە تیایدا سەركەوت پەناو پشتیوانی لەدەوڵەتەوە وەردەگرت نەك وەك جاران فەرمان بدات و دەسەلآتدار بێت . بەشێوەیەك كەنیسە زۆر لەدەسەلآتەكانی كەم بۆوە لەبەرامبەر ئەو ولآتانەی تردا كە لەسەر مەزهەبی كاثۆلیك مابونەوە . ئەم كاروانی گۆڕانكاریانە وای كرد كە پێشكەوتنە زانستی و ڕۆشنبیریە دونیاییەكان بەسانایی گەشە بكەن و پێشبكەون..
شێواز و سیمای نەتەوەیی ئەم ڕێبازە نوێیەی ناو دیانەتی مەسیحی ( پڕۆتستانتی ) دەگونجا لەگەڵ ئەم پرۆسە ڕیفۆرمیەدا لەناو ئەو نەتەوە بۆرجوازیانەدا , بەشێوەیەك كە بەرەی پان و پۆڕی جەماوەری ڕەش و ڕووت و سادەی مەسیحیەكان شان بەشانی هەردوو بەرەی پیاوە نەجیبزادەكان و دەوڵەمەندەكان لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە بەرەی دانیشتوانی شارەكاندا وەستابوون, و نوێنەرەكانیان نەك هەردژی پیاوانی كەنیسە بەڵكو دژی چینە





نەجیبزادەكانیشیان وەستابونەوە و نەك هەر دژی جیاوازی دەرەبەگایەتی بەڵكو دژی جیاوازیەكانی موڵكداریێتیش وەستابونەوە , ئەم پیاوانە و ئەم بەرە زۆرینەیەی ڕیفۆرم خۆیان وا نیشان دەدا كە لەسەر ئەو بنەما ئینجیلیە دیاریكراوانە دەڕۆن كە دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحیەتی سەرەتا..
لەبەرامبەریشدا كاثۆلیك مەزهەبەكانیش دەست و پێ بەستراو دانەنیشتن و كەوتنە خۆ بۆ ڕێكخستن و پێكەوەنانی بەرەیەكی بەرامبەر و دژ بەبەرەی ڕیفۆرمخوازان و توانیان كە ڕێگە بگرن لە زیاتر بلآوبونەوەی مەزهەبی پڕۆتستانتی لەئەوروپادا و تەنانەت توانیشیان لە ولآتانی وەك پۆڵەندا و فەڕەنسادا مەزهەبی پڕۆتستانتی هەر نەشهێڵن .
ئەوروپا لەسەرەتای سالآنی سەدەی شازدەهەمدا چەندان گۆڕانی گەورەی تێدا ڕوویدا . گەشتی دۆزینەوەكان بەدرێژایی پەنجا ساڵی پێش ئەم سەردەمە, ناوچەكانی ئەفریقیا و ڕۆژهەلآتی دوور و ئەمریكای بۆ بازرگانی ئەوروپیەكان ئاوەلآكردبوو. مەكینەی چاپكردن داهێنرابوو, بلآوبونەوەی كتێب خەریك بوو برەوی پەیدادەكرد. هونەرمەندان و بیریارانی سەردەمی ڕینیسانس, دەروازەكانی دنیای نوێی جوانی و زانستیان كردبۆوە. گۆڕانكاریە بنچینەییەكانی ناو ڕێبازەكانی كلێسای ڕۆژئاوا كە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا دەستی پێكردبوو, نزیكەی هەموو ئەوروپیەكان مەسیحی و بەمەزهەب كاسۆلیك ببوە مەكۆی ژیانی هەموو ئەندامانی كۆمەڵ , لە هەژارترین جوتیارەوە بگرە تا

شاو دەربارەکەی, ڕۆژگار بەپێی ڕۆژە پیرۆزەکان( جەژنی ئاینی یان ڕۆژانی پشوو) دەست نیشان دەکرا. کڵێسا هەقدەستی بەهونەرمەندان و وەستاکان دەدا تا کۆشکی یادی جیلوەکانی شکۆی خوداوەندی دروست بکەن. دۆزەرەو دەریاوانانی سەردەمی دۆزینەوەکان بۆ پەیداکردنی زێڕ , پەیداکردنی ناوبانگ و دەستخستنی ڕەزای خودا. بەرەو دەریاکان دەڕۆیشتن, لەواقیعدا, کڵێسا بەکردەوە خۆی لەهەموو کاروبارێك دەگەیاند و دوا هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیاند. هەتا شاکانیش دەبوایە لە ژێر فەرمانی کڵێسا و پاپا کە سەرۆکی کڵێسا بوو. هەڵسوکەوت بکەن, یەکێك لە توندترین سزاکان( تەکفیرکردن) بوو, کەسەکان دوای تەکفیر لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی و لەمافی قەزای کڵێسا بێبەش دەکران. جودابونەوە لە کڵێسا بەمانای جودایی لەهەموو کۆمەڵ بوو, لەبەر هەندێ تەکفیر بەهەڕەشەیەکی زۆر جدی لەقەڵەم دەدرا. هەڵبەتە هەتا بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست هەموو ئەوروپییەکان مەسیحی نەبوون. ئاینی ئیسلام و یەهودی, سەرباری کاریگەری پشکنینی بیروباوەڕی ئیسپانی و شەڕی سەلیبی. قەت بەتەواوی لە ئەوروپا لەناونەبران.بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی پێڕەوانی یەهود و ئیسلام لە چاو مەسیحیەکان, هەر ئەوروپییەکی چینی ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەم تەنیا دیدێکی سەرپێی و سەرەڕۆ و لەوانەشە شێوێنراوی لەمەڕ ئەو ئاینانە هەبوو .





## ڕیفۆرمیش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و چەندین جۆرو بواری هەیە لەوانە :-

- کاری ڕیفۆرمخوازان وتازەگەران دەگۆڕێت بەگۆڕانی نەتەوەکان و هەڵسوکەوتەکانیان. هەرکاتێك شارستانیەت پەرەی سەند ژیان زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت و پەل وپۆی لێدەبێتەوە و هەر لق و پۆپێکیشی پێویستی بەڕیفۆرم دەبێت. لەئێستادا ئەمە حاڵی ڕۆژهەڵاتە. چونکە پێشتر ژیان زۆر سادەوساکار بووە بەشێوەیەك ڕیفۆرمخوازان هەموویان لەیەك ئاڕاستە و بواردا بوون و بەشێوەی یەك زنجیرەی پێکەوە گرێدراو بوون کە زۆربەیان ڕیفۆرمخوازی دینی بوون یان داواکاری بەرزبونەوەی ئەخلاقی بوون لەڕووی شارستانیەتەوە . بەڵام ئەمڕۆ ژیان گۆڕاوە و پەلی هاویشتوە بەهەموو ئاڕاستە و بوارێکدا کە هەر بوارەی پێویستی بەڕیفۆرمخوازێك یان چەندان ڕیفۆرمخواز هەیە, لەکۆندا ڕیفۆرمخواز لەهەموو بوارەکاندا کاری دەکرد , بەڵام دواتر و لەسەردەمی پسپۆڕیدا هەریەکە پسپۆڕی لەبوارێك یان بەشێکی بچووکی بوارێکدا پەیدا کرد, هەروەك چۆن دکتۆرێك جاران دکتۆری چاو و نەخۆشیەکانی تریش بوو, بەڵام دواتر پسپۆڕی لەبواری چاو یان بەشێکی بچووکی چاودا

پەیداکرد. بەم شێوەیە ریفۆرمخوازانیش لە ئێستادا بواری کارکردنیان دیاریکراوە و لەبەشێك یان لقێکدا کاردەکەن و بەدوای کەموکوڕی و ناتەواویەکاندا دەگەڕێن تا چاکسازی تیادا بکەن. لەبەرئەمە ڕیفۆرم هەمەجۆر بووەو بوارەکانی کارکردنی هەمە چەشن بووە , بەشێوەیەك ڕیفۆرمخوازان لەبواری ئەدەب و هونەر و سیاسەت وئابوری و دین و کۆمەڵایەتی دا پەیدا بوون. هەرکاتێك ڕۆژهەڵات پێشکەوت... پسپۆڕی پێشدەکەوێت و پسپۆڕیش لەڕیفۆرمدا پێشدەکەوێت .

ڕۆژهەڵات لە ئێستادا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە ڕیفۆرم هەیە. دوای ئەم هەموو مت بوون و سڕبوونەوە .ڕۆژهەڵات لەئێستادا لەدوو ڕیانێکدایە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەر لەزمان و ئەدەب و سیستەمی خێزان و سیستەمی کۆمەڵگا و لەبواری سیاسەت و ئابوری و ..هتدا.لەهەموو ئەم بوارانەدا پێویستی بەکەسانی نوێخواز و ڕیفۆرمخواز هەیە کە دەستی نەوەی ئێستا ڕاکێشن و بەردی بناغەی یەکەم نەوەی داهاتوو دابنێن .کە ئەم کارەش ئاسان و سانا نیە بەڵکو گەلێك سەخت و دژوارە ,بەڵام ڕیفۆرمخوازی ڕاستەقینە گوێ ناداتە سزا و توندوتیژی و چەوسانەوە بەڵکو سووردەبێت لەسەر خەبات و کۆڵنەدان تاگەیشتنە ئامانج و سەرکەوتنی کۆتایی .





**بوارە جیاوازەکانی ڕیفۆرمیش بریتین لە :-**

1. **ڕیفۆرمی ڕیشەیی** Radical Reform

**ئەوروپا ڕاستەوخۆ لەدوای ڕیفۆرمەکانی** کاثۆلیك **و پرۆتستانتیەکانەوە لە سەدەی شانزەهەمەوە بەم جۆرە ڕیفۆرمە ئاشنا بوو , کەهەندێ بەڕیفۆڕمی سێیەمی ناودەبەن یان بەڕیفۆڕمی چەپ ناوی دێنن .**

2. **ڕیفۆرمی سیاسی** Polatic Reform

**بریتیە لە پڕۆسەی چاکسازی یان گۆڕانکاری لە جۆرو شێوازی سیستەمی سیاسی لە تاکڕەویی و دیکتاتۆریی و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و خێڵەکی و بنەماڵەیی و کۆنەپارێزیەوە بۆ سیستەمێکی عیلمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنخواز کە بڕوای بە هەڵبژاردن و بەشداریکردنی جەماوەر هەبێت لە حوکم و دەسەڵاتدا و بەڕێگەی ئاشتی ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات بکرێت .. ئەم جۆرە ڕیفۆرمەش لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە جێبەجێدەکرێت,چونکە پارتە سیاسیەکان لەمیانەی بەشداریکردنیان لە حوکم و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆندا بەشداری دەکەن و لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و هەر ئەوانیش بەرپرسن لە داڕشتنی بەرنامە و پلان و هەڵبژاردنی جۆری سیستەمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و دەسەڵات و حکومەت,چونکە پارتە سیاسیە سەرکەوتوەکان یان**

بەتەنها یان پێکەوە ( ئیئتیلاف ) حکومەت پێك دێنن و هەر ئەمانیش لێپرسراون لە هەڵسەنگاندنی ئیشوکارەکانی حکومەت و کاری حکومەت تەنهاڕاییکردن و جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتیەکانی پارتە سیاسیەکانە و حکومەت واجهەی حیزبە و چەندە حکومەت لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و جێگەی ڕەزامەندی جەماوەر بێت هێندەش حیزبی دەسەلأتدار بەهێز و خاوەن بنکەی جەماوەری دەبێت و دەتوانێت بەردەوام بێت لە دەسەلأتدا . بۆیە لەسەردەمی ئێستادا کە سیاسەت بۆتە بوارێکی فراوانی ژیانی کۆمەڵگاکان و کارو کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی تری ژیان .بۆیەش گرنگی وکاریگەری مەزنی هەیە و پێشەنگە لە پرۆسەی ڕیفۆرمەکاندا و چەندە ڕیفۆرمی سیاسی سەرکەوتووبێت ئەوەندەش ڕیفۆرمەکانی تر سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و سەرئەنجامیش کۆی پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت و کۆمەڵگاش پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە.

### 3. ڕیفۆرمی ئیداری

ئەم جۆرە لەڕیفۆرم لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا چیٚ دەکرێت.چونکە حکومەت و دام ودەزگا زۆر وزەوەندەکانی کاری ڕایی کردنی مامەڵە و داواکاری ڕۆژانەی هاولأتیانیان لە ئەستۆدایە و لەگەڵیشیداجێبەجێکردنی بەرنامە سیاسی و





ئابوری و کۆمەلأیەتی و خزمەتگوزاریەکانی پارتی سیاسی دەسەلأتداری لەئەستۆدایە.

حکومەت لەبەرئەوەی ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی وەك دابینکردنی(( ئاو و ئاوەڕۆ و کارەباو سووتەمەنی و تەلەفۆن و دروستکردنی پردو ڕێگاوبان و ...هتد))ی لەئەستۆدایە کە پێویستیی ڕۆژانەی هاولأتیانە و هەروەها بەرنامە و پلانی بوژانەوە و بەگەڕخستنی بازاڕو ئابوری و بازرگانی دەکەوێتە ئەستۆ و بەهەمان شێوە دامەزراندنی کارگە و کارخانە و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی گرنگی پیشەسازی و نەوت و پەروەردە و تەندروستی و زانست و ئاوەدانکردنەوە و ..هتد کە کاری سەرەکی حکومەتن. ئاشکراشە هەموو ئەم پرۆژە و کارانەش پێویستیان بەبودجە و سەرمایەیەکی زۆر هەیە,بۆیە سەرەتای گەندەڵی ئیداری و دارایی لەحکومەت و دام و دەزگاکانیەوە سەرهەڵدەدات و دواتریش هەموو بوارەکانی ژیان و کرمەڵگا دەگرێتەوە و بەهۆی ئەوەش کە حکومەت و فەرمانبەرانی لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ پێك دێت و لەهەموو خێزانێکدا هەن , زۆر بەخێرایی دیاردەی گەندەڵی بلأودەبێتەوە و تەشەنە دەسێنێت و ئەنجامیش ئەو حکومەت و دەسەلأتە ئیداری و سیاسیە بەگەندەڵ دەناسرێت,.

حکومەت و ئیدارەی گەندەڵ لەئەنجامی نەبونی شەفافیەت لەیاساو ڕێساکاندا ونەبونی پلانێکی زانستی و وورد بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن و بەدواچوونی کارەکاندا

سەرهەڵدەدات.هەروەها بەهۆی نەبونی کادری شارەزا و دەست پاك و ئەمین لەپۆست و پلەوپایەکاندا گەندەڵی هێندەی تر زیاد دەکات و لەجێگەیاندا کەسانی هەلپەرست و مشەخۆر و گەندەڵ و بەرژەوەند پەرست دروست دەبن.

بۆیە لەم کاتەداچیٚ کردنی پرۆسەی ریفۆرمی ئیداری دەبێتە کارێکی زۆر هەنوکەیی و بەپەلە کە ئەرکی دەسەلأتی سیاسیە ریفۆرمی بنچینەیی و ریشەیی لەئیدارەدا چیٚ بکات بە:-

- دانانی یاساو رێسای نویٚ کە بگونجێت لەگەڵ گیانی سەردەم و وەلأمدانەوەی داواکاری و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و جەماوەریش بێت.
- دەرکردنی یاساو رێساکان بەشێوەیەکی روون و ئاشکراو دوور لە شاراوەیی و ئاڵۆزی و تێنەگەیشتن بێت و هەتا ژمارەی بریارەکان کەمتر و گشتگیرتر بن باشترە .چونکە زۆری بریارەکان و گۆرانکاریەکانیان دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزا و تێکچرژانی دەسەلأتەکان و سەرالیێتێکدانی ئیدارە.
- دیاریکردنی دەسەلأتەکان بۆ هەموو ئاستەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە ئیدارەدا بەپێی دەستوور ویاسا,. چونکە نەبوونی دەسەلأت و دانەبەزاندنی بۆ ئاستەکانی خوارەوە و قەتیسکردنی لەلایەن تاکەکەس یان گروپێکی بچوکەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی رۆتین و دواکەوتن و راینەکردنی مامەڵەی رۆژانە وئەنجامیش گەندەڵی ئیداری ودارایی لیٚ دەکەوێتەوە.





- دانانی کادری شارەزاو بەئەزموون و گەنج و بەتوانا و خاوەن بروانامەی زانستی و دەست پاك و ئەمین لە پۆستەکاندا واتە (( کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو)) کە دڵسۆزیان تەنها بۆ بەرژەوەندی گەل و نەتەوە و نیشتیمان بێت نەك بۆ تاکە کەس و رابەر و سەرکردە و خێڵ و عەشرەت و بنەماڵە.
- بوونی پلانی زانستی و وورد کە رێگە لە بەهەدەرچوونی توانا مادی و مرۆییەکان بگرێت و بەدوواچوونی ووردیشی هەبێت بۆ هەموو لادان و گەندەڵی و مشەخۆریەك.

بەم شێوەیە ریفۆرمی ئیداری دەبێتە تەواوکەری ریفۆرمی سیاسی و دوانەیەکی لێکدانەبراوو تەواوکەری یەکتر پێك دەهێنن و رەنگدانەوەی پۆزەتیڤیانەشیان دەبێت لەسەر سەرتاپای بوارەکانی تری ژیان و پرۆسەی ریفۆرمەکانی دی.

## 4. ریفۆرمی ئابوری Economic Reform

ئەمیش بریتیە لە چاکسازی لە سەرچاوە و وەبەرهێنان و یاساو رێسا کۆن و داخراو و ئاراسەکراوەکانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ یاساو رێسای نوێی وا کە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی بازاری ئازاد وکێبرکێی نرخ و بازاردا لەسەر بنچینەی باشی لە نەوعیەتدا و نەمانی سنورەکان لەبەردەم ئاڵوگۆرکردنی بازرگانی و کاڵاکاندا لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاکاندا و دەستکرانەوە و کارئاسانی کردنی دەوڵەت بۆ کەرتی تایبەتی و

کۆمپانیا زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکانی دونیا بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکەن . لەدونیای سەردەمدا و لەسەدەی بیست ویەکدا کە گۆڕانکاریەکان هێندە گەورە و کاریگەرن و هێندەش بەخێرایی کاریگەریان دەگاتە دوورترین جێگەی دونیا و کۆمەڵگاکان, هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی بەجیهانی بوون و داهێنانە سەرسوڕهێنەرە گەورەکانی زانست و تەکنەلۆژیای ژمارەیی digital و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە کۆمکپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت و ...هتد.بواری ئابوریش گۆڕانکاری و هەنگاوی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە ,چونکە لەجاران زیاتر و خێراتر سەرچاوە سروشتیەکان وەبەردەهێنرێن و کاڵاکان زووتر دروست دەکرێن و خێراتریش دەگەنە بازاڕەکان و بەشێوەیەك کاریگەریان لەسەر بواری ئابوری پەیداکردوە کە بۆ نموونە ئەگەر لەئەمریکادا کالآیەکی نوێ بەرهەم بهێنرێت ئەوا لەماوەیەکی زۆر کورت و کەمدا دەگاتە دوورترین بازاڕەکانی جیهان کە ئەم خێرا بلآوبونەوەی کالآیانە وای لە بازاڕ و بازرگانی کردوە کە بوژاندنەوە و جوڵەیەکی سەرسوڕهێنەری بەخۆیەوە بینیوە و کۆمەڵگا جیاوازەکانیشی بەهەژار و دەوڵەمەندەوە بەزووترین کات ئاشنابەیەکتر کردوە و شارستانیەتە جیاوازەکانیشی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە,

جا ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە گەورانەی بواری ئابوری پێویست بە گۆڕانی بەرنامە و پلانی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی نوێ دەکات کە کارئاسانی و هاوکاری زیاتری تیادا بێت,بەشێوەیەك کە





حوکمەتەکان یاساو ڕێسای نوێ دەربکەن کە هانی وەبەرهێن و خاوەن سەرمایە و کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت بدەن بۆ بەشداریکردنی جدی و زیاتر لەو بوارەدا.بەشێوەیەك ئابوریەك و بازاڕێکی ئازاد و سەربەست و شەفاف چێ بکەن ,کە دووەربێت لە داخراوی و کۆنتڕۆڵی حکومەتەکان,ئەمەش تەنها لەچوارچێوەی پڕۆسەیەکی گەورە و وورد و زانستی ڕیفۆرمدا دەبێت کە بە ڕیفۆرمی ئابوری ناسراوە .

### 5. ڕیفۆرمی کۆمەڵآیەتی Social Reform

ئەم جۆرەش لە ڕیفۆرم گرنگی دەدات بە چاکسازی و گۆڕین لە داب و نەریتە باو و داخراو وکۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگا و هەوڵدەدات لە جێگەیاندا داب و نەریتێکی کراوەتر و ئازاد و سەربەستانە بچەسپێنێت و ئازادیە گشتی و تایبەتیەکانی تاك و کۆمەڵ بپارێزێت و گۆڕانکاری لە یاسا کۆنەکانی مەدەنی و پەیوەندیەکانی تاکەکانی کۆمەڵ و خێزاندا بکات و هەوڵی یەکسان بوونی ژن و پیاو لەکۆمەڵگادا دەدات و دەیەوێت مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی بپارێزێت و هەنگاو دەنێت بەرەو پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە تیایدا حکومەت دەسەلآتێکی ئەوتۆی نەمینێت و تەنها ڕێکخراوە مەدەنی و دیموکراسیەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە چاودێرکردنی کارەکانی حکومەت و ڕێگەنەدرێت بە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرو پێشێلکردنی مافەکانی تاك و

کۆمەڵ . و دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران وتەندروست و دابینکردنی بیمەی بێکاری ونەهێشتنی هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری . . .

### 6. ڕیفۆرمی کشتوکاڵی Agrarian Reform

بریتیە لە سازدانی ڕاستکردنەوە یان گۆڕانکاری لە سیستەمی کشتوکاڵیدا بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و فەراهەمکردنی پێداویستی ناوخۆیی بۆ گەشەکردنی نەتەوەیی و دابینکردنی شێوەیەك لەعەدالەتی کۆمەلأیەتی .بەهۆی سوود وەرگرتن لە ئامێر و کەل و پەلە کشتوکاڵیە تازەکانەوە و بەکارنەهێنانی هۆکارە کشتوکاڵیە باو و دواکەوتوو سادەکانی جارانەوە و بەکارهێنانی تۆو سەمادی کیمیاوی و داودەرمان بۆ نەهێشتنی ئافاتە کشتوکاڵیەکان و هوشیارکردنەوە و تێگەیاندنی جوتیاران و بەخێوکەرانی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بە زانستی نوێی سەردەم و چاککردنی زەوی شۆرەکات و وەبەرهێنان لە قەد پاڵی چیاکان و و دارستانەکان و لەوەڕگا و ...هتد.

### 7. ڕیفۆڕمی سەربازی Army Reform

بریتیە لە چاکسازی لە بواری سەربازیدا و هەوڵ دەدرێت کە بنەماو تێگەیشتنە کۆن و کلاسیکیە سەربازیەکان بگۆڕێت بۆ





بنەماو تێگەیشتنی نوێ لەکارو ئەرکەکانی سەربازیدا و هەوڵدەدرێت کە سوود لە چەك و تەقەمەنی و داهێنانە نوێکانی بواری سەربازی وەربگیرێت و تەنها پشت بە توخمی مرۆڤ نەبەسرێت و بەڵکو زانست و تەکنەلۆژیا سەربازیە نوێکان جێگەیان بگرێتەوە و گۆڕانکاریش لە جۆرو شێوازەکانی مەشق و ڕاهێناندا بکرێت بەشێوەیەك کە سەربازی نوێ پێبگەیەنرێت کە توانای شەڕو بەرگریکردنی باشی هەبێت ..

### 8. ڕیفۆرمی زانستی و فەرهەنگی Since & Calture Reform

بریتیە لە چاکسازی و گۆڕان لە فەرهەنگ و بەرنامەی خوێندن و فێرکردندا و سوود وەرگرتن لەداهێنان و پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی سەردەم لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ...هتد و هەروەها گۆڕان و چاکسازی لە فەرهەنگ و ئەدەب و کەڵچەری کلاسیکی کۆمەڵگادا ..

* * *
* *
*

# ڕیفۆڕمخوازی Reformism

ئاڕاستەیەکی سیاسیە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا , کە بڕوای بەزەرورەتی پێکدادانی چینەکان و شۆڕشی ئیشتراکی و دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا نیە و ڕەتی دەکاتەوە . و داوای هەمئاهەنگی نێوان چینەکان دەکات و خوازیاری گۆڕینی سەرمایەداریە بۆ ( کۆمەڵگای ڕەفاه وخۆشگوزەران ) لەڕێگەی ڕیفۆڕمەوە .

ڕێباز یان بۆچوونی ڕیفۆڕمخوازی لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرکەوت کە بنچینەکەشی کۆمەلآیەتیە کەبریتیە لە ڕیزی پێشەوە و بەرزی سوود وەرگر لە چینی کرێکاریدا کە ناسراوە بە ئۆرۆستۆکراتیەتی کرێکاری .

بۆچوونی ڕیفۆڕمخوازی مۆدێرن خۆی لە ( نێونەتەوەیی ئیشتراکی ) دا دەبینێتەوە کە بریتیە لە یەکێتیەکی نێودەوڵەتی ڕیفۆڕمخوازان کەلەساڵی 1951 دا دامەزراو توانی لەساڵی 1962 دا 40 پارت و ڕێکخراوی سیاسی دونیا لە خۆبگرێت و ژمارەی ئەندامانیشی بگاتە 10 ملیۆن و نیو ئەندام لەسەرتاسەری جیهاندا .

دەتوانرێت شەڕ ڕیشەکێشبکرێت لەهەموو بیردۆزە ڕیفۆرمیە کۆمەلآیەتیەکاندا کە هەوڵ دەدات ئەوەی ناتوانرێت ڕێکەوتن لەنێوانیاندا بکرێت کۆیان بکاتەوە لە ( موڵکایەتی تایبەتی , عەدالەتی کۆمەلآیەتی , جیاوازی کۆمەلآیەتی و خۆش گوزەرانی





گشتی ) . ڕیفۆڕمخوازانی نوێ تاکە ڕوئیاو بینینێکی تەواویان نیە بۆ دونیا , بیردۆزەی بۆچوونی ڕیفۆڕمی لەلای (م. فیلیب و ف. ایخلر و ب. بوینبلێ و ا. ستراشی و ...هتد ) بەشێوەیەکی هەڵبەستراو لەنێوان فکری کانطی نوێ و بارودۆخ و ڕێبازی سروشتی لەلێکۆڵینەوەی مرۆڤ و مەسیحیەتدا کۆدەکەنەوە . و بڕوایان وایە کە گفتوگۆ ( مناقشە ) کاتی بەسەرچوە و ئەم بۆچوون و ڕێبازە ڕیفۆرمخوازانەیە بڕوای وایە کە ئیدی توند و تیژی باوی نەماوە و کاتی بەسەرچووە و تەنها پشتگیری لە شۆڕشێکی هێمن و لەسەرخۆ دەکات و مادیەت ڕەت دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە حەتمیەتی مێژوویی سروشتی و ئابوری بۆ ئیشتراکی شتێکی پڕوپوچە ..و ڕایدەگەیەنێت کە ئیشتراکیەت هەڵدەیەنجرێت لە بواری ڕوحدا و بۆچوونە ئەخلاقیەکانی تاک وهەریەکە لەزەمەن و چینەکانیش تێدەپەڕێنێت و ئەم بۆچوونە ڕیفۆڕمیە واز لە هەموو داب و نەریتێکی جوانی ئیشتیراکی دەهێنێت . بەجۆرێك کە هاوپەیمانی نێوان کەهەنوتی و ڕێکەوتن لەنێوان زانست و دیندا بۆتە سیاسەتی سۆسیالێ دیموکراتە ڕاستڕەوەکان.

لەڕابەر و بیرمەندە بەناوبانگەکانی ڕیفۆرم بریتین لە ( م. فیلیب و ف. ایخلر و ب. بوینبلێ و ا. ستراشی و ...هتد ) وە لە سیفاتە هاوبەشەکان و دیارەکانی ئەم سەرکردە و ڕابەرانەش بریتیە لە دژایەتی کردنی شیوعیەت . کەئەمەش پاڵی نا بە ڕیفۆرمخوازی کۆمەلآیەتیەوە بەرەو تەنگژەی ئایدۆیۆلۆژی سیاسی .

**ئەگەر لەڕیزەکانی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکدا کەسێك بەیاسای ڕیفۆرمەکان قایل بێت پێی دەڵێن ( ڕیفۆرمیست ) .2**

# ڕیفۆرم Reform

- **چاکسازی ( ڕیفۆرم ) ناوێکە بەو سەردەمە دەگوترێ کە کۆمەڵی مەسیحی تیایدا پارچە پارچەبوو. لەم سەردەمەدا ئەگەرچی کلێسای کاسۆلیك درێژەی بەبوونی خۆی دەدا. بەڵام ئەو کەسانەی بە پرۆتستان ناسراوبوون و داواکاری چاککردنی داوودەزگاکانی کلێسابوون, ڕێگایەکی جودایان گرتە بەر . ئەوان چەند جۆرە ئاینێکی تازەی مەسیحییان لەسەر بنچینەی کتێبی پیرۆز و ژیان و ڕێنوێنیەکانی عیسای مەسیح دامەزراند کەلەگەڵ کلێسای کاسۆلیك و یان لەگەڵ یەکتردا, لەڕووی بیروباوەڕە و کاروباری ئاینی, جودابوون.**

**ئەوەی وەك بزوتنەوەیەکی ئاینی دەستی پێکردبوو, کاریگەریەکی بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێنا, ڕیفۆرم ئەورووپای کەلەبەر ڕۆشنایی تەنیا لێکدانەوەیەکی مەسیحیەت گەیشتبوە یەکێتی, کردە کیشوەرێکی پێکهاتوو لە میللەتی جۆراوجۆرو هەریەکەیان بەناوی ئاینێکی تایبەتی و دەوڵەتێکی تایبەتی خۆی .کلێسای کاسۆلیك کە ئیدارە ناوەندیەکەی لە ڕۆما بوو, ئیدی تەنیا شێوازی مایەی قبوڵی مەسیحیەت لە ئەورووپا نەبوو, لەلایەکی دیکە ئەورووپاش لە کۆمەڵێکی فیودالیەوە بەرەو کۆمەڵێکی بازرگانی دەگۆڕا. ئابووری ئەورووپا کەپێشتر لەسەر**





**بنچینەی کاری سەختی لادێییەکان و جوتیاران دامەزرابوو. هەتا دەهات پەیوەندی لەگەڵ پارەو ئەو کەل و پەلانە پەیدا دەکرد کە بە بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی تری دنیا وەدەست دەکەوتن. بەم شێوەیە ڕیفۆرم بەشێکی جودانەبۆوەی ئەو گۆڕانکاریە فراوانە بوو کە نیشانەی ڕەوتی شارستانی ئەورووپا لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ بوو.**

**ڕیفۆرم بریتیە لە ڕاستکردنەوە یان پێشخستنێکی نا ڕیشەیی لە شێوازی دەسەڵات یان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر بنەماکانی .**

**ڕیفۆرم جیاواز لە شۆڕش تەنها بریتیە لە چاکسازی کردن لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو بەبێ ئەوەی بنەچەو بنەماکانی ئەو سیستەمە بگۆڕێت ..**

**تێوری زانێك ووتویەتی :**

**(( مەفهومی ڕیفۆرم لەگەڵ مەفهومی شۆڕشدا لەیەکتر جیان , ئەگەر ئەمە فەرامۆش بکەین و هەست بەهێڵی نێوان ئەم دوو مەفهومە نەکەین ئەوا ئەکەوینە هەڵەی گەورەوە ... بەڵام ئەم سنورەی نێوان ئەم دوو مەفهومە شتێکی وەستاو نیە , بەڵکو هەمیشە لەگۆڕاندایە ..وەلەهەموو کات و سەردەمێکدا پێویستە ئەو هێڵە دیاری بکرێ )).3**

**تێوری شۆڕشگێڕانە بەرهەڵستی ڕیفۆڕم ناوەستێ , ئەم ڕیفۆرم و کارە چارەسەریانە ڕەت ناکاتەوە کەلەجیهانی سەرمایەداریدا ئەکرێت .. وە هەروەها ڕیفۆرم بەلقێك لەلقەکانی شۆڕش**

دائەنێت , شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵك هەندێك كات كە سەرکەوتوو نابێت دەزگای دەسەڵاتدار ناچار ئەکات پەنا بەرێتە بەر یاسای ریفۆڕم. پێویستە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەجۆرێك ناچار بکەن کە زۆرتر و قوڵتر ڕیفۆرمەکان جێبەجێ بکات.. هەروەکو تیۆزانێکی تر دەڵێت :

(( پێویستە بۆ فراوانبوونی زەمینەی ڕاپەڕینی چینایەتی سوود لە ڕیفۆڕمەکان وەربگیرێت )) .4

ڕیفۆرم بۆ خۆی پرۆسەی گۆڕانکاری و کارێکی نوێی دوورو درێژ خایەن و هەستیار و گرنگ و گرانەلەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری وسەربازی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و....هتدا .

ڕیفۆرم وەك ئەوە وایە کە چەند پایەیەکی تەختە بخرێتە ژێر بینایەکەوە بۆئەوەی کرداری ڕووخاندنی بیناکە ڕوونەدات یان دوای بخات و زۆرجار ڕیفۆرم بۆ ئەو مەبەستە بکاردێت کە شۆڕش ڕوونەدات یان ڕوودانەکەی دوابخات ..

پرۆسەی ڕیفۆرم لەهەموو زەمان و زەمینەیەکدا دەکرێت جێبەجێبکرێت بەو مانایەی کەبریتیە لە ڕاستکردنەوە و خستنە سەرسکەی سروشتی کارەکان و بەردەوامبوون, بەڵام بۆ سەرکەوتن و زامنکردنی ئەو سەرکەوتنە پێویست دەکات کە هەل و مەرجی خۆیی و بابەتی گونجاو هەڵببژێردرێت بۆ دەستپێکردن و ئەنجام دانی پرۆسەکە.

ڕیفۆرم دەکرێت کەلەسەرجەم دام ودەزگاکانی حکومەت و دەسەلاٌت و یاساکان و سەرجەم ڕێکخراوو حیزبی سیاسی و





ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکاندا بکرێت بەو مانایەی ڕیفۆرم بریتیە لە نەمانی گەندەڵی ئیداری و دارایی و نوێبونەوەی توانا و وزە و بەرنامە و پلانی کاری داهاتوو .

ڕیفۆرم لەپرۆسە گشتگیریەکەیدا بریتی نیە لە ڕەتکردنەوەی سەرتاپای مێژوو و ڕابووردوو, بەڵکو بریتیە لە ڕاستکردنەوەی هەڵە وکەموکوڕیەکانی ڕابووردوو هەروەها خۆگونجاندن لەگەڵ ئیدیۆمە تازە و مۆدێرن و سەردەمیەکاندا و مامەڵەکردن لەگەڵ کاراکتەر و فاکتەرە مۆدێرنەکاندا بەمەبەستی بەرەوپێشچونی زیاتر و پێشکەوتن لەگەڵ ڕوودا و پێشهاتەکان و داهێنانە نوێکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاشدا ..

ڕیفۆرم لەمێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی زۆربەی گەلان و دەوڵەتان و پارتە سیاسی و جەماوەریەکانی دونیادا پەیرەوکراوە و ئەنجامی باشیشی لێکەوتۆتەوە.

ڕیفۆرم پرۆسەیەکی زۆر هەستیارو گرنگە چونکە بچوکترین هەڵە لە جێبەجێکردندا دەبێتە هۆی لادان لە ئاڕاستەی سروشتی پرۆسەکە و دواتریش بەرەو هەڵدێران و زیانی گەورە دەشکێتەوە بەسەر ئەو کەس و لایەنانەدا کەپێی هەڵساون,هەربۆیە کاری وورد و دیقەت و عەقڵی کراوە و شەفاف و بیری ژیرانەی گەرەکە بۆ سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنی ...

* * *

* *

*

# ئەوروپا لەکاتی ڕیفۆرمدا

➢ لەسەرەتای سەدەی شازدەهەم، زۆربەی ئەوروپایان بۆ ماوەی نزیکەی دوازدە سەدە ، بەئاشکرا پێڕەوەی ئاینی مەسیحیان دەکرد. پێش ئەوە بەدرێژایی سێ سەدە مەسیحیەکان لە ترسی سزاکانی دەوڵەتی ڕۆما، بەنهێنی ڕێوشوێنە ئاینیەکانی خۆیان جێبەجێدەکرد. لەساڵی 313 ی زاینی ئیمپراتۆر کوستانتین کە ساڵی پێشتر هاتبوە سەر ئاینی مەسیحی، پێڕەوکرد لەو ئاینەی کردە کارێکی یاسایی. ئاینی مەسیحی بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست( نزیکەی 500 تا 1500 ی زاینی ) بەخێرایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا بڵاودەبۆوە . مێژووی ئەوروپا تاڕادەیەکی زۆر مێژووی کڵێسایەکی کاسۆلیکە .

## کڵێسا و دەوڵەت

➢ لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، هیچ وڵاتێك بەواتای ئەمڕۆنەبوو ، لەهەر بەشێکی ئەوروپا کۆمەڵێك خەڵك کە بەزمانێکی تایبەتی دەدوان . لەوناوچانەدا دەژیان کە سنوورەکانی زەماوەندی شایەتی ، شەڕو هێرشی بێگانەکان دەستنیشانی دەکرد. بۆ نموونە ئەڵمان ، میلەتێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو کۆمەڵە ویلایەتێك بوو هەریەکەی لەلایەن شا ، شازادە، دۆق یان پیاو ماقوڵێك بەڕێوە دەبرا. تەواوی





ناوچەکانی ئەڵمانیا، وێڕای چەند بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و پاشان لە ئیسپانیا بەشێك لە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما بوون ، لە فەزایەکی سیاسی وادا ، ئیمتیازی کڵێسای تایبەت بەهیچ ناوچەیەك نەبوو و هی هیچ وڵاتێکیش نەبوو . پاپا کە سەرۆکی کڵێسابوو، لەڕۆما دەژیا. بەڵام کڵێسا لەهەموو جێگایەك هەبوو. قەشەکان و موبەلیغەکان کە پێداویستیەکانی هەر ناوچەیەکیان تاوتوێ دەکرد. ڕاپۆرتیان بۆ ئوسقوفەکان بەرز دەکردەوە و ئوسقوفەکانیش ڕاپۆرتی خۆیان بۆ پاپا دەنارد، سیستەمێکی سادە بەڵام کاریگەر . لەبەرئەوەی قەشەکان و بەتایبەتی ئوسقوفەکان خوێندەوارترین کەسی ناوچەکانی خۆیان بوون. خەڵکیسەرباری ڕێنوێنیە مەعنەویەکان بۆ مەسەلە نامەعنەویەکانیش پەنایان بۆ دەبردن، بۆ نموونە ئوسقوفەکان بەزۆری گرفتە قەزاییەکانیان لابەلا دەکردەوە . مەیلێکی وا بۆ تەسلیم بوون بۆ لێپرسراوانی کڵێسا لەکاروبارە کۆمەڵایەتیەکاندا لەگەڵ شێوازی کاری کڵێسا لەمەڕ دانی پلەی ئۆسقوفی بە پیاو ماقوڵە بەهێزەکانی ناوچەکان، بەهێز دەبوو، ئەم پەیوەندیە لەگەڵ کۆمەڵەی نەجیب زادەکان بۆ کڵێساش باش بوو. چونکە ئەم بنەماڵە دەوڵەمەندانە بەزۆری بەشێك لەپارەو سامانەکەی خۆیان بۆ دامەزران بەپلەی ئوسقوفی بەکڵێسا دەدا، هەر ئەو کارە . کڕین و فرۆشتنی پلەو پێگەکان لە کڵێسا، یەکێك لە هۆیەکانی فەسادی ئیداری

بوو كە پڕۆتستانەكان بڕیاری نەهێشتنیاندا. نزیكەی ساڵی 1300ی زاینی, كڵێسا گەورەترین موڵكداری ئەوروپا بوو . بۆ داهات و خەرجیەكانی , سیستەمێكی ئاڵۆز و كاریگەریەكی دارایی دانابوو. لە واقیعدا كڵێسا دەوڵەتێكی گەورە بوو, كەسایەتی خۆی بەسەر هەموو دەوڵەتە گچكەكانی ناوچەكاندا سەپاندبوو. كڵێسا خوێندنگا و زانكۆكانی بەڕێوە دەبرد و زۆربەی هونەرەكانی خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سەرباریش كڵێسا بەگوتەی یەكێك لە مێژوونوسان خۆی وەك دادگایەكی نێودەوڵەتی ناساندبوو كە دەبوایە هەموو دادوەرو دەوڵەتەكان لەڕووی ئاكاریەوە لەبەرانبەری وەرام دەرەوەبن.

## ڕینیسانس

➢ هەروەها لەم سەردەمەدا, بزوتنەوەیەكی نوێی ئەقلانی سەرەتا لە ئیتالیا و پاشان لەسەرانسەری ئەوروپا پەیدا بوو , لەوپەڕی ڕێنیسانسدا . كەسانی سەرسەخت و داهێنەر لەهەر بوارێك , سنوورەكانی ئەو شتانەیان فراوان كرد كە تا ئەودەم ناسراوو مایەی قبولْ بوون. زاناكان بەلێكۆڵینەوەی سەرچاوە كۆنەكانی یۆنانی و لاتین, بیرۆكەو تیۆری نوێیان پێشكەش كرد كە چەندان سەدەبوو نەناسراوبوون. ئەوان لەسەر بنچینەی بیری پێشوو. تیۆری نوێیان خوڵقاند كە بەناوی مرۆڤدۆستانی مەسیحی ناسراوبوون. لەو باوەڕەدابوون





مەسیحیەت لەڕەگ و ڕیشە دروستەكانی خۆی جودا بۆتەوە .ئەوان كەوتنەگەڕان بەدوای دەقی ڕەسەنی ئینجیل بەزمانەكانی عیبری و یۆنانی و هەروەها بەرهەمەكانی دیكەی پەیوەنددار بەسەرەتاكانی مەسیحیەت بەو ئومێدەی لەسەر بنچینەی ئەم سەرچاوە ڕەسەنانە. چالاكیەكیەكانی مایەی نارەزایی كڵێسا وەك سیمۆنی( فرۆشتنی پسوڵەكانی كڵێسا) , پلورالیزم( هەبوونی پسوڵەی جۆراوجۆر لەلایەن ئوسقوفەكان ) و بەرگەگرتنی قەشەی بەرتیل خۆرو نەزان. چاك بكەن. هەروەك مێژوو نوسێك لەمەڕ مرۆڤدۆستان دەڵێ (( تایبەتمەندی ئەوان پێش هەمووان لەباوەڕ بەتوانای ئەقلانیەتی مرۆڤ لە خوڵقاندنی پێشكەوتنە بنیادی و ئاكاریەكان دایە ))[5] , یەكێك لە دیارترین مرۆڤدۆستانی ڕێنیسانس. جیۆڤانی پیكۆ دیللا میرانولای ئیتالی , ئەم تیۆرییەی دەربڕی كەشێوازی فێربوون ودەركی واقیعی . خوێندن و پرسیاركردنە. نەئەوەی كەخۆمان بە فەلسەفەیەكی تایبەتی ببەستینەوە . (( كەسانێ كە خۆیان بەیەكێك لە ڕێبازە فەلسەفیەكان بەستۆتەوە .لەكاتی ڕووبەڕووبونەوەی كە پرسیارێك. زانیاریەكانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە. بەلام من بڕیارم داوە سوێند بەگوتەی كەس نەخۆم , بیرم لەسەر بنچینەی تەواوی مامۆستایانی فەلسەفە دامەزرێنم , لەهەموو نوسینەكانی بكۆڵمەوە , لەهەموو ڕێبازەكان بگەم. هیچ كەس ناتوانێ ڕێگای فێربوونی خۆی بەشێوەیەكی دروست

هەڵبژێرێ. مەگەر ئەوەی کە لەسەرەتادا ئاشنای هەموو زانیاریەکان بووبێ ))6.

ئەم سەربەخۆییە فیکریە نوێیە بەگۆڕینی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوە ئاینیەکان هاوکات بوو. پەیوەندی نزیکی نێوان گروپی پیاوماقوڵان و فەرمانڕەوایی کڵێسا. فەسادو بەرتیل خۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو, چونکە بنەماڵەی پیاوماقوڵان کە خەرجی ئوسقوفەکانیان دەدا. چاوەڕوانی ئیمتیازی تایبەتیان دەکرد. لەسەرەتای سەدەی چواردەهەم کاردینالێک لەمەر بایەخ نەدانی لێپرسراوانی باڵای کڵێسا بەپێڕەوەکانیان,وای ووت(( ئەم ڕۆژانە هەموویان ( ئوسقوفەکان ) ژمارەیەکی کەمیان نەبێت, ڕانەکانیان بەرەو پاوانەکان ڕێنوێنی دەکەن . مەسەلەی مایەی سەرنج ئەوەیە هەموویان تەنیا بیر لەبڕینەوەی خوری پەزەکان دەکەنەوە ))7.

## بۆچی لۆسەر؟ (( 1483– 1546))

- بۆچی ئەو گۆڕانکاریە سەرسووڕهێنەرانە دوا بەدوای قسەکانی مارتن لۆسەر ڕوویدا؟ کەسانی تر وەک ویکلیف و هۆس لەسەدەی سێزدە و چواردە قسەی لەم جۆرەیان کردبوو. بەڵام قەت بیروباوەڕیان ئەوەندە بایەخی پێنەدرابوو.





ئەگەر قەرار بوو کەسێك لەکاتێکی گونجاو و لە شوێنێکی گونجاودا هەڵکەوێ . ئەوە مارتین لۆسەر بوو , خەڵکی ئەڵمانیای سەدەی شازدەهەم تاکگەراییان بەبەهایەك دەزانی, ئەوان زۆریان حەز لێبوو گوێ لە قسەی کەسێك بگرن کە لە ئازادبوونیان لەدەسەڵاتی شایەکی بێگانە((( پاپا ) دەدوێ . لۆسەر لەمەڕ وەدەست خستنی ژیانی مەعنەوی بەزمانێکی ڕەوان و بەزمانی ئەڵمانی لەگەڵیان دەدوا و دەیویست ئەوان خۆیان لێکدەرەوەی ئینجیل بن, بەشێوەیەکی سادە ئەو فەلسەفەکەی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕی (( هەر کەسێك دەبێ قەشەی خۆی بێ ))8. دەسەڵاتی باوەڕی لۆسەر توانای قسەکردن و کەسایەتیە بەهێزەکەی ئەو هۆکارانە بوون کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاریەکان ........ ڕیفۆرم دەستی پێکردبوو, بەڵام ڕێگایەکی دوورودرێژی لەبەردەمدا بوو.

* * *

* *

*

# ڕیفۆرم لە بەریتانیا

➢ لەبەریتانیا ڕیفۆرم ڕەوتێکی جیاوازی گرت, گەلێ ڕووناکبیری ئینگلیزی بەلایەنی کەمەوە هەندێ دیدوبۆچوونی مارتین لۆسەریان بەدڵ بوو. بەڵام زۆربەی خەڵکی کە نەیاندەزانی بەلاتینی یان بەئەڵمانی بخوێننەوە, ئەوەندە نەکەوتنە بەر کاریگەری ئەو دیدوبۆچونانەی لە

( ویتنبرگ) ئەو شارەی کە مارتین لۆسەری لێ دەژیاو بانگەوازی بۆ ڕیفۆرم دەکرد دەردەچوون. لەبەرانبەر بڕیار لەسەر جودایی لەزنجیرە پلەوپایەی کڵێسای کاسۆلیك لەلایەن کەسێك, تەنیا بۆ مەسەلەی شەخصی و سیاسی درا. ئەمە پرسیارێکی سادە بوو :کێ بەرپرسی کڵێسای کاسۆلیکە , پاپا یان شا؟

شا هێنری هەشتەم , پیاوێکی زیرەك و بەگوڕ, یەکێك لە بەناوبانگترین شاکانی ڕۆژگار بوو و ڕەعیەتەکانی زۆریان خۆش دەویست, ئەو لەبەرئەوەی کوڕی نەبوو کە جێگەی بگرێتەوە بۆیە بیری لە ژنهێنانێکی دی دەکردەوە بەڵام یاساو ڕێساکانی کڵێسای کاسۆلیکی ئەو کاتە ڕێگەیان پێنەئەدا

(( باوەڕ وابوو کە جودایی ژن و مێردی تەعمیدکراو, نەکردەیە و تەنیا مردن دەتوانێ ئەوان لێك جودا بکاتەوە )) ,9 بۆیە داواکاریەکی نارد بۆ پاپا لە ڕۆما بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە و





ڕازی نەبوو لەسەر ژنهێنانی دووەمی , هێنریش بەتەواوی قەناعەتی پەیداکردبوو کە نابێ هیچ کەسێ هەتا پاپاش بتوانێ فەرمانی بەسەردا بکات , ئەو بەتووندی لەوباوەڕەدا بوو کە بەپشت بەستن بە ( هەقانیەتی خودایی ) تەختی شایەتی پاراستوە, لەبەر هەندێ , هیچ کەس. هەتا کەسێك کەوەك نوێنەری سەرەکی خواوەند لەسەر زەوی ناسرابوو, نەیدەتوانی چاو بەبڕیارەکانیدا بگێڕێتەوە . هێنری دەیویست تائەوکاتە مل بۆ دەسەڵاتەکانی پاپا کەچ بکا کەلەبەرژەوەندی خۆیدابێ و ئێستا وادەهاتە بەرچاو ئیدی کارێکی لەم جۆرە پێویست نیە .هێنری وای ووت:

(( هەتا ئەگەر پایەی پیرۆزی پاپا خراپترین کار بەتەکفیری من و کەسانی دیکە بکا, لەلای من هیچ بایەخێکی نیە . چونکە تەکفیرێکی ئەو نرخی نیە. ایگەڕێ لەڕۆما کاری خۆی بکا, منیش ئەوەی باوەڕم پێی هەیە باشترە لێرە ئەنجامی بدەم)).10

بەم شێوەیە هێنری لەهەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەی , ئەوەبوو لەساڵی 1529دا ئەنجومەنی ئوسقوفەکانی کۆکردەوە و قەناعەتی پێکردن کە چەند بڕیارێك دەربکات و تیایدا دەسەڵاتی کڵێسا لەبەریتانیادا کەم بکاتەوە .جارێکی تر لەژێر فشارەکانی هێنریدا ئەنجومەن لەساڵی 1531دا کۆبۆوە و بڕیاری دا کە هەموو پیاوە ئاینیەکانی بەریتانیا بخاتە بەر حوکمی قانون و دادگاییان بکات.دوابەدوای ئەمەش و لەساڵی 1532دا پیاوە ئاینیەکان

بەوە ڕازی بوون کە بەبێ ڕەزامەندی و مۆڵەتی شا هیچ یاسایەکی ئاینی یان بڕیاری پەیوەست بەبەڕێوەبەرایەتی کڵێسا دەرنەکەن, ئەوان هەروەها ئەوەشیان قبوڵکرد کە هەموو یاسا شەرعیەکان لەلایەن لیژنەیەکەوە کەلەلایەن شاوە دادەمەزرێ, قابیلی گۆڕینە و ئەم لیژنەیە بتوانێ هەموو ئەو یاسایانەی باوەڕی وایە (( لەپێگەی یاسایی خودایی و حکومەتی ( هێنری ) دا نین هەڵبوەشێتەوە )) لەم ڕێکەوتننامەیەدا کە بەملکەچی پیاوە ئاینیەکان ناسراوە گوتراوە :

(( ئێمە هیچ و پووچترین پێڕەوانی ئێوە..بەمتمانە و دڵنیاییەکی تایبەتی کە لەمەڕ هۆش و زیرەکی باڵاو شایستەی شاهانەی ئێوە هەمانە. و هەروەها ئەو متمانەیەی بەزانستی ئێوەمان هەیە. گەلێ لەتوانای حوکمی باڵاترە.زانستی تەواوی ئەو شاو شازادانەیە کە دەربارەیان دەزانین..لەسەرەتادا لەبەردەم خاوەن شکۆ سوێند دەخۆین و هەستی بچووکی خۆمان ڕادەگەیەنین ئێمە لەمەبەدوا..هیچ یاسایەکی شەرع یان یاسای بنچینەیی یان هەر حوکمێکی دیکە دەرناکەین. مەگەر ئەوانە نەبن کە ئێوە بەڕەزامەندی شاهانەی خۆتان.مۆڵەتمان بدەی کۆببینەوە ..و بەم شێوەیە ڕەزامەندی شاهانە و دەسەڵاتی خۆت نیشان بدەی )).11

هەروەها لەساڵی 1534دا ئەنجومەن کۆبۆوە و بەدانانی پێنج یاسا, کڵێسای ئینگلیستانی لە کڵێسای ژێر دەسەڵاتی ڕۆما





جوداکردەوە . بەهەمان شێوە و لەهەمان ساڵدا شا هێنری یاسایەکی تری دەرکرد و بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوەدا کە (( شا بەرزترین پلەی کڵێسای ئینگلیزستانە و دەبێ هەرواش بێ )).12

## ڕیفۆرمخوازان دەبنە پڕۆتستان

- خەڵکی ئینگلیزستان داخوازی هاوڕێیەتی شا هێنری بوون لەمەسەلەی جودابونەوە لە کڵێسای ڕۆما تا دەسەڵاتێکی ناوخۆیی زۆرتریان دەست بکەوێ ,, لەووڵاتی ئەڵمانیا, جووتیاران و شازادەکان ڕیفۆرمە ئاینیە نوێکانیان بەڕێگایەك بۆ زیاترکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەزانی.

## پڕۆتستانەکان

- لەساڵی 1529 دا ئەڵمانیا لەنێوان ئەو حوکمڕانانەی پشتگیریان لە ئیمپڕاتۆری پیرۆزی ڕۆما و کڵێسای کاسۆلیك دەکرد و ئەوانەی داکۆکیکاری ڕیفۆرم بوون بەش ببوو. لەوساڵەدا ئیمپراتۆر هەمووانی بۆ کۆبونەوەیەك لەشاری (( سپێر )) ی ئەڵمانیا بانگ کرد تامەسەلەکە یەکلا بکاتەوە. ئەنجومەن حوکمێکی دەرکرد تیایدا مۆڵەتی بەکڵێساکانی لۆسەری دەدا تا لەوناوچانەی میرێکی لۆسەری هەیە .

خەریکی ئیشوکاری خۆی بێ , بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویست بوو مۆڵەت بە کڵێسای کاسۆلیکیش بدرێ کارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن. هاوکات لەویلایەتە کاسۆلیکەکان کە زۆربەی دانیشتوان بوون کڵێسا لۆسەریەکان بەتەواوی نایاسایی ناسران. شەش میری لۆسەری و چواردە شاری ئازادی پاشایەتی لە ناڕەزاییەکی ڕەسمیدا(( پڕۆتێست Protest )) یان ڕاگەیاند کە ئەوان ناتوانن بەحوکمی ویژدان و بەرژەوەندی, ئەم حوکمە قبوڵ بکەن. بەپێی وشەی پڕۆتێست( ناڕەزایی ) هەرکەسێك دژی کڵێسای کاسۆلیك ڕاوەستا. بە پڕۆتستان لەقەڵەم دەدرا. ئیمپڕاتۆر شارلی پێنجەم ئەم ناڕەزاییەی پشتگوێ خست و هەرگیز حوکمەکەی بەجدی جێبەجێنەکرد. ئەو ئەوەندەی خەریکی شەڕکردن لەگەڵ فەڕەنسە بوو ئەوەندە نیگەرانی پڕۆتستان نەبوو.شارلی پێنجەم بەئومێد بوو و چاوەڕوان بوو ئەنجومەنێك لە ئوسقوفەکان لە کۆتاییدا, هەمووئاژاوە ئاینییەکان یەکلابکاتەوە. لەم میانەدا. ناوچە پڕۆتستانەکان درێژەیان بەڕیفۆرمەکانی خۆیان دەدا.

*　　*　　*

*　　*

*





## یەکێتی شمالکالدۆنی

➢ لەساڵی 1531دا میرە پڕۆتستانەکان و شارەکانی پڕۆتستانشین(( بڕیاریاندا لەبەرانبەر ئیمپراتۆر و ئیمپریالیستە کاسۆلیکەکان ڕاوەستن )) بەهۆی ئەوەی میر و نوێنەرانی ئەم شارانە لەشاری شمالکالدۆن خەریکی گفتوگۆ بوون, ئەم کۆبونەوەیە بەیەکێتی شمالکالدۆنی ناسرا. یەکێتیەك کەبوە هێزێکی بەهێزی سیاسی .ئەگەرچی بنچینەی ئەم یەکێتیە. بەئاینی دەردەکەوێ. بەڵام هەروەك ( ئوین چادویك) ی مێژوونوس دەنوسێ (( بەزۆری دیار نەبوو کە ئەم یەکێتیە لەبەرانبەر کاسۆلیکەکان پشتیوانی لە پڕۆتستانتەکان دەکا , یان لەدژی ئیمپراتۆر داکۆکی لەمافی میرەکان دەکا))[13] هەروەها داکۆکیکاری مەزهەبی کاسۆلیکە یان حکومەتی ئیمپڕاتۆرە, بەهەر حاڵ لەگەڵ زیاتربوونی پشتیوانی سیاسی لەگەڵ ئەو ئارامی و ئازادیەی لەگەڵ خۆی هێنای . دروست بوونی کڵێسای پڕۆتستانی لێکەوتەوە .وەك سەدەی چوارەم لەگەڵ گۆڕانی مەزهەبی ئیمپراتۆر کونستانتین, مەسیحیەت لەکونە تاریکەکان هاتنە دەرێ و چووە ناو ژیانی خەڵکی, لۆسەریزم و شێوەکانی دیکەی پڕۆتستانیزمیش,کاتێ ڕێبەرە سیاسیەکانی مەزهەبە نوێکانیان قبوڵکرد. پتەوتربوون.

## ڕیفۆرم له سویسرا

➢ لەو میانەدا لەبەشەکانی تری ئەوروپا.ڕیفۆرمەکان بەرەوتی لێك جودا دەچوونە پێش .دوو بزاڤی بەهێز لە سویسرا دەستیان پێکرد , لە وولاٚتێکدا کەلەو سەردەمەیشدا وەك ئێستا یەکێك لەسەربەخۆترین ناوچەکانی ئەوروپا بوو. شارەکانی سویسرا لەکۆنەوە تا ئێستا خۆبەخۆ خۆیان بەڕێوە بردووە ولەیەکێتیەکی سستدا بەسیٚ زمانی ڕەسمی ئەڵمانی و فەرەنسایی و ئیتالیایی پێکەوە پەیوەستن . ئەم یەکێتیە لە ئیدارەیەکی بیست ودوو یەکە بەناوی ( کانتۆن ) پێك هاتوە و کە شتێکە لە هەرێم دەچیٚ . سەربەخۆیییە سیاسی و کولتوریەکەی سویسرا, ئەم ولاٚتەی کردە شوێنی لەدایك بوونێکی سروشتی بزوتنەوەیەکی نوێی ئاینی .بەپێی قسەی مێژوونوسێك(( بەهۆی دڵسۆزیەکی زۆریان بۆ حوکمی ناوخۆ و کۆنفیدراسیۆن, سویسریەکان مەیلیان بۆ فەرمانڕەوایی پاپا لەمەسەلەکانی ئایین نەدەچوو))14 لە واقیعدا . مرۆڤدۆستی ڕینیسانس بەشێوەیەکی پتەو لە سویسرا خوڵقابوو, پێگەیەکی بۆ ئیراسمۆس و زانا مرۆڤدۆستەکانی دیکە خوڵقاندبوو.خوێندکارانی زانکۆکانی سویسرا کتێبی پیرۆزیان دەخوێندەوە .بەدوای سەرچاوە ڕەسەنەکانی دا دەگەڕان و هەوڵیان بۆ باشتر کردنی وەرگێڕەکانی دەدا. یەکەمین ڕیفۆرمیستی گەورەی سویسری ئۆلریش تسوینگلی بوو کە تەنیا چەند هەفتەیەك لە مارتین لۆسەر گەنجتربوو .





تسوینگلی کە ئاگاداری چالاکیەکانی لۆسەربوو لەسەرەتای ساڵی 1520 دا کەوتە چالاکی . ئەو لەشاری ئەڵمانی زمانی زوریخدا دەژیا . تسوینگلی وەك قەشەیەك ڕوونکردنەوەکانی خۆی دەربارەی کتێبی پیرۆز دەردەبڕی و ڕەخنەی لەکاری وەك فرۆشتنی پسووڵەی لێبوردن و فرۆشتنی پلەوپێگەی پیاوە ئاینیەکان دەگرت . هەروەها قسەی لە دان پێدانانی تایبەتی . ڕەبەنی ,ڕۆژو گرتن و بوونی هونەر و مۆسیقا لەکڵێسا دەکرد و دەیگوت کەهیچ کام لەم کارانە لەکتێبی پیرۆزدا نەنوسراون و لە بەرهەندیٚ نابیٚ وەك بەشێك لە ڕیٚ وڕەسمی مەسیحیەت بناسرێن. تسوینگلی و لۆسەر و هاوڕیٚ لەگەڵ گەڵیٚ پرۆتستانی تر کە دواتر هاتن , لەو باوەڕەدا بوون کارو کردەوەکانی مەسیحیەت تەنیا دەبێت لەسەر بنچینەی کتێبی پیرۆز ڕۆنرابوون. بەلاٚم کڵێسای کاسۆلیك هەر لەکۆنەوە باوەڕی وابوو کە مەسیحیەت هەم لەسەر بنچینەی کتێبی پیرۆز و هەم لەسەر بنچینەی ڕەوتی سونەتە.

ئەنجومەنی زوریخ ئەنجامە هەڵێنجراوەکانی تسوینگلی قبوڵکرد و فەرمانی بە قەشەکانی زوریخ کرد(( تەنیا دەربارەی ئەو بابەتانە بدوێن کە لەکتێبی پیرۆزدا نوسراون)) ئەم ئەنجومەنە ڕێگەی بە تسوینگلی دا لە ڕێوڕەسمی خواپەرستیشدا کە هەر شتێك بەپێویست دەزانیٚ چاك بکا. هەربۆیە گەلێك لە قەشەکان زەواجیان کردو زمانی خۆیان بەکار دەهێنا لەڕێوڕەسمەکاندا و هەروەها ڕیفۆرم بینای

کڵێسەکانیشی گرتەوە بەوەی کە تابلۆ و پەیکەر و خاچ و مۆمەکان و کەرەسەکانی تری ڕازانەوەی کڵێسکانیان لابردو شکاندنیان.و کڵێساکان خرانە ژێر چاودێریەوە و هەندێکیان داخران و هەندێکی تریان کرانە خوێندنگە , بەم شێوەیە بیروڕاکانی تسوینگلی لە ناوچەکانی تری سویسراشدا بڵاوبۆوە و پەلیشی هاویشت بۆ هەندێ ناوچەی ئەڵمانیاش هەرچەندە لەگەڵ هەندێ بیروڕای لۆسەریشدا جیاوازیش بوون.

## ئانابا پتیستەکان

➢ جۆریکی دیکەی پرۆتستانیزم لەسویسرا دەستی پێکردو بەخێرایی بەرەو ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا کشا. دوای یاخی بوونی جووتیاران لەسالآنی 1524–1525 چەندان کۆمەڵ خەڵکی دەستیان بەخوێندنەوەی ئینجیل کرد و شێوازی خۆیان لەمەڕ ئایین خوڵقاند. ئەمانە پاشان بە ئاناباپتیستەکان(( ana = دووبارە , baptist=تەعمیدکار) ناسران, چونکە ئەوان باوەڕیان بەتعمیدی گەورەکان هەبوو.و بە پێویستیان دەزانی وێڕای ئەوەی بەمنداڵی تەعمیدکرابوون,جارێکی تر تەعمیدبکرێنەوە .

تووندڕەوترین ئەناباپتیستەکان باوەڕیان بەشێوازی کۆمۆنیستی ژیان هەبوو,ئەوان دەیانویست ڕێگای مەسیحیەکانی سەرەتا بگرن و بەشێوەیەکی هاوبەش کەل و پەل و خانوو بەکاربهێنن.هەروەها لەوباوەڕەدا بوون کڵێسا





لەکاروباری دنیایی جودایە و حوکمڕانانی مەدەنی ( پاشا و شازادە و سەرۆك دەزگاکان و هی تر ) ناتوانن هاوکات فەرمانڕەوای ئاینیش بن ,ئەوان بەهۆی ئەم باوەڕەوە, نەتەنیا خۆیان لەبەرانبەر کڵێسای کاسۆلیك ,بەڵکو لەبەرانبەر مەزهەبە نوێکانی پرۆتستان بیذیەوە . لۆسەریەکان,کڵێسای ڕیفۆرم کراووکڵێسای ئینگلیزستان کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ فەرمانڕەوا سیاسیەکان دروست دەکرد. ئاناباپتیستەکانیان بەبێگانە. توندڕەو و بیدعەتکار و ترسناك دەزانی .

## کالڤین

➢ بەدرێژایی دەیەی دوای ساڵی 1530 , زانایەکی ئیلاهی و ڕیفۆرمیستێکی گەورەی دیکە لە سویسرا, ئەم جارە لەشاری فەڕەنسایی زمانی جنێڤ دەرکەوت . جۆن کالڤین لە فەڕەنسا لەدایك ببوو.و لە زانکۆی پاریس خوێندبوی. لەساڵی 1536دا کتێبێکی بەناوی سەرەتاکانی ئاینی مەسیحی بڵاوکردەوە و بەیەکێك لەگرنگترین کتێبی سەردەمی ڕیفۆرم بوو. کالڤینیزم دەسەلآتێکی گەورەی بەدەستهێنا و سیستەمی ئیداری بەشێوەی حکومەتی پیاوە ئاینیەکان دروستکرد. خودی کالڤین بۆ ماوەی 20 ساڵ شاری ( جنێڤی) بەڕێوەبرد, ئەو یاسای جێبەجێکردنی خوڵقاند ولەوە سووربوو بەووردی لەبەرچاوبگیرێن. قومار ,تاوڵە .سەما قەدەغەبوو.هەرکەس دەبوو لەهەفتەیەکدا

لە پێنج ڕێوڕەسمی  وەعزدا بەشداری بکا.جل و بەرگو قژتاشین کۆنترۆڵ کرابوو.هەموو کەسەکان ملکەچی پاپا بوون , هیچ هەڵاوێردیەك لەسەر بنچینەی پێگەی کۆمەڵایەتی نەبوو. پیاوە ئاینیەکان و ڕیش سپییەکان سەریان لەماڵە کانیان دەدا تا ئاگایان لەباری ڕێوڕەسمی خواپەرستی ئەوان بێ .

کالڤینیزم لە فەڕانسە, بوهیمیا,پۆڵەندا, خوارووی فەڕەنسە, هۆڵەندا, و سکۆتلەندا بڵاوبۆوە.

## ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەبوو لەسەر پرۆسەی ڕیفۆرم و بەشداریان تێدا کرد

1. دۆزینەوەی کیشوەرەکانی ئەمریکای باکور و باشور کە بەدونیای نوێ دەدەنران و بوەمایەی کۆچکردنی زۆرێك لە ئەوروپاییەکان بۆ ئەو دووکیشوەرە و دۆزینەوەی زیاتری جێگەکان و شارەزابوون بە کەلتورو دابو نەریتێکی نوێ لە ژیان و کەلتوری ئەوروپایی .
2. پیشەسازی چاپ

کەلەساڵی 1454وە لەلایەن ( یبۆهان گۆتەنبێرگ ))ی ئەڵمانیەوە کە خەڵکی ماینتس بوو دۆزرایەوە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر بڵاوبونەوە و چاپکردنی کتێبی پیرۆزو بەژمارەیەکی زۆر و بەزمانی جیاواز کەوای کرد هەموو کەس





بتوانێت بەزمانی خۆی ئینجیل بخوێنێتەوە و هەریەکە لە ڕیفۆرمخوازان و کاسۆلیکەکانیش بیر وباوەڕو ئامۆژگاریەکانی خۆیان چاپ و بڵاوبکەنەوە .

3. شار و بانکداری

هێنانی زێڕ ز زیو لە ئەمریکا و ڕەواج پەیداکردنی بازرگانی لەسەرانسەری دنیادا پێشکەوتنی ڕەوتێکی بنچینەیی دیکەی لێکەوتەوە. بانکداری. ئەوروپا لە ئابوریەك کە زۆرتر لەسەر بنچینەی کشتوکاڵ بوو.بەسەوداو مامەڵە چالاکی ئەنجام دەدا ,بووە ئابوریەکی سەرمایەداری, واتە سوود وەرگرتن لە سەرمایە ( پارە ) بۆ پەیداکردنی پارەیەکی زۆرتر .لەم سەردەمەدا توانای قەرەبووکردنەوەی هەقی داوودەرمان و ئاوریشم کە لەئاسیاوە دەهات بەکەل و پەل نەبوو. لەبەر هەندێ زیادەکەیان بەزێڕ و زیو دەدا. لەگەڵ زۆرتر بوونی قەبارەی ئاڵوگۆڕ. چەند ڕێگایەکی زۆرتر بۆ سوود وەرگرتن لەپارە دەرکەوتن .ئاڵوگۆڕی بە سەنەد, متمانەی بانکی. بەرات (چەك ) هەمووی وەك ڕێگا بۆ گواستنەوەی پارەیەکی زۆر بەبێ هەڵگرتنی بڕێکی زۆری زێڕ وزیو پەیدا بوون . هەموو ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە, لەلایەن بانکداران کەگروپێکی تازەی بازرگانان بوون. ئەنجام دەدرا, بەناوبانگترین بانکدارانی

ڕیفۆرم لە بنەماڵەی ( فوگەر ) بوون کە بەدانی قەرز بە ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم. دەوڵەمەند بوون.

4. هونەر

بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕینیسانس , هونەر ,ئەدەبیات و پەروەردە و فێرکردن تەقریبەن تەنیا لەلایەن کڵێساوە پشتگیری دەکرا. ڕیفۆرم بەشێوەیەکی کاتیبوە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمی هونەری , بەهۆی ڕەتکردنەوەی کڵێسای ڕیفۆرمی تسوینگلی بۆ هەموو جۆرەکانی هونەرو مۆسیقا لە کڵێساکاندا بەلام لۆسەر و کالڤین مەیلیان بەقبوڵکردنی هونەری کڵێسایی هەبوو.

5. مۆسیقا

مۆسیقاش لەسەردەمی ڕیفۆرمدا گۆڕانی بەسەردا هات و پرۆتستانتەکان لەکڵێساکاندا مۆسیقاو گۆرانیان بەزمانی خۆیان دەووت . نەك وەك پێشتر تەنهابەزمانی لاتینی دەوترا .

6. خوێندنگاکان

تاسەردەمی ڕیفۆرم خوێندنگاکان تەنیا بۆ فێرکردنی قەشەکان تەرخانکرابوون. لۆسەر بەزوویی تێگەیشتبوو , ڕیفۆرمخوازەکان دەبێ بۆ خۆیان خوێندنگای خۆیان دامەزرێنن تا جێگای ئەو دەزگایانە بگرنەوە کەلەلایەن کڵێساوە بەرێوەدەبرێن زۆریش لەوە نارەحەت بوو کە میرو ڕێبەرانی لۆسەر پەلەیان لەم کارە نەدەکرد .

7. زانست





سەردەمی ڕیفۆرم, هەروەها سەردەمی شۆڕشی زانست بوو, کاتێ ( نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس) بۆ یەکەمین جار ڕایگەیاند زەوی بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە , تیوری خۆری ناوەندی , زۆر نەبوە مایەی سەرنج ڕکێشان .لەلایەن هەردوولاوە کاسۆلیکەکان و پرۆتستانتەکانیش.

8. ژن

لەسەدەی شازدەهەمدا ژنان و پێگەیان, لەهەر هۆکارێکی دیکە زیاتر وابەستەی پێگە کۆمەڵایەتیەکەی بوو. ژنانی ئەوروپایی ڕۆڵی ئاسایی دایك و کابان و یاریدەدەری مێردەکانیان دەگێڕا. ژنانی شارنشین لەخوشکەکانی لادێیان شانسی خوێندەواریان زیاتر بوو.بەلام زۆریش نەبوو. ڕیفۆرمیستەکان لەمەسەلەی داننان بەپرەنسیپێك بۆ ژنان دوودڵ بوون و بڕوایان وابوو کە ژنان دەبێت تەنها لەناو چوارچێوەی ماڵ و منداڵ بەخوێکردن دەرنەچن و لۆسەر بڕوای وابوو کاری قەشەیی تەنها بۆ پیاوان کراوە کە ئەوان بەتوانان بۆ ئەم پیشەیە نەك ژنان . لەگەڵ ئەمانەشدا گەلێك ژن ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە ڕیفۆرمدا لەوانە

(( مارگرێت دو ئانگولم) خوشکی شا فڕانسوای یەکەم کە پرۆتستان بوو هەروەها کچەکەی ( ژن دالبرت ) شاژنی نڤار, هەروەها ژنان کاتێك نێوان کاسۆلیك و پرۆتستان توندوتیژی تێکەوت و ژنانیش لەپێناو ئامانجەکانیاندا شەهید بوون و

گیانیان سپارد. بەڵام تا سەدەی بیستەم هیچ ژنێك پلەی قەشەیی لە كڵێسای ئینگلیزستاندا بەدەست نەهێنا و بەڕێژەیەكی زۆركەمیش بەشداری مەراسیمە ئاینیەكانی كڵێسای پرۆتستانتی دەركردو ریفۆرم پێگەی كۆمەڵایەتی ژنانی زۆر نەگۆڕی .

## توندو تیژی نیوان پرۆتستانەكان لەلایەك و كاسۆلیكەكانیش لەلایەكی ترەوە

➢ لەئەنجامی ململانێی هەردوو باڵی پرۆتستان وەك ریفۆرمخوازان و كاسۆلیكەكان شەڕو كوشتار و توندو تیژی زۆر ڕوویدا لەئەڵمانیا و سویسراو فەرەنساو ئینگلیزستان و ...هتد لەلایەك لەنێوان باڵەكانی پرۆتستاندا خۆیان وەك باڵی توندڕەوی توسینگلی و باڵی لۆسەریەكان و لەنێوان پرۆتستان و كاسۆلیكەكانیشدا . بەهەزاران لایەنگری هەردوولا كوژران و بەدڕندەترین شێواز ئازاری جەستەیی دەدران و دەسوتێنران و ماڵ و سەروەت و سامانیان بەتالآن دەبران , هەریەكەیان خۆی بەڕاست و لەسەر هەق دادەناو بەرامبەرەكەی بە مایە پووچ و هەڵەو بیدعەتكار دەزانی .





## وەرامی كاسۆلیكەكان بۆ ریفۆرمیستەكان

➢ دوای ئەوەی كڵێسای كاسۆلیك بە درێژایی 1500ساڵ گەلێك كاری ریفۆرمی تیادا ئەنجام درابوو وە سەرەڕای ئەوەی كە تۆمەتی زۆریشیان دەلكان بە تسوینگلی و لۆسەر و ریفۆرمیستەكانی تریشەوە بەڵام لەئەنجامدا كڵێسای كاسۆلیك گەیشتە ئەو باوەڕەی كە پێویست دەكات چەند رێوشوێنێك بگرێتە بەر وەك ورامدانەوەیەك بۆ ریفۆرمیستەكان , لەناو كڵێسای كاسۆلیكدا لە كۆتایی سەدەی پازدەهەم و سەرەتای سەدەی شازدەهەم گروپێكی ریفۆرمیستی پەیدا بوو كە بڕیاریاندا لەناو كڵێسادا كڵێسایەكی باشتر بخوڵقێنن و لەو باوەڕەدا بوون كە ریفۆرم هەروەك فیلیپ هۆگز دەڵێ:

(( ریفۆرم تەنهاخۆدروستكردنەوەیە ))[15] بەناوی (( تیاتین )) كە لەناوی یەكێك لە دامەزرێنەراكانیانەوە وەریان گرتبوو. ئەم گروپە لەساڵی 1523 دا دەستیان كرد بەچالاكیەكانیان لەسەر شەقامەكانی ئیتالیادا و خەریكی وەعزدادانی خەڵكی بوون . ئەم قەشانە بەهۆی دڵسۆزیان بۆ ئەركەكانیان ناوبانگیان دەركرد و لەماوەی سەد ساڵی دواتردا زیاتر لە دووسەد كەسیان بوونە ئەو ئۆسقوفانەی كە باوەڕیان بەریفۆرم هەبوو .

هەر لەم سەردەمەدا گروپێكی تر بەڵام ژنان بەناوی (ئۆرسولین) دەركەوتن بۆ فێركردنی كیژان و بەتایبەتیش هەژارەكان, ئەم

ناوەشیان لە ناوی ( ست ئۆرسولاوە ) وەرگرتبوو, ئەم گروپە گەیشتنە فەڕەنساو چالاکیان گەورەتر بوو ودەسەلأتێکی بەهێزیشان پەیدا کرد .

هەر لەساڵە 1520دا گروپێکی دیکە پەیدا بوو لە ئیتالیا بەڕابەرایەتی ( ماتیۆ داباسی ) کە پیاوێکی گەنج بوو بەیاریدەدانی هاوەڵەکانی توانیان کاری زۆر گەورە ئەنجام بدەن لە وەعزدادان و هاوکاری هەژاران و بێنەوایان و مەبەستیان بوو کە فەرانسیسیەکان بگێڕنەوە سەر ئامانجی دامەزرێنەرەکەیان( سان فرانسیس ئاسیزی ) ئەمانە جلوبەرگێکی قاوەیی زبر و کلأوێکی چوار نوکیان لەسەر دەناو ڕیشیان درێژبوو . ئەم گروپە بەناوی ئەو کلأوەوە ناسرا کە لە ئیتایا پێیان دەوت (( کاپوتچو)) یان کاپوسین

بەهەمان شێوە گروپێکی تر بەناوی (( یەسوعیەکانەوە ) دامەزران کە گروپێکی گرنگ بوون لەسەدەی شازدەهەم , بەڕابەرایەتی ( ئیگناتیۆس ئەی لۆیۆلا) ی ئیسپانی کە لەساڵی 1534دا ڕێکخراوێکی ناڕەسمیان پێك هێنا ئەمانە ( کۆمەڵێکی هەڵبژاردە بوون و تەنیا بەهۆشترین و مولتەزیمترین و بەهێزترین و سەرنج ڕاکێشترین بوون لەڕووی کەسایەتیەوە و بەئیرادەترین کەسیشیان هەڵدەبژارد بۆ ئەندامێتی )) , ئەم گروپە چالاکیان بۆ دەرەوەی ئەورووپاش پەلی هاویشت و گەیشتنە ئەمریکا و هیند و چین و ژاپۆن و ئەفریقیاش . و لەناوئەورووپاشدا توانیان سەرکەوتن بەدەست





بهێنن و لە ئەڵمانیادا دوای دروستبوونی ئەمان چیدی پرۆتستان گەشەی نەکرد. ناوێکی تری گەشی ڕیفۆرمی کاسۆلیکی بریتی بوو لە قەشەی ( ترسای ئاڤێلایی ) کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەو پرۆسەیەدا.

(( ئەنجومەنی ترێنت )) ئەم ئەنجومەنەش بەبڕیاری پاپا پاولۆسی سێیەم دامەزرا لە ساڵی 1545 و تا ساڵی 1563 بیست و پێنج کۆبونەوەی ئەنجام داو کە بۆیان دەرکەوت چیدی ناتوانن پڕۆستانەکان بە ڕاوبۆچوونی خۆیان قایل بکەن چونکە پرۆستانەکانیش ببونە چەندین گروپ و باڵی جیاواز کە سەخت بوو هەمووانیان ڕازی بکەن بەبیرو ڕاکانیان ولەبەرئەوە بڕیاریاندا کە بیرو باوەڕەکانی ئەنجومەن بەڕەسمی ڕابگەیەنن و سووربوون لەسەر پابەند بوون بە کتێبی پیرۆز و سونەتەوەو لەسەر هەموو ئەو کێشە و بۆچونانەی کە مایەی گرفت بوون لەگەڵ پڕۆستانەکاندا بڕیارێکی مام ناوەندیان دا , بەلأم ئەمەش جێگەی ڕازیبونی لۆسەریەکان و کالڤینیەکان نەبوو هەربۆیە توندو تیژی کەوتە گفتوگۆکانی ئەنجومەنەوە بەڕادەیەك کە قەشەیەك ڕیشی قەشەیەکی تری ڕاکێشاو هەمووە لەبن دەرهێنا و کاتێك پاپا بەمەی زانی هەڕەشەی لێکردن و ووتی ئەگەر ئارام نەبنەوە هەندێ لە قەشەکان دەخەمە ناو ڕووبارەوە تائارنم دەبنەوە . لەئەنجامدا ئەم ئەنجومەنە توانی یەکێتیەك لەناو کڵێسای کاسۆلیکیدا دروست بکات و کڵێساش دوای ئەم ئەنجومەنە بەهێزتر بوو .

# ریفۆرم پەرە دەسێنێ

➢ لەسەدەی شازدە پرۆتستانیزم لەزۆربەی ناوچەکانی کیشوەری ئەوروپا بەتەواوی چەسپابوو, ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم لەساڵی 1555 دا بەدەرکردنی ئەم خاڵەی کەسازش هەردەبێ بکرێ , هەمووانی بۆ بەشداریکردن لەکۆبونەوەیەك لە ئاوگسبۆرگ بۆ ئاشتی نێوان میرە کاسۆلیك ولۆسەریەکانی ئەڵمانیا بانگ کرد . ئەوان ڕێکەوتن کە لەبابەتە ئاینیەکاندا دیودبۆچوونی ناکۆکیان هەبێ و بۆیەکلاکردنەوەی بابەتە سیاسیەکانیش کە بەرەنجامی جیاوازی ئاینی بوون. ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە.

لەهۆڵەندادا کە لەسەدەی شازدەدا لەژێر فەرمانڕەوای ئیسپانیادا بوو و بەبەهێزترین میلەتی کاسۆلیك دەژمێردرا و هاوکاتیش کەوتبوە ژێر نفوزی پرۆتستانتەوە . هۆڵەندیەکان وەك سویسریەکان لەڕووی مێژووییەوە خاوەنی بیروڕای سەربەخۆبوون و لەشارەکان دەژیان و سوودیان لە ئابوریەکی پتەوی بنیات نراو لەسەر مامەڵە و بانکداری وەردەگرت و لەساڵی 1560 لەهۆڵەندا دوو ئاڕاستەی جیاواز دروست بوون یەکێکیان پاڵپشتی لە دەسەلأتی پاشایەتی دەکردو لەگەورە کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان پێك هاتبون کە دەیانویست





دەسەلأتی ئیسپانیەکان کەم بکەنەوە و دووەمیشیان لایەنگری ڕێکەوتن بوون لەگەڵ پرۆتستانتەکاندا چونکە بە کردەوە ژمارەی ئەوان ڕوولەزیادبوون بوو دواتر بەهۆی توندو تیژی ململانێکانەوە هۆڵەندا بوە دووکەرتەوە باکوری پرۆتستان ( کالڤینیست ) و باشوری کاسۆلیکی و دواتر هۆڵەنداو بەلجیکای ئێستای لێدروست بوو. کالڤینیزم لە ڕۆژهەلأتی ئەوروپاو وبەتایبەتیش پۆڵەندا و هەنگاریاش لایەنگری بۆخۆی پەیداکرد. کالڤینیزم لەسکۆتلەندا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دوای ئەویش لە ئەمریکای باکوردا , پیاوە ئاینیەکانی ئینگلیکان لەسەدەی حەڤدە, کڵێسای ئوسقوفی پرۆتستانیان لەئەمریکا دامەزراندو لەساڵی 1973 دا وشەی ( پرۆتستان ) لەناوی ئەم کڵێسایە هەڵگیرا. لەباکوری سنوری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ کەنەدا . گروپێکی ئاینی کەلەکڵێسای ئینگلیستان جودابۆتەوە بەکڵێسای ئەنگلیکانی کەنەدا دەناسرێ دروست بوون . هەر لەم ماوەیەدا گروپێکی تری بەهێز پەیدا بوون بەناوی

(( پیورتانەکان ))کە گروپێکی ڕیفۆرمیستی دژە ئوسقوفیەکان بوون.ئەوان بەڕەسەن پرۆتستانی ئینگلیزی بوون کە دەیانویست کڵێسای ئینگلیزی پاك بکەنەوە و هەرشتێکی لەدیدی ئەواندا پاپایی یان کاسۆلیکی ڕۆمایی بێ لەناوببەن و باوەڕیان بە پڕانسیپی کالڤینیزم ( جەبر و ئیختیار ) هەبوو

تەئکیدیان لە فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز دەکردەوە . بەهەمان شێوە و لەئەنجامی قوڵبونەوەی ناکۆکیە فکریی و ئاینیەکان لەناو ڕیزەکانی پیورتانەکاندا لەسەر هەندێ بڕگە و بابەتی ناو کتێبی پیرۆز , چەندین گروپی سەربەخۆو توندڕەوی‌تر دروست بون و لەساڵی 1641دا نزیکەی 29 کۆمەڵەی سەربەخۆ ناونسکران و لە دوای 5 ساڵ ئەو کۆمەڵانە بوونە 180 کۆمەڵە .و گەورەترین و گرنگترینیان

(( باپتیستەکان و کۆیکرەکان )) بوون.و ئەم کۆمەڵەیە لەسەدەی حەڤدەهەمدا ژمارەیان زۆرتر بووو ڕوە و ئەمریکا کۆچیان کردو ئەمریکای باکوریان بەپەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان هەڵبژارد..

## ڕیفۆرم لەئەمریکادا

➢ ئاینی مەسیحی بەهەردوو باڵەکەی ( کاسۆلیك و پڕۆتستان ) وە لەسەردەستی ئەو کۆمەڵە و باڵە جیاوازانەی هەردوولاوە گەیشتە دونیای نوێی ئەو کاتە کە زەوی ئەمریکا بوو . ئەو کۆمەڵانە کە ئەوروپایان بەجێهێشت لەبەر مەترسی و نەبونی ئازادیە ئاینیەکان و بوونی توندو تیژی ڕوویان کردە خاکی ئەمریکای باکور بەنیازی ئەوەی کە جێگەیەکی ئارام بدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی بیروڕا ئاینیەکانی خۆیان دوور لەئازار و ئەشکەنجە . ئەو زیارەتکارانەی کەساڵی 1620 دا لە





تەنیشت بەردی پلیمۆت ڕاوەستان ئەو سەربەخۆی خوازانە بوون کە لە ئینگلیسزستانەوە چووبونە هۆڵەندا و بەهیوای دامەزراندنی وڵاتێکی ڕەونشین بوون.. دراوسێکانیان پیورتانەکان بوون کە کەمتر توندڕەوتر بوون و لەڕەونشینی کەنداوی ماساچۆستدا دەژیان و ئەمان دەیانویست کە

(( هەروەك چۆن کڵێسای پاك دەبێ لەپێکهاتەی ئاینی فاسید جودابێتەوە , کڵێساش دەبێ بەتەواوی لەدەوڵەت سەربەخۆ بێ ))16 و دواتر بیروڕایان بووە (( هەرکەس دەتوانێ بەشێوەیەك کە ویژدانی ڕازی بێ ، هەنگاوبنێ. هەرکەس بەناوی خودای‌خۆی )) 17, کۆیکرەکان کە لەئەوروپاوە هاتبون لە دوورگەکانی کاریبی نیشتەجێبوون و دواتر چونە نیوئایلەندو لەژێر چاودێری ویلیام پین ڕەونشێنێکیان دامەزراند کە ئێستا بە پەنسلڤانیا ناسراوە .مەریلاند بوە جێگەی نیشتەجێبوونی کاسۆلیکە ڕۆماییەکان چونکە لەڕەونشینە توندڕەوە پرۆتستانیەکاندا پێشوازیان لێنەئەکراو یەکەمین جێگە بوو کە ئازادی ئاینی بۆ هەمووان دابینکرد , کڵێسای ڕیفۆرمیستی هۆڵەندی لە نیۆیۆرك دامەزراو دەسەڵاتی پەیداکرد. و لەساڵی 1660دا 75 کڵێسای سەربەخۆیی خواز لەڕەونشینەکانی ئەمریکادا هەبوون . 41 کڵێسای ئەنگلیکان و 13کڵێسای ڕیفۆرمیستی هۆڵەندی و 12 کڵێسای کاسۆلیك و 5 پرسبیتەری و 4 کڵێسای لۆسەری و باپتیست بوون. لەکاتی شۆڕشدا نزیکەی 20٪ی ڕەونشینەکان سەربەخۆیی خواز بوون. 19٪ یان

پرسبیتەر و 17٪باپتیست و 16٪ئوسقوفی( ناوی نوێی ئەمریکایی بۆ کڵێسای ئەنگلیکان ) و 2٪کاسۆلیك بوون .و لەسەردەمی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستووری بنچینەیی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا لە دەیەی 1780, ڕۆشن بوو کەلەڕەونشینەکاندا شێوەیەکی مەسیحیەتی زاڵ نیە .بۆیە جێگیرکردنی هەر مەزهەبێك دەبوە ناڕەزایی دروستکردن لەلای مەزهەبەکانی تر . و هەرچەندە پڕۆتستانتەکان زۆرینە بوون بەڵام دەستور نوسان خۆیان بەدوورخستەوە لەبابەتی ئاینیەکان و دواتر لە پەیماننانەمەی مافی هاوڵاتیاندا ئەو بابەتە چارەسەر کراوە.

* * *

* *

*





## سیمای نوێی ئەوروپاو دونیا

➢ هیچ ڕووداوێك وەك ئەوەی پەیامە 95 بابەتەکەی مارتین لۆسەر سەرەتای ڕیفۆرمی دەستنیشانکرد, کۆتاییەکەی دەستنیشان ناکا . هەروەك بینیمان بەدرێژایی سەدەی شازدە و حەڤدەهەم.شێوەی جۆراوجۆری پرۆتستان پەیدابوون و هێواش هێواش قبوڵکران. ئەو ڕەوتە تا سەدەی هەژدەهەم و دواتریش بەردەوام بوو . کڵێسای کاسۆلیك کەلەئەنجومەنی ترێنت ڕێك خرابۆوە, هەندێ لەناوچە لەدەستچوەکانی و بەدەستخستنەوەی ژمارەی پێڕەوانی خۆی, بەتازە مەسیحیبووەکانی ئاسیاو هیندو ئەمریکا زۆرتر کرد.

لەساڵی 1600دا. ئیسپانیاو فەڕەنسەو ئێرلەندا و ئیتالیا و نەمسا و زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هەر بەکاسۆلیك مابونەوە , سکۆتلەنداو چەند بەشێك لە فەڕەنسە و هۆڵەندای ئێستا و سویسرا و چەند بەشێك لەباکوری ئەڵمانیا و هەنگاریا کالڤینیست بوون , ئەسکەندەناڤیاو چەند بەشێك لە هۆڵەندا و زۆربەی ئەڵمانیا لۆسەری بوون. ئینگلیزستان و باکوری ئێرلەندا بەزۆری ئانگلیکان بوون و لەچەند بەشێکی ئەڵمانیاو بەلجیکا و لۆکسۆمبۆرگ و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ,ئانابابتیستەکان بوون .

# گۆڕانکاریە جێگیرەکان

➢ دونیای دوای ڕیفۆرم, چەندان تایبەتمەندی هەیە کە بەو هۆیەوە لەدنیای پێش ڕیفۆرم جودا دەبێتەوە , یەکێك لە تایبەتمەندیەکان دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی ئاسایی بەکتێبی پیرۆزە. بۆ دەست ڕاگەیشتنی هاوڵاتیان لەهەموو شوێنێك بەکتێبی پیرۆز. پیشەسازی چاپ بەکارێکی باش دێتە بەرچاو.بەڵام بیروباوەڕ و جۆش و خرۆشی ڕیفۆرمیستەکانیش کاریگەریەکی زۆری کردە سەر گشتی بوونی کتێبی پیرۆزو,وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ گشت زمانە زیندووەکان, تەئکیدکردن لەلێکدانەوەی تاکەکەسی و ئەو واتایەی کە تەواوی ئیماندارەکان قەشەن .بوونە هۆی فراوان بوونی کتێبی پیرۆز لەهەموو ئەوروپا.

هەروەها هەندێ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز.شاکاری ئەدەبی بوون,وەرگێڕانی ئەڵمانی لۆسەر یارمەتی پەرەگرتنی زمانی ئەڵمانی ئەمڕۆیدا.هەروەها دانە ئینگلیزیەکەی شا جێمس ( چونکە جێمسی یەکەم , جێگرەوەی ئیلیزابێس, مۆڵەتی چاپیداو کاتێ چاپکرا ئەو ناوەی لێنرا) کاریگەریەکی زۆری کردە سەر زمانی ئینگلیزی, بەشێوەیەك دەستەواژەکانی نزیکەی چوارسەد ساڵ لەدنیای ئینگلیزی زماندا بەتەواوی قابیلی تێگەیشتن بوون .

تایبەتمەندیەکی دنیای دوای ڕیفۆرم, گۆڕانکاری پێکهاتەی کڵێسا بوو .کڵێسا مەزن و پڕ نەخش و نیگارەکانی کۆتایی





سەدەکانی ناوەڕاست و ڕینیسانس, دیارنەمان و بینایەی بچوکتر و کەم نەخش و نیگار تر پەیدا بوون .لەدیدی کاسۆلیکەکان، ناوەندی سەرنجی ئاین, ئەنجام دانی ڕێوڕەسمی شێوی ڕەبانی‌یە. لەبەر هەندێ ئەو میحرابەی ڕێڕەسمی ئاینی شێوی ڕەبانی تیادا ئەنجام دەدرێت, هەمیشە لەناوەڕاستی کڵێسا و لەبەرامبەر خەڵکی دایە . تەئکیدی پرۆتستانەکان لەسەر کتێبی پیرۆز و وەعزدان گەیشتە بنیاتنانی ئەو کڵێسایانەی ناوەندەکەیان مینبەری پیاوە ئاینیەکان بوو , سەکۆیەکی باریك کە قەشە لەسەری ڕادەوەستێ و ئینجیل دەخوێنێتەوە و وەعز بۆ خەڵك دەدات, کڵێسای زۆر سادەی لە قوڕو بەرد دروستکراو کە لەنیو ئینگلاند و چەند بەشێکی ڕۆژئاوای ئەمریکا بلاْون , ڕاستە وخۆ نیشاندەری بیروباوەڕیپیورتانی و کالڤینیزم لەسادەبوونی و پێویستی خۆلادان لەبتپەرستیە.

پێش ڕیفۆرم, مەسیحیانی ئەوروپایی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان پەنایان بۆپاپا دەبرد. لەباتی ئەوە, پرۆتستانەکان ڕوویان کردە کتێبی پیرۆز و پاشان بوونە چەندان کۆمەڵە کە هەریەکەیان لێکدانەوەیەکی جودای کتێبی پیرۆزی دەکرد. بەڵام پرۆتستان و کاسۆلیکەکان هەردوولایان تێگەیشتن کە بەکەم کردنەوەی دەسەلاْتی ناوەندی کڵێسا ,دەسەلاْتی سیاسی ناوخۆ زیاتر دەبێ ,دەوڵەتەکان یان

میلەتەکان, بەکەمکردنەوەی دەسەلاتی کلێسای جیهانی پێشوو .بایەخێکی زۆرتریان دەبوو.

## ڕیفۆرمیستەکان
## لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە دونیا بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت , ئەشێ نەتەوەیەك پێشبکەوێت و دواتر تووشی شکست ببێت و دوێنێی لەئەمڕۆی گەشاوەتر بێت. یان گەلێك لەخووڕەوشت ودابونەریتەکان نەمێنن و نزم ببنەوە و بەمەش ڕابووردوویان لەئێستایان باشتر بێت. بەلام دونیا هەمیشە لەگەشەو پێشکەوتن و بالانومادا دەبێت و ئەمڕۆی لەدوێنێی باشتر و بەیانی لە ئەمڕۆی گەشاوەتر دەبێت .دونیاش لەچوارچێوەی یاسایەکدا دەچێتە ڕێوە و گەشە دەکات وەك یاسا سروشتیەکان ئەگەرچیش زیاتر ئالۆز و زیاتر نادیار و هێواشترن لە دۆزینەوەیدا. بەلام یاسا گەلێکی نەگۆڕن کە هەموو نەتەوەکان پیایاندا تێپەڕ دەبن و قۆناغەکانی دەبڕن کەلە سێ قۆناغ پێك هاتوون:یەکەمیان,کاریگەری غەریزە و هۆکارە بایۆلۆژیەکانی لەسەرە, دووەمیان ,ئەندێشە و وەهم زاڵە کەتیایدا فەوزا و بێ سەروبەرەیی بلاوە .سێیەمیان بەرەو خۆڕیکخستن دەچێت و دووردەکەوێتەوە لەفەوزا بەو پێیەی عەقڵ زاڵە و سوود لەئەزموون و هەڵەکانی ڕابووردوو وەردەگیرێت. ئەم سێ قۆناغەش دەتوانرێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا





بچەسپێت هەر لە خێزانەوە تا سیاسەت ئابوری و ...هتد. ئاشکراشە پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر سەرناگرێت بەبێ هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر و سەدەو ڕۆژگارێکی دوور و درێژ و ململانێی توندو تیژ کەزۆرجاران خوێن ڕشتن و مەرگ و کوشتار و جەنگیشی لێدەکەوێتەوە لەنێوان لایەنگرانی کۆن و نوێدا . لەنێوان خواستەکانی مانەوەی کۆن لەسەر پێی و خواستەکانی نوێگەری و سوود لێوەرگرتنی . بۆ هەموو قۆناغێکیش کە سانی ڕیفۆرمیست و نوێگەرایی هەیە کەبەوە جیادەکرێتەوە کە کەسانێکی دووربینن بەبەراوورد لەگەڵ خەڵکانی سەردەمەکەیاندا, وە لەهەمووان زیاتر هەست بەزیانەکانی قۆناغەکە دەکەن و لەهەموانیش گەشبینترن بەوەی کە چاکەخوازێك جێگەی گەندەڵێك دەگرێتەوە .

ئەم گروپە تازەگەر و ڕیفۆرمخوازانە دەسدەکەن بە ڕیفۆرم بەهێنانەوەی بەڵگە و ڕاستیەکان بەلام لەبەرامبەردا کۆنەپارێزەکان دەکەونە دژایەتی کردنیان. کەکەسانێکی پیرن لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیەدا ڕانەهاتوون,وەك ئەوکەسە نەخۆشە وان کە نەخۆشیەکەیان وای لێکردوون و بەجۆرێك زاڵ بوە و پەرەی سەندوە کە بیر لەچارەسەر نەکەنەوە بەڵکو تەنانەت بەوەش نازانن کە هەر نەخۆشیشن., بەلام لایەنگرانی ڕیفۆرم و تازەگەرایی زۆرینەیان گەنجەکانن چونکە نەخۆشیەکە هێشتا نەیان گەیشتوێتێ و هەمیشە ڕوو لەئاسۆی دواڕۆژن بەپێچەوانەی پیرەکانەوە کە هەمیشە ڕوو لە ڕابووردوو کۆنە

پارێزن و ڕابووردوویان لە داهاتوو پیٚ گرنگتر و گەشاوەترە و هەمیشە شانازی پێوەدەکەن . ئەم دوولایەنە وەك دووسوپای بەجەنگ هاتوو وان هەندیٚ جار بەبەڵگە و ڕاستیەکان و هەندیٚ جاری تر بە پیلان گێڕان و فێڵبازی و تەڵەکەبازی و هەندیٚ جاری تریش پەنا دەبەنە بەر چەك و شمشێر
لەسەرەتادا ڕیفۆرمیست بیرڕاکانی بەهێمنی و سەنگینیەوە دەخاتە ڕوو بەڵام لەلایەن بەامبەرەوە هێرشێکی توندی دەکرێتە سەر کە ناچاری دەکات ئەویش بەهەمان شێوە بەتوندو تیژی وەڵام بداتەوە و شێلگیرانەتر بێت بۆ بیروڕاکانی و چیدی بەهێمنی بانگەواز ناکات و پەنا دەباتە بەر شێوازێك کەلەبەرامبەر هێرشبەرەکاندا بوەستێتەوە و زۆر جاران ئەم هەڵوێستە وادەکات کە داواکاریەکانی زیاتر بکات.
زۆرجاران کەسانی چاکە خواز و ڕیفۆرمیست دەچەوسێتەوە بەهۆی بیروڕا و دینەکانیانەوە و خەونەکانیان پوچەڵ دەکەنەوە , بەڵام لە ئەنجامدا هەر گرەو دەبەنەوە و هەروەك چۆن لەکاتی هێمنی و سەلامەتیاندا گرەو دەبەنەوە . بەم شێوەیە بەردەوام لایەنگرانیان ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیاد بوون دەکات و بیروباوەڕەکانیان لەلایەن زۆرینەوە قبوڵ دەکرێت و خەڵکی لەسەریان ڕادێنن. و بەم شێوەیە ژیان بەردەوام دەبێت تا ڕۆژگارێك دێت کە بیروباوەڕێکی نویٚ دێت و جێگەی ئەم دەگرێتەوە .,ئەمە مێژووی کۆن و نوێیە لەوکاتەوەی کە یەزدان مرۆڤایەتی دروستکردوە و ئەمە یاسایەکی نەگۆڕە و لە





ڕابووردوودا ڕوویداوە و لەئێستا و لە داهاتووشدا هەر ڕوودەدات .

- ڕیفۆرم وادەردەکەوێت کە زیاتر ئاینی بێت و دواتر بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابوریشی گرتەوە . ئەمەش بۆ ئەوەیە چونکە ڕیفۆرم پاشکۆی ژیان و تێڕوانینی کۆمەڵگایە بەشێوەیەك ئەگەر دین لەنەتەوەیەکدا زاڵ بوو ئەوا ڕیفۆرم لەدیندا دەکرێت , ئەگەریش کۆمەڵگا سەر قاڵی سیاسەت و کاروباری سیاسی بوو ئەوا ڕیفۆرم لەسیاسەتدا دەکرێت و ئەگەریش باری سیاسی هێمن و جێگیر بوو ئەوا ڕیفۆرم لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا دەکرێت و وای لێدێت کە ئیدی ڕیفۆرم سیاسەت بەڕێوە دەبات و ئاڕاستەکانیشی دیاری دەکات .

ئەمەش ڕاستی ڕیفۆرمە لە ڕۆژهەڵاتدا و زۆربەی ڕیفۆرمیستەکان لە پیاوانی ئاینی بوون ئەگەر دین زاڵ و بڵاوبوە , بەناوی دینەوە چەندین یاساو ڕێنمایی دەردەکرا بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و خەڵکی لەماڵ و مامەڵەکانیاندا لەسەری دەژیان و سۆزی دین ئەم بارودۆخەی ڕاکێش دەکرد, هەربۆیەش کارێکی ئاساییە کە ڕیفۆرمخوازەکان ئاینی بوون. ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تاسەردەمێکی نزیك , هەتا باهۆزی سیاسەت دەستی پێکرد و سۆزی نەتەوایەتی سەریهەڵدا ئیدی ڕیفۆرمخوازەکان پیاوانی سیاسەت بوون وداوای ڕیفۆرمیان لەدیندا نەدەکرد بەڵکو

لەکێشەی نیشتیمان و مەسەلە نەتەوایەتیەکان و ڕێکخستنی کاروباری سیاسەتدا ڕیفۆرمیان داوادەکرد. بەڵام تائێستا قۆناغی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەشێوەیەکی جدی لەڕۆژهەڵاتدا دەستی پێنەکردوە,چونکە بارودۆخی سیاسی جێگیر و ئارام نیە. ئەمە بەمانای ئەوە نیە کە ئەگەر ڕیفۆرمی دینی یان سیاسی هەبوو ئیدی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی یان ئابوری نیە.بەڵکو هەر قۆناغێك بەپێی زاڵی و بلاْوی ئاین یان سیاسەت دەناسرێتەوە .

*　　　*　　　*

*　　　*

*





# ڕیفۆرم

## کێ جێبەجێی دەکات و بۆچیش ؟

- پڕۆسەی ڕیفۆرم بۆخۆی لەهەناوی پڕۆسەو بەرنامەو کارێکی لەپێشتر لەخۆیدا سەرهەڵدەدا و لەدایك دەبێت لە ئەنجامی دروستبوونی گەندەڵی و لەڕێلادان و نەمانی دیسپلینەکان و قۆرخکردنی ئیمتیازاتەکان و تاك ڕەوکردن لەبڕیارو سیاسەتەکاندا و حساب بۆنەکردن یان بەشداری‌نەکردنی جەماعەت لەداڕشتنی سیاسەت و بڕیارەکاندا و پەراوێزکردن و دوورخستنەوەی نەوەی نوێ و نەمانی گیانی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و لێدانی بەرژەوەندی زۆرینەو دروستبوونی ترس لەدڵ و بیر و ڕادەربڕینەکان بەرامبەر سەرکردە و ڕابەر و کەسی یەکەم و پارتی پێشڕەو و ......هتد

ڕیفۆرم لەلایەن کەسان و گروپ و پارت و ڕێکخراوێکەوە سازدەدەرێت و سەرهەڵدەدا و جێبەجێش دەکرێت کە هەست بەپەراوێزکردن و فەرامۆشکردن و دوورخستنەوە لەکارو بڕیار و ئیمتیازاتەکان بکەن .. هەست بکەن کە سەرەتای تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت و سەپاندنی ڕاوبۆچوونی تاك دەستی پێ کردووە , کاتێ هەستیان کرد لەبەرامبەر داکۆکی‌کردنیان لەدیموکراسی و ئازادی و مافەکانیان توشی ڕاوەدوونان وگرتن و تیرۆرکردن دەبنەوە . کاتێك هەست بکەن کە

بارودۆخی ئارامی و ڕێزگرتن و گوێگرتن لەڕاوبۆچوونەکانیان گۆڕدراوە بەترس و دوودڵی و دڵەڕاوکێ و نەبونی ئەمان و ئاسایش.

ئەوکەس و لایەن و گروپ و ڕێکخراو و پارتانە یەك دەگرن و کۆدەبنەوە لەسەر بەرنامەی ڕیفۆرم و ئیدی ڕیفۆرم بەهەموو ماناکانیەوە داوا دەکەن و دەیکەنە دروشم و خەبات دەکەن بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی داواکانیان .

وەك پێشتر باسمان کرد ڕیفۆرم لەخۆڕا و لەئان و ساتێکدا لەدایك نابێت و نارسکێت بەڵکو زەمەنێکی دەوێت تا سەرهەڵدەدا و پێدەگات و دەست پێدەکات, بەهەمان شێوەش پرۆسەی ڕیفۆرم تەمەنێکی دیاری کراوی نیە و ناتوانرێت قەتیس بکرێت لەچوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەن و بەردەوامە چونکە بەگۆڕانی ژیان و پێشکەوتنەکان و لەدایك بوونی دیاردەی نوێ پێویست بوونی ڕیفۆرم خۆی فەرز دەکات .بۆیە خاڵی دەستپێکردنی هەیە و خاڵی کۆتایی نیە .

پرۆسەی ڕیفۆرمیش لەهەناوی گەل و حکومەت و حیزب و ڕێکخراوێکی زیندووەوە دەست پێدەکات و گەشە دەکات چونکە ڕیفۆرم بۆخۆی بەردەوام بون ونوێبونەوەیە لە پرۆسەیەکی گەورەتردا و بۆ گەورەتریش جا ئەم پرۆسە گرنگەی گۆڕان و بەرەوپێش بردنە پێویستی بەعەقڵ و کەسانی زیندووە نەك کەسانێکی عەقڵ داخراو و چەق بەستوو بەشێوە و شێوازێکی دیاریکراوی کلاسیکی و مردووی نەگۆڕەوە .





ڕیفۆرم بەواتا باوەکەی مانای چاکسازی دەگەیەنێت لەبوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و خوێندن و فەرهەنگ و سەربازی و.....هتد..

*        *        *

*        *

*

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم


1. الموسوعة السياسية/الجزء الاول/ الموسسة العربية للدراسات/الطبعة الثالثة/1986بيروت/لبنان
2. الموسوعة الفلسفية/دارالطليعة للطباعة والنشر/الطبعة الثانية/1980/بيروت/لبنان
3. **فەرهەنگی نویێ/ بورهان قانع/چاپخانەی** حوادث/1984/**بەغداد /عێراق**
4. **هەمان سەرچاوەی** 3
5. **ریفۆرم/سارافلۆوەرز/وەرگێڕانیئەبوبەکرخۆشناو/چاپخانەی داناز/**2004**سلێمانی /کوردوستان**
6. **هەمان سەرچاوەی** 5
7. **هەمان سەرچاوەی** 5
8. **هەمان سەرچاوەی** 5
9. **هەمان سەرچاوەی** 5
10. **هەمان سەرچاوەی** 5
11. **هەمان سەرچاوەی** 5
12. **هەمان سەرچاوەی** 5
13. **هەمان سەرچاوەی** 5
14. **هەمان سەرچاوەی** 5
15. **هەمان سەرچاوەی** 5
16. **هەمان سەرچاوەی** 5
17. **هەمان سەرچاوەی** 5

## بەشی دووەم





# ریفۆرم
# لە تێگەیشتنی ئیسلامەوە ..

- ئیسلامیش وەك یەكێك لە گرنگترین ئاینە ئاسمانیەكان كەلەدوای ئاینی یەهودی و مەسیحی دابەزیوەتە خوارەوە بۆسەر مرۆڤایەتی و ڕۆڵ وكاریگەری خۆی هەبوە لەسەر گۆڕانكاری لەژیانی كۆمەڵگاكانی سەردەمی خۆیدا و تەكانێكی زیاتری داوەتە پێشكەوتن و نوێبونەوەی گەشەكردنی بیروڕاكانی مرۆڤ.

ئاینی ئیسلام بۆ خۆی بریتیە لە كۆكەرەوەی زۆرێك لە ئایدیا و ڕێباز و داب و نەریتی هەردوو دیانەتی یەهودی و مەسیحی و كۆمەڵگاكانی پێش خۆی و ئیسلام توانیویەتی بەبەرگێكی نویٚ و گیانێكی نوێی سەردەمیانەی خۆی بیانگونجێنێت و بەمرۆڤیایەتیان ڕابگەیەنێت,پرۆسەی ریفۆرمیش هەروەك پێشتر باسمان كرد بریتیە لە پرۆسەیەكی نوێبونەوە,بەو پێیەش ئیسلام جۆرێك لەریفۆرمی لەدیانەتی مەسیحیدا جێبەجێكرد و ئەوەشی كەمایەوە بەنەگۆڕی هێشتیەوە و بەرگێكی ئیسلامی نوێی كردە بەری و لەگەڵ ژیانی نوێی كۆمەڵگای ئیسلامیدا گونجاندی و ئیسلام بۆخۆشی و لەناو هەناوی خۆیدا بەدرێژایی 1427 ساڵی تەمەنی لەقۆناغ و سەردەمی جیاوازدا لەسەردەست و لایەن و گروپ و كەسانی

زانا و بیریار و ڕۆشنفکرەکانی‌یەوە گەلێك ڕیفۆرم و چاکسازیان لەئایدیا و ڕێباز و بیروبۆچونەکانیدا ئەنجام داوە و بەپێی تێگەیشتن و پێشکەوتنی هەر قۆناغێك کارێکی واکراوە کە دەق و فەرموودەکان بەشێوەیەك جێبەجێبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەدا و بەم شێوەیەش گەلێك گۆڕان و چاکسازی و نوێکاری لە ئیسلامدا ئەنجامدراوە. بەبەڵگەی ئەوەی کە ئیسلامی سەرەتای سەردەمەکانی پەیامبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین گەلێك جیاوازی تێکەوت لەگەڵ ئیسلامی سەردەمەکانی دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و خەلافەتی عوسمانیەکان و ...هتدا و لەسەردەمی ئێستاشدا گەلێك جیاوازترە .

هەموو ئەم چاککاری و نوێکاریانەی کەلەتێگەیشتن و ئایدیای ئیسلامدا ڕوویانداوە بەمەبەستی زیاتر قوڵکردنەوەی بنەماڕەسەنەکانی ئیسلامە لەناو کۆمەڵگادا و گەڕانەوەیە بۆسەر ڕچە و ڕێبازە سەرەتاییەکانی ئیسلام ئەم کارانەش هەروەك چۆن لەدیانەتی مەسیحیدا لەلایەن کۆمەڵە گروپ و کەسانێکی توندڕەوەوە ئەنجام درا بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا پیرۆزەکانی مەسیح و کتێبی پیرۆز, ئاوهاش لەئیسلامدا دوای ئەوەی کەکۆمەڵە کارێکی بیدعەتکاری و هەندێ داب ونەریتی نەشیاو تێکەڵ بەفکر و ئایدیای ئیسلام بوون لەسەر دەستی پیاوانی ئاینی کۆنەپارێز یان پاشا و سوڵتانەکان بەقازانجی بەردەوامی دەسەلآت و نفوزیان , کۆمەڵە گروپ و





ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەو دروستبوون بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام و پێشەوا صاڵحەکان و پێیان دەوترێت(( سەلەفیین )) و ئەم کۆمەڵانە بڕوایان بەزۆر کار نەبوو کەلەئیسلامدا بڵاوببوەوە و هەوڵی نەهێشتن و نەمانیان دەدا و بانگەوازی گەڕانەوەیان بۆ ڕچەی پەیامبەر و ئاوەڵانی یەکەمینیان دەکرد و لەم پێناوەشدا چەندین شەڕ و کوشتار و ماڵ وێرانکردن و سەربڕین و ئاژاوەی خوێناوی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ڕوویان داوە و لە ئێستاشدا هەر بەردەوامە . و هەر کۆمەڵ و گروپێکیش((هەقانیەتی‌خودایی )) بەلای خۆیەوە دەزانێت و بەرامبەرەکەی بەبیدعەتکار دەناسێت.

لێرەدا دەکرێت بپرسین کە ڕیفۆرم لەڕوانگەی بیریارێکی کلاسیکیەوە چی دەگەیەنێت ؟؟؟؟

ڕیفۆرم لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلامی کۆمەڵایەتی لەئاست ئیسلامی پێوانەییدا دابنرێت بەواتای دەبێت کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بێت.

ئەم داواکاریەش بەدرێژایی مێژووی ئیسلام بەردەوام بوە چونکە هیچ کاتێك ئیسلامی کۆمەڵایەتی وەك ئیسلامی پێوانەیی‌نەبوە ؟. و ئەم ڕاستیەش فتوادەرو لێکۆڵەرەوە ئیسلامیەکانیش دانی پیادا دەنێن.کەواتە ئەم جیاوازیە لەنێوان ئەم دوو ئیسلامەدا واقعێکی بەردەوامە .ئەم جیاوازیەش بەشێوەیەك گەورە بووە کە گەیشتۆتە ئاستی

لێکدابڕان لەنێوانیاندا و ئەم لێکدابڕانەش ناوێکی ئیسلامی هەیە و پێی دەوترێت (( غەریبی ئیسلام )) بەمانای بیری ئیسلامی لە ڕێدەرچوو زاڵە بەسەر کۆمەڵگای ئیسلامیدا .و گەیشتۆتە ڕادەی دەرچوون لە ئیسلام .لێرەوە تێدەگەین کە ڕیفۆرمیستە ئیسلامیەکان بۆچی هەمیشە دەگەڕێنەوە سەر ئەم فەرموودەیەی پەیامبەر کە دەڵێت (( بدیء الاسلام غريبا وسيعود غريبا كما بدیء,فطوبى للغرباء, قيل :وما الغرباء يارسول الله ؟ قال :الذين يصلحون عند فساد الناس )) 1..

واتە (( ئیسلام بەنامۆیی هاتوەو دەستی پێکردوە و هەر بەنامۆیش دەگەڕێتەوە و مژدە بۆنامۆکان , ووتیان نامۆکان کێن ئەی پەیامبەر,ووتی:ئەو کەسانەن کە ڕیفۆرم و چاکە دەکەن لەکاتی گەندەڵ بوونی خەڵکیدا )).

ئەم جیابونەوەیەی ئیسلامیش, پێویست بەڕیفۆرم دەکات لەسەر ئەم تێگەیشتنە تا گێڕانەوەی ئیسلامی یەکەم بۆ ئیسلامی پێوانەیی و ئەمەش پێویست بە دەسەڵاتێکی بەهێز دەکات کە لەڕوانگەی بیریارانی دێنەوە دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکمێکی زاڵم کارێکی نەشیاوە و ئەوان پێیان واییە کە بوونی فەرمانڕەوایەکی زاڵم باشترە لەنەبوونی هیچ دەسەڵاتێك لەبەر ڕوونەدانی فیتنە و کاری ڕیفۆرم بەلای ئەوانەوە بریتیە لەدانانی دەسەڵاتێکی تری زاڵم نەك ڕووخاندنی .

لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر دێتە پێشەوە. ئایا چۆن ئیسلام ( ئیسلامی پێوانەیی ) لەناو خاکی ئیسلامدا نامۆ دەبێت ؟؟؟؟





وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە زۆربەی بیریارانی دین پێیان وایە کە ئیسلام بە (( کۆنەپارێزی یان هەڵسوکەوتی هەڵە )) نامۆ دەبێت. هەربۆیە ڕیفۆرمیستە ئیسلامیەکان هەڵمەتەکانیان دژ بە (( کۆنە پارێزی جێبەجێکردنی هەڵە لە ئیش وکارە دینیەکاندا )) کە ئەم هەڵسوکەوتانە بونەتە مایەی دروستبوونی داب و نەریت و بیرباوەڕ کە لە ئیسلامەوە دوورن کە ئەمەش بریتیە لە لادان لە
(( ڕەسەنایەتی ئیسلام )) .

لەڕاونگەی ئیسلامەوە , دوو جۆر(( تەقلید )) هەن , یەکێکیان قبوڵنەکراوە و ئەویتریشیان پەسەندە و قبوڵکراوە . ئەوەی قبوڵنەکراوە بریتیە لە چاولێکەری هەموو بیروباوەڕ و کارێك کە دژە بەئیسلامی ڕەسەن . ئەوەی پەسەندیشە بریتیە لە (( چاولێکەری ڕەسەنایەتی یان سونەتی پەیامبەر )) کە لەسەر هەموو ئیسلامێك وکۆمەڵەیەکی ئیسلامی پێویستە((سونەت )) بەبەردەوامی جێبەجێ بکرێت. بەمەش شوناسی موسوڵمان دێتەدی واتە ئیسلامی ڕەسەن .

ئیسلام لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا بریتیە لە بنچینەی تەواو بەشێوەیەك لەنێوان ئیسلام و فیترەتدا وەکیەکیەك دروست بووە. کە هەموو زانایانی ئیسلام لەسەر ئەو بڕوایەن جگە لە فەیلەسوفەکان ئەویش ئەوەیە کە (( ئیسلام دینی فیترەتە بنچینەییە))2 .بەو واتایەی کە ئەگەر مرۆڤ لەهەموو ئەو شتانەی لەخۆی گرتوە دابماڵرێت تەنها ئیسلام دەمێنێتەوە

چونکە ئەصلْ و بنچینەیە و ئەوانی تر تەقلیدە .و مرۆڤ لەکاتی ئاساییدا تەنها هەر دەبێت کەسێکی بەدین بێت.مادامیش ئیسلام( دینی هەقە) کەوتە دەبێت مرۆڤ هەر موسوڵمان بێت و هەر کۆمەڵگایەکیش دوور لە ئیسلام کۆمەڵگایەکی لادەرە لە ڕەسەن و ئەصڵی خۆی. لێرەوە تێدەگەین بۆچی هەموو بانگەوازە ڕیفۆرمیستەکانی ئیسلام گەڕانەوەیە بۆ (( ئیسلامی ئەصلْ )).

هەر لەمەشەوە تێدەگەین کە بۆچی ڕیفۆرمیستەکان هەمیشە بانگەوازی ڕیفۆرمی ئیسلامی دەبەستنەوەبە (( ئیجتیهاد )) وە. ئیجتیهادیش بەو مانایە نا کە چونە پێشەوەیە کە لەکۆمەڵگایەکی گۆڕاوە و پێویست بەبیناکردنەوە دەکات بەگوێرەی بارودۆخە نوێکەی بەو پێیەش هەر گۆڕانێك کەلەئیسلام دووربکەوێتەوە بریتیە لە (( تەقلید )) یان لادان. هەروەها (( ئیجتیهاد )) بەو مانەیەش نا کە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن هەبێت لەکاتێکدا کە دەقی ئەصڵی هەبێت .و هەر ئەویش سەرچاوە بێت. تەنها ئیجتیهاد لەکارێکدا یان لەمەسەلەیەکدا دەکرێت کە دەقی لەسەر نەهاتبێت . ئیجتیهاد تەنها بریتیە لە کاری لێکدانەوە یان نوێکردنەوەی لێکدانەوەکان بۆ دەقە ئەصڵیەکان, هەروەها دەوترێت ئیجتیهاد بریتیە لە گەڕانەوە بۆ دەقەکان یان گێڕانەوە بۆ دەقە ئەصڵیەکان لەناو دەقەکانی تردا .لەبەر ئەمەش لێکدانەوەی جیاواز و مەزهەبی جیاواز و ڕاڤکردنی جیاواز هاتۆتە ئاراوە .





مادام ئیجتیهاد بریتی بێت لە گەڕانەوە بۆ دەقە ئەصڵیەکان لێرەوە مانای ڕاستی پەیوەندی ئیجتیهاد و ڕیفۆرم دەردەکەوێت. کە هەردووکیان بریتین لە گێڕانەوەی دەقەکان بۆ ئەصلْ (( ئیسلامی ئەصلْ)) یان (( ئیسلامی فیترەت)) . لێرەشەوە هەریەکە لەبەرەی ڕیفۆرم و تەقلید خۆیان بەنمایندەی ڕەسەنی ئیسلام دەزانن و بەرامبەرەکەی بەبیدعەتکار دەزانێت .

لێرەوە ڕیفۆرمی ئیسلامی لەوەوە سەر هەڵدەدا کە ئیسلام لەناوخۆیدا تووشی لاسەنگی و لادانێك هاتووە.و دوورکەوتۆتەوە لە ئیسلام.هەربۆیەش پێویست دەکات بەڕوانگەیەکی ئیسلامی تەواوە ڕاستبکرێتەوە. ودووربێت لەهەموو بەکارهێنانی شێوازێکی غەیرە ئیسلامی کە دووربێت لە سروشتی کۆمەڵگای ئیسلامی و دووربێت لەهەموو هەڵهێنجانێکی غەیرە ئیسلامیەوە و لەپرۆسەی ڕیفۆرمدا بەکاری بهێنن .

لەمێژووی فکری ئیسلامیدا دووبۆچوون بۆ ڕیفۆرم هەبووە لەلایەن زاناکانەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە پێش هێرش و فشاری ئەوروپیەکان بوە و ڕایان وایە کە کێشەی ئیسلام کێشەیەکی ناوخۆییە و هەربۆیەش دەبێت تەنها لەناوخۆی ئیسلام و بەشێوازی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت .

دووەمیشیان دوای هێرش و فشاری ئەوروپیەکانە لەسەر کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بەمەش کاری ڕیفۆرمی ئیسلام بەلای

**ڕیفۆرمیستە نوێکانەوە دەبێت بەهاوکاری و سوود وەرگرتن لە شێوازی غەیرە ئیسلامی وەربگیرێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرم لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا .**

**لایەنگرانی ڕیفۆرم لە ئیسلامدا لەکۆن و نوێدا لەزۆر کار و بیر و بۆچووندا لەیەك چوون تەنها لەوەدا نەبێت کە ڕیفۆرمیستە نوێکان دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە کە کۆمەڵگای ئیسلامی دواکەوتووترە لە کۆمەڵگای ئەوروپی و بۆیە پێویست بەڕیفۆرم دەکات , کۆمەڵگای ئیسلامی چەندین جار تووشی داگیرکردن و دۆڕاندن هاتوو لە بەرامبەر ئەوروپییەکاندا. دواترینیان بریتیە لە وەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی شەڕی سەلیبیدا و لەسەدەکانی نوێشدا لەبەرامبەر هێزە لیبڕاڵەکاندا, بەمەش ڕیفۆرمیستی ئیسلامی نویٚ لە ڕیفۆرمیستی ئیسلامی کۆن جودابۆتەوە کە ڕیفۆرمیستە نوێکان پێیان وایە ڕیفۆرم لە ئیسلامدا نابێت تەنها بەشێوازی ئیسلامی چیٚ بکرێت و بەکێشەیەکی ناوخۆیی ئیسلامی بزانرێت . بەڵکو دەبێت ڕیفۆرم لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە کۆمەڵگای ئیسلامی لەئەنجامی دواکەوتوویدا لە کۆمەڵگای ئەوروپایی و لە ژێر فشارەکانی ژیانی نوێدا ڕیفۆرم چیٚ بکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە .**

**یەکێك لەو ڕیفۆرمخوازانە کە هەمیشە هۆکاری ناوخۆیی ئیسلامی دەکردە هۆکار بۆ ڕیفۆرم بیریاری گەورەی ئیسلام**





**(( ئیمامی غەزالی )) بوو کە یەکێك بوو لە ڕیفۆرمخوازانی سەردەمی خۆی و لەکتێبی** (( احیاء علوم الدین ))**دا کە لەماوەی هەڵمەتی خاچ پەرستەکانی یەکەمدا دایناوە کە توانرا شاری خودسیبش داگیربکەن . غەزالی سووربوو لەسەر ئەوەی کە هێزە ناوخۆییە ئیسلامیەکان هۆکاربوون لەسەر ڕیفۆرم و بەتایبەتیش (( شیعەکان و ئیسماعیلیەکان )) و هۆکاری غەیرە ئیسلامی دوورخستەوە لە بیرو بۆچونەکانیدا, بەهەمان شێوە غەزالی هۆکاری ڕیفۆرمی دەگەڕاندەوە بۆ کێشە و ململانیٚ ناوخۆییەکانی ئیسلام و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێت بەگژ (( تەقلید )) دا بچێتەوە و بگەڕێتەوە سەر (( ئیسلامی ئەصڵ )) . بەلاٚم لەدوای داگیرکردنی وولاٚتانی ئیسلامی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە ئیدی ناکرێت کە فشار و دەستێوەردانی غەیرە ئیسلامی پشتگویٚ بخرێت و چیدی زانایانی ئیسلام نابێت تەنها ئیسلام و کێشە ناوخۆییەکانی بکەنە هۆکاری دەستپێکردنی ڕیفۆرم, بەڵکو دەبێت هۆکاری دەرەکیش لەبەرچاو بگرن . بەم شێوەیە ئەمە خاڵی سەرەکی جیاوازیە لەنێوان ڕیفۆرمخوازانی کۆن و نوێی ئیسلامیداو لەئێستادا ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی نویٚ دان بەوڕاستیەدا دەنێن کە کۆمەڵگای ئیسلامی لەچاو ئەوروپادا دواکەوتوە بەشێوەیەکی کەم و دەشڵێن کە ئەو پێشکەوتنە تەنها لایەنی مادیە و هیچیتر.هەر ئەمان هۆکاری پێشکەوتنی ئەوروپا دەگێڕنەوە بۆ شێوازی سیستەمی سیاسیان کەلەسەر**

بنچینەی ئازادیەکان و سەروەری یاسا دامەزراون و لەبەرامبەریشدا دواکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیش بۆ بوونی سیستەمێکی سیاسی دامەزراو لەسەر بنچینەی چەوساندنەوە دەگەڕێننەوە کەلەم خاڵەدا بیریارە سەلەفی و لیبڕاڵە ئیسلامیەکان یەکدەگرنەوە و هاوڕان وەك(( لوتفی ئەلسەید لەگەڵ عەلال ئەلفاسی و محمد عەبدە لەگەڵ خیرەدین تونسی ))دا ئەم بیریارە سەلەفیانە لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت کۆمەڵگای ئیسلامی و سیستەمە سیاسیەکەی بگەڕێتەوە بۆ (( بنچینەکانی عەدالەتی ئیسلامی )) جگە لەو بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازە ئیسلامیە نوێیانە کەلەناوچە گوندنشینەکاندا دامەزراون کە هاوڕانین لەگەڵ ئەماندا وەك بزوتنەوەکانی (( وەهابی و مەهدەوی و سەنوسی )) هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش بوو کە هەردوو ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی ( سەلەفی و لیبڕاڵی ) کۆکبوون لەسەرئەوەی کە دەستوور هەبێت لە وولاّتدا بۆ ئەوەی دەسەلاّتی ڕەهای پاشا و سوڵتانەکان کەم بکەنەوە و وایان لێبکەن کە وابەستەی یاسا و ڕێسا بنچینەییەکانی ئیسلام بن . هەرئەوەش بوو کەلە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو دروست بوون کە داوای دانانی دەستووریان دەکرد و بەم شێوەیە هەمووان بەرەو بواری ڕیفۆرمی سیاسی دەچوون و لەبەرامبەردا بواری ئابوری و کۆمەلاّیەتی لە فکری عەرەبی ئیسلامی نوێدا لاوازبوو.





کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی دوای قۆناغی داواکردنی نوسینەوەی دەستوور,کەوتنە پێکەوەنانی پارتی سیاسی و خەباتی سیاسی و پەڕلەمانی دەستپێکرد و لەم پێناوەشدا ململانێی حیزبایەتی دەستپێکرد و کێشە کۆمەلاّیەتیەکان سەریان هەڵدا و خواستی سەربەخۆبوون گەشەی سەند و داوای نەمانی پاشکۆیەتی داگیرکەر سەریهەڵدا و ئەوەبوو زنجیرەیەك کودەتای سەربازی ڕوویاندا و دوای نسکۆی ساڵی 1967 یش کە زۆربەی هۆکارەکەیان دەگێڕایەوە بۆ جۆری سیستەمی مصری ناصری کە سیستەمێکی چەوسێنەر بوو هەربۆیە جارێکی تر خواستی خەباتی پارتی سیاسی و پەڕلەمانی سەریهەڵدایەوە .

کۆمەڵگای ئیسلامی بەرەوپێش دەچوو لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی دونیادا و هەوڵی خۆگونجاندنیان دەدا لەگەڵ باهۆزی دیموکراسی و ئازادیەکان و مافە مەدەنی و ڕۆشنبیریەکان و بازاڕی ئازاد و بەمەش ڕۆژ بەڕۆژ واقعی کۆمەڵگای ئیسلامی لەگەڵ ڕەوتی سەلەفی ئیسلامیدا لێك دوور دەکەوتنەوە و سەلەفیەکانیش هەوڵیان دەدا کە جۆرە خۆگونجاندنێك لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا ئەنجام بدەن و کەوتنە داهێنان و بەکارهێنانی هەندێك زاراوە و ووشەی نوێ ی ئیسلامی کە هاوشان بن لەگەڵ زاراوەکانی لیبڕاڵ و دیموکراسیەکاندا بۆ نموونە زارەوەی شورایان لەبەرامبەر دیموکراسی وزارەوەی ئەهلی حەل و عەقد لەبەامبەر

نوێنەرانی گەلو زاراوەی ئیجتیهادیان لەبەرامبەر ئازادیە فکریەکان بەکاردەهێنا و داهێنا و بەمەش ڕیفۆرمخوازە ئیسلامیەکان زیاتر لەمانا و تێگەیشتنی ئیسلامیەکان دووردەکەوتنەوە .

بیریارانی عەرەبی ئیسلامی کۆن لەکاتێکدا لەسەر(( سیاسەتی شارستانی)) یۆنانیەکانیان یان دەستووری یۆنانی نوسیوە لەنزیکەوە هیچ شارەزاییەکیان نەبوە لەو شارستانیەتە یان ئەو دەستوورەدا وەك فارابی فەیلەسوف, بەلاّم فەیلەسوفە نوێکانی ئیسلامی وەك تەهتاوی کاتێك دەربارەی دەستووری 1818ی فەرەنسی دەنوسێت ئەو لەنزیکەوە لەکۆمەڵگای فەرەنسی تێگەیشتووە.لەبەرئەوەی نوێگەرانی عەرەبی ئیسلامی لەئێستادا پشت نابەستنە گوتە و نوسین و لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوف و بیریارانی کۆنی عەرەبی بەڵکو ڕوویان کردۆتە ئاڕاستەیەکی تر وەك ئیبن خەلدون و لەنوسینەکانی ئەمدا کە دەربارەی کۆمەڵگا و سیاسەت و سەربەستی نوسیویەتی زیاتر ئاماژەی دینیان تیادایە لەخەڵکانی تر و زیاتر ووشەکانی خەلدونیان بەکارهێناوە وەك

(( الوازع و الخلل و العمران و الملك القهری ...هتد)).

بەم شێوەیە ڕیفۆرمخوازانی نوێی ئیسلامی پێ لەسەر ئەو ڕاستیە دادەگرن و خۆیان جیا دەکەنەوە لە ڕیفۆرمخوازانی عەرەبی ئیسلامی کۆن بەوەی کە دان دەنێن بەدواکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان لەئەوروپاییەکان و لەهۆکاری





پێشکەوتنەکانی ئەوروپاییەکانیش دەکۆڵنەوە و ئەوەش باش دەزانن کە لەسەردەمانێکدا موسوڵمانەکان لەپێش ئەوروپاییەکانەوە بوون بەلاّم ئەوروپاییەکان هۆکاری زانست و پێشکەوتنەکانیان بەکارهێناوە و پێش ئیلامەکانیان داوەتەوە . بەلاّم ڕیفۆرمخوازە کۆنەکان تەنها هۆکاری دواکەوتنەکان دەگێڕنەوە بۆ لادانی کۆمەڵگای ئیسلامی لە ئیسلامی ئەصڵی و بەم شێوەیەش بیرو ڕا جیاوازەکان و ململانێکان لەنێوان کۆنەپارێز و ڕیفۆرمخوازاندا بەردەوام دەبێت.

* * *

* *

*

# ریفـــــــــۆرم
# لە ڕۆژهـــــــەڵاتدا

➢ ریفۆرمیستەکان لە ڕۆژهەڵاتدا , کارێکی سەخت و دژوارو زۆر هەستیاریان لە ئەستۆدایە وەك لە ڕیفۆرمخوازانی ڕۆژئاوا لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :—

1. ئازادیەکان لەڕۆژهەڵاتدا وەك لەڕۆژئاوادا نەچەسپیون. تاکە کەس ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیڵێت یان بیکات یان داوای ڕیفۆرم بکات لەو بوارەی کە دەیەوێت بەشێوەیەك کە تووشی بەرەنگاری نەبێتەوە و دژی بیروباوەڕەکانی نەوەستنەوە. بەڵکو بەتوندترین شێواز وەڵام دەدرێنەوە .لەبەرئەمە خاوەن بیروباوەڕە ڕیفۆرمخوازەکان لەناو دڵ و مێشکی خۆیاندا دەیهێڵنەوە یان لەلای کەمێك لەکەسە نزیکەکانیان دەیدرکێنن.چونکە ئەوەی کە بیروڕاکانی بەئاشکرا بدرکێنیٚ ئەبێت حسابی ڕووبەڕووبونەوە و قوربانی دان بکات .

2. کەسی ڕیفۆرمخواز لەڕۆژهەڵاتدا کارەکەی زیاتر سەخت و گرانە . چونکە پێش ئەوەی دەست بکات بەبانگەوازی ڕیفۆرمخوازی دەبێت دوو مەسەلەی بەباشی لێکدابێتەوە, یەکەمیان لێکدانەوەی ووردی سروشتی ڕۆژهەڵاتیەکەی و مێژووی نەتەوە و عەقڵیەت و توانای و کاریگەری ڕیفۆرم





لەسەری . دووەمیشیان لێکۆڵینەوەی مەسەلەی ڕۆژئاوا و چۆنێتی گەشەکردن و سەرهەڵدان و کاریگەریەکانی,چونکە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا زۆر جیاوازیان هەیە لە عەقڵیەت و شارستانیەت و مێژوو و داب و نەریتدا ,کاتێك ڕۆژهەڵات بەئاگا هاتۆتەوە ڕۆژئاوا چەندین قۆناغی بڕیوە . ڕۆژئاوا گەشەکردنێکی ئاسایی و خودی تیادا بەرجەستە بوە. بەڵام ڕۆژهەڵات لەسەر دەستی چەند کەسێکی ڕیفۆرمخوازی ڕۆژئاواییەوە بەئاگا هاتۆتەوە کە شێوە تێکەڵیەکی تیادا دروست کردوە .هەربۆیە ڕیفۆرمخوازی ڕۆژهەڵات دەبێت بەدووچاو ببینێت . چاوێکیان بڕوانێتە مێژوو سروشتی ڕۆژهەڵاتیەکەی و چاوەکەی تریشی بڕوانێتە چۆنێتی گەشەکردنی ڕۆژئاوا و دواتر هەوڵی دیاریکردنی جۆرێکیان بدات و هەندیٚ گۆڕانکاری تیادا ئەنجام بدات و دەست بکاتە ڕیفۆرمکردن تیایدا .

3. لەڕۆژهەڵاتدا,کاری ڕیفۆرمخوازی گەلێك سەختە, چونکە ژیان لێرە زۆر ئاڵۆزە و لەنێوان تاکەکانیدا یەکەیەکی هاوبەش نیە ,بۆ نموونە بیرکردنەوەی تاکەکانی,هەندێکیان تاخاڵی کۆتا عەقڵیەتێکی چەقبەستوو دۆگمایان هەیە و لەئاستێکی نزمدان ......و هەندێکیشیان بەڕادەیەك ئازادە کەلەوپەڕی سەربەستیدایە و بیروباوەڕەکانی زۆر پێشکەوتنخوازانەیە. ئەمە لەوانەیە لەزۆر نەتەوەدا هەبێت,بەڵام لەڕۆژهەڵاتدا زیاتر ئاشکراترە وەك لەڕۆژئاوادا .چونکە ڕۆژئاوا ڕۆشنبیریەکی

گشتیان هەیە کە بۆتە دروستبوونی یەکەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا. هەر لە هەڵسوکەوت و زانست و نان خواردن و جل وبەرگ پۆشین و ...هتد.ئەم نزیکی و بوونی خاڵە هاوبەشانە لە ڕۆژئاوادا کاری ڕیفۆرمخوازانی ئاسان و سانا کردوەو بەپێچەوانەشەوە لەڕۆژهەڵاتدا نەبوونی ئەو خاڵە هاوبەشانە کاری ڕیفۆرمخوازانی سەخت و گران کردووە.

*　*　*

*　*

*





## ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکاو کاریگەریەکانی لەسەر پڕۆسەی ڕیفۆرم لەدونیادا ....

➢ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێك ڕووداو بونەتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی گەورە لەدونیادا بەشێوەیەك کە دونیای پێش گۆڕان و دوای گۆڕانەکە گەلێك جیاواز بوون لەیەکتری. گەورەیی و کاریگەری ئەو ڕووداوانە دەبنەهۆی بێوێنەیی ڕووداوەکە. لەو ڕووداوانەش ڕوودانی هەردوو جەنگی جیهانی و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ یەکەمجار لەسەدەی بیستدا لەشارەکانەی هێرۆشیماو ناگازاکی لەیابان لەلایەن ئەمریکاوە.

ئەم ڕووداوانە هێندە گەورەو کاریگەربوون کە تائێستاش کاریگەریان لەسەر دونیا هەر ماوە و وەکو چەند وێسگەیەکی گرنگ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێن لەبەر گەورەیی و کاریگەری و ژمارەی قوربانیانیان و مەترسیەکانیان بۆ سەر ئایندەش.

لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمیشدا و لەکاتێکدا کە هیچ کەس و وولآت و لایەنێك بەنیازنەبوون کە دونیا گۆڕانێکی گەورەو ڕووداوێکی گەورەتری تیادا ڕووبدات, ڕووداوێك کە سەرتاپای بیروبۆچونەکان داگیر بکات و بەخۆیەوە سەرقاڵی بکات

ڕووداوێك كە كاریگەری و مەترسیەكەی هێندە گەورەبوون كە دونیای كردە دووبەش و دووئایدیاو دوو گوتار و دووهەڵوێست.
ئەم ڕووداوە دونیایەكی نوێی هێنایە ئاراوە كە زۆر جیاواز بوو لەدونیای پێشخۆی .ڕووداوێك كە ئەگەر لەهەر جێگە و وولاَتێكی تردا ڕووی بدایە هێندەی ئێستا كاریگەر و مەترسیدار نەدەبوو.هەربۆیە ئەم ڕووداوە لەگەورەیدا بێوێنەیە لەكاریگەریدا بێ هاوتایە لە یەكلایكردنەوەی دونیادا ومەترسیدارتریشە,هەربۆیە بەڕووداوە گەورەكە یان ڕووداوی سەدە ناودەبرێت, ئەویش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریكایە كە لەڕۆژی 3شەممەدا ڕوویدا و بە 3شەممەی ڕەش یان 3شەممەی گەورە ناوزەد دەكرێت . ڕووداوەكە لەناو جەرگەی هەردوو شاری گەورە و گرنگی واشنتۆن و نیویۆركدا ڕوویاندا و بە 5-7 فرۆكەی مەدەنی هێرش كرایە سەر ( سەنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن و كۆنگرێس و كۆشكی سپی ) و هێرشەكانی سەر پێنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی سەریان گرت و ئەوانی دی ئامانجەكانیان نەپێكا . ئەم ڕووداوە گەورەیەكەی لەوەدایە لەناو جەرگە و هەناوی ڕابەری دونیادا ڕوویدا لە ئەمریكای بڕیار بەدەست و بڕیاردەر لە سەر ئێستای دونیا ڕوویدا لە سەنتەری ڕابەری سیستەم و نەزمی نوێی دونیادا ڕوویدا لە مەڵبەندی پێشكەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەكاندا ڕوویدا . ئەم ڕووداوە لەلایەن وولاَتێكی گەورەو ئامادە بۆ شەڕەوە بەرپا نەكرا بەڵكو لەلایەن ڕێكخراوی ئیسلامی توندڕەوی





ئەلقاعیدە بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادنەوە پیلان و ئامادەكاری و جێبەجێكردنیشی بۆ دانراو ئەنجام درا و تیایدا هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی كە هەریەكەیان لە 110 نهۆم پێك هاتبون و خاپوركران و تەخت بوون لەگەڵ زەویدا و پێنتاگۆنیش بەشێكی گەورە و گرنگی لێ وێرانكراو زیاد لە 5هەزار كەسی سیڤڵ بونە قوربانی ئەو كارەساتە. بەم شێوەیە ئەم كارەساتە بوە هۆی ڕاچەنینی هەموو دونیا بەگەورەو بچوكەوە و دونیا لەدوای ڕووداوەكە بوە دونیایەكی تر و دابەشبوە سەر دووبەرەی دژبەیەك, بەرەی دژە تیرۆر بەسەركردایەتی ئەمریكا و بەرەی تیرۆریستان بەسەركردایەتی تۆڕی جیهانی ئەلقاعیدە و هەموو ئەو وولاَت و گروپ و ڕێكخراوە ئیسلامی و توندڕەوانەی كە هاوكاری و پشتیوانیان لەم ڕێكخراوە دەكرد.

ئیدی جەنگێكی گەورەی دونیای ڕاگەیەنرا, بەلاَم جیاواز لەهەردوو جەنگی جیهانی و جەنگی سارد, ئەم جەنگە جەنگێكی شاراوە و دوژمنێكی نهێنی و بلاَو لەناو ڕیزەكانی بەرامبەریدا, دوژمنێك خاوەن بەرنامە و شێواز و ئامڕازی تایبەتی كە جیاواز بوو لە شێوە و شێواز ئامڕازی سوپایەكی مۆدێرن و ڕێكخراو و خاوەن ئەزموونی شەڕ.دوژمنێك بەمرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشكەوتن و هەموو ئاكارێكی خۆش گوزەرانی و ژیاری . ئەم دوژمنە هیچ سلێك ناكاتەوە لەهیچ ئامانج و وێرانكاریەك و دەست ناپارێزێت لە هیچ بوارێكی ژیانی پێشكەوتوو لە ئەمریكا و ئەوروپا و تەنانەت لە وولاَتە ئیسلامیەكانیش .

بەم شێوەیە ئەمریکاش لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و وڵاتانەیان خستە لیستی تیرۆریستانەوە کە داڵدە و پشتیوانی مادی و مەعنوی لە ئەلقاعیدە دەکەن و کردیاننە ئامانجە جەنگیەکانیان,ئیدی بە ئارەزووی خۆیان هەر گروپ و ڕێکخراوێك لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیاندا ڕێك نەدەکەوت هەرچەندە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی و مقاوەمەتی شەرعیش بونایەو لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکانیاندا تێبکۆشانایە ئەوانیشیان دەکردە تیرۆریست و فشارو گەمارۆی ئابوری و مادیان دەخستنە سەر و ناویان لەلیسی ڕەشی تیرۆریستاندا تۆمار دەکردن .

بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە (( خوێنەکەی عوسمان ))3 و ئەمریکا خۆی کردە خاوەنی و بەکەیفی خۆی و لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە هەر وڵات و ڕێکخراوێك کەلەگەڵ ئامانج و تێڕوانینەکانی ئەودا نەدەگونجا دەیکردە تیرۆریست و دوژمنایەتی دەکرد بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە مقاوەمە و شۆڕشگێڕە یان نا.ئاشکراشە کاری تیرۆریستی و مقاوەمەت هێڵێکی باریکی لێڵیان لەنێواندایەوە وهەموو شۆڕشگێڕی ومقاوەمتێکی شەرعی گەلان ئەگەر پەنا بباتە بەر کوشتنی ڕەشکوژی و خەڵکانی بێگوناهو مەدەنی و ئاوادەنیەکان ئەوا دەبێتە تیرۆریست و هەربۆیەش تائێستا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای تیرۆریست و مقاوەمەی شەرعی لەدونیادا نیە و نەکراوە .چونکە کارێکی زەحمەتە و ئاسان نیە .هەربەهۆی ئەم





ڕووداوەوە بوو کە ئەمکریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر ڕژێمی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا و توانرا ئەو ڕژێمە بڕوخێنرێت و ئەلقاعیدەش لەبەریەك هەڵبوەشێنرێت و لاواز و پەرت وبلاو بکرێت و دوای ئەم جەنگەش ئەندام و لایەنگرانی ئەلقاعیدە بەهەموو دونیادا بلاوبونەوە و جەنگەکە قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی و دواتر ئەمریکا پەلاماری ڕژێمی عێراقیشی دا و ئەویشی ڕووخاند و هێندەی تر ئاژاوەکە قوڵبوەوە وبەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەلاتیناوەڕاستدا کە لە بنچینەدا بۆخۆی ناوچەیەکی گەرمی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرئیل بوە و پرکێشە و ململانێ بووە. هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا پرۆژەیەکی گەورەی گۆڕان و ڕیفۆرمی بۆکۆمەڵگاو حکومەت و دەسەلاتدارانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست داڕشت بەناوی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەوە کەمەبەست لێی گۆڕانکاری بوو لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و بەزانستیکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بوو .چونکە ئەمریکا لەو ڕاستیە گەیشتبوو کە هەژاری و دواکەوتووی و چەوسانەوە و نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانەدا هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بوونی توندڕەوی و تیرۆر. کەئەمانەش مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمەودای دوورو نزیکدا . هەربۆیەش چارەسەر بریتیە لە چێکردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەجیاتی تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت, چەسپاندنی ئابوریەکی

بەهێزو کراوە و شەفاف و بازاڕێکی ئازاد لەجێگەی ئابوریەکی داخراو و ئاڕاستکراو وکۆنترۆڵی حکومەتەکان. گۆڕینی سیستەمی کۆمەلأیەتی لە کۆمەڵگایەکی داخراوەوە کە مافەکانی مرۆۋ و ژنانی تیادا پارێزراو نەبوبێت و هیچ جۆرە ئازادیەکی تیادا نەبێت بەسیستەمێکی سەربەست و ئازاد و کراوە .کە تاکەکانی کۆمەڵ هەست بەبوون و وجودی خۆیان بکەن لەجیاتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نەخوێندەوار و هەژار و بێکار کۆمەڵگایەکی زانستی و پێشکەوتوو خۆشگوزەران دابمەزرێنن.بەمەش دونیایەکی نوێ دوور لەتیرۆر و تیرۆریستان دادەمەزرێت کە جێگەی توندڕەوی و دەمارگیری تیادانامێنێتەوە . ئەم پرۆژەیە سنوری جوگرافیاکەی هەموو وولأتە عەرەبیەکان و ئیسرائیل و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە . ودوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمی تالیبان و بەعس , فشارەکان لەسەر سوریاو ئێران چڕبونەتەوە بەهۆی پشتگیریان لە حیزبولأی ئیسلامی و کێشە ئەتۆمیەکەی ئێران و دەستێوەردانی کاروباری عێراق.

لەبەرئەمە گۆڕانکاریەکان بەڕێوەیە بۆ ناوچەکە و ولأتانی عەرەبی ناوچەکەش کەوتونەتە خۆ بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەهەموو بوارەکانی ژیاندا و دەیانەوێت بەمەش سیماو ڕوخساریان جوان بکەن و لەگوڕوتینی پرۆسەکەش کەم بکەنەوە و تابتوانن جەماوەکانیشیان ڕازی بکەن , هەروەکو عەلی عەبدولأی سەرۆکی یەمەن ووتویەتی (( پێش ئەوەی سەرمان بتاشن





باخۆمان چاکی بکەین ))4. بەلأم نازانن کە ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن نابێتە ڕێگر لەبەردەم داواکاری گەلەکانیان و ئەمریکاشدا .چونکە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین ریفۆرمێکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن چونکە سەرکەوتنی و ئەنجامدانی ریفۆرم مانای ڕووخان و لەناوچوونی خۆیانە.بەلأم ئەم باهۆزی گۆڕانکاری و ریفۆرمانە بەڕێوەیە و بۆ پێش دەچێت و درەنگ بێت یان زوو هەموو ئەو دەسەلأت و حکومەتانە دەگۆڕێت و کۆمەڵگایەك و ناوچەیەکی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی نوێ دێتە ئاراوە .

بەم شێوەیە ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتوە لەسەر هەموو دونیا و بەتایبەتیش ئەم ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستە و هاندەر و هۆکاری سەرەکیشە بۆ چێکردنی پرۆسەی ریفۆرم و سەرکەوتنیشی ....

* * *

* *

*

# چەند نمونەیەك لەڕیفۆرمی وولآتـان و كۆمەڵگاكانی ڕۆژهەلآت

## ➢ ڕیفۆرم لە وولآتانی عەرەبیدا

ئاشكرایە جۆری سیستەمی حوكم لەسەرجەمی وولآتە عەرەبییەكاندا دابەشبۆتە سەر دووجۆر حوكم,یەكەمیان پاشایەتی و دووەمیان كۆمارییە,هەرچی پاشایەتیەكانە بەشێوەی ویراسەت حوكم لەناو بنەماڵەی پاشایەتیدا قەتیس بوە و دەرچوون و گۆڕان تیایدا زەحمەتە .هەرچی كۆمارییەكانیشە بەهۆی مانەوەی زۆر لەحوكمدا و دروستبوونی تاك ڕەوی و دیكتاتۆریەت تیایاندا و دەستبەرنەدان لە ئیمتیازات و دەسەلآت و خۆشیەكانی كورسی حوكم وایان لێهاتوە كەكار بۆ هێنانە سەر حوكم یان جێگرتنەوەی سەرۆكەكان لەلایەن یەكێك لەكوڕەكانیانەوە دەكەن وەك ( بەشار ئەسەد و جمال موبارەك و ئەحمەدی عەلی عبدولاّ صالح و سەیفی ئیسلامی كوڕیموعەمەر قەزافی )و ئەمانیش هەر بەناو پاشایەتی نین ئەگینا لەناوەڕۆكدا وەك ئەوانن.

هەردوو جۆر حوكمەكە لەسەر بنچینەی بنەماڵەیی و تاك ڕەوی و جەورو ستەم دامەزراون و هیچ بڕوایەكیان بە دیموكراسیەت و هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی دەسەلآت نیە و گاڵتەیان بە چاكسازیە دەستوریەكان و بوونی ئازادیەكان و پاراستنی مافەكانی ژنان و مرۆڤ دێت و ڕێگرن لەبەردەم كاری كۆمەڵە و ڕێكخراوە پیشەیی و





دیموكراسی و مەدەنیەكاندا و گرنگیەكی زۆر نادەنە لایەنی كۆمەلآیەتی و ئابوری كۆمەڵگاكانیان و بەهەموو شێوە و شێوازێك كاردەكەن بۆ توندكردنی دەسەلآتیان و درێژەدان بەحوكمیان .

مێژووی وولآتانی عەرەبی لەوكاتەوەی كە بەناو سەربەخۆبوون و وولآتانی خاوەن سیادەیان پێك هێناوە و سنووریان بۆ دیاریكراوە هەریەكەیان بەپێی میزاجی تاكە كەس و پاشاو سەرۆك و تاكە حیزب و هەندێ جاریش قەبیلە و عەشیرەت بەڕێوە دەچن .دوور لە دەسەلآتی یاسا و دەستوور و شەرعیەت وەرگرتن لە گەلەوە .ئەم دەسەلآتانە هێندەی سەرگەرم و پەرۆشی مانەوەیانن و چەسپاندنی دەسەلآتەكانیانن .چارەكی ئەوە پەرۆشی پێچشخستن و چاكسازی نەبوون لە دام و دەزگاكانی دەسەلآتەكانیاندا بەبڕوبیانوی بێ ئەرزشەوە گوێی خۆیان خەواندووە لەو مەسەلەیەدا . هێندەی بەتەنگ سەروەت و سامان كۆكردنەوەی خۆیان و بنەماڵەكانیان بوون چارەكی ئەوە بەتەنگ نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و بێكاری و دواكەوتوویی و نەخۆشی كۆمەڵگاكانیانەوە نەبوون.

بەم شێوەیە ئەم كۆمەڵگایانە كە خاوەن توانایەكی مادی و مرۆیی گەورەن لەڕەوتی پێشكەوتنیدونیا و لەزانست و تەكنەلۆژیاو پیشەسازی و داهێنان دواكەوتن و بونە پاشكۆی ڕۆژئاوا و ئەورووپاو گەندەڵی هەموو بوارەكانی ژیانی گرتۆتەوە بەجۆرێك كە دەربازبون یان چارەسەركردنی نیمچە مەحاڵ بووە.بەو بیانوەی كە ڕیفۆرم و چاكسازی دەبێت لەناوخۆوە بێت و بەتوانای

ناوخۆيی و ئامرازی ناوخۆيی و ئيسلامی بێت و بەهەموو جۆرێك ڕێگربوون لەهاوكاری و كارئاسانی و سوودوەرگرتن لەئەزموونی دەرەكی و بەتايبەتيش ئەوروپی و ئەمريكی.

هەربۆيە ڕەوتێك لەناو كۆمەڵگا عەرەبيەكاندا و بەتايبەتيش لەناو ڕۆشنبيران و چينەكانی تردا سەری هەڵدا كەداوای گۆڕان و ڕيفۆرميان دەكرد لەسەرتاپای ژيانی كۆمەڵگاكانياندا هەر لەبواری سياسی و ئابوری و ئيداری و كۆمەڵايەتی و خوێندن و زانست و ئەدەب و ...هتد...ئەم ڕەوتە هەرچەندە سەرەتاكانی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاكانی سەدەی بيست ,بەڵام لەدوای ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 ی ئەمريكاوە گوڕوتينێكی بەهێزی پەيداكردوە و كاريگەريەكانی واگەورە بوە كە خودی نوخبەی سياسی و دەسەڵاتی لەووڵاتانی عەرەبيدا گرتۆتەوە .

ئەم پڕۆسەی ڕيفۆرمەش دوو هۆكاری سەرەكی كاريگەری لەسەری هەبوە :-

1. هۆكاری ناوخۆيی

ئاشكرايە لەئەنجامی چەندين ساڵی دوورو درێژی حوكمی پاشاو سەرۆكەكان و بەردەوامی جەورو ستەم و داپڵۆسين و بەهەدەردانی توانا مادی و مرۆيەكانی ئەو كۆمەڵگايانە و نەبوونی هيچ جۆرە ديموكراسيەت و ژيانێكی سەربەستی فرەيی حيزبيانە و نەبونی ئازاديەكان و ڕاگەياندن و ڕێزنەگرتن لەمافەكانی مرۆڤ و ژنان و زيادبوونی هەژاری و بێكاری و بەردەوام بوونی ياسای تەواری وبەشدارينەكردنی جەماوەر لەحوكمدا و نەبونی بازاڕێكی





ئازاد و ئابوريەكی بەهێز و سوود وەرنەگرتن لەزانست و داهێنانەكانی سەردەم.

وای كرد كە جەماوەر و بەتايبەتيش نوخبەی ڕۆشنبيران و گەنجان و ژنان و چينەكانی تريش ڕق و بێزاريەكی زۆر دەربڕن و لەهەر فورسەتێكدا بۆيان هەڵبكەوتايە خۆپيشاندان و ناڕەزاييان دەردەبڕی دژی دەسەڵات و هێزی سوپاو پۆليس دەوەستانەوە جارێك بەئاشتيانە و جارێك بەپەنابردنە بەر چەك و پەلاماردان و ڕاپەڕين و هەندێك جاريش بەدامەزراندنی كۆمەڵە و گروپ و ڕێكخراوی مەدەنی و پيشەيی و ديموكراسيەوە.

هەربۆيە ئەم ڕق و قين و پەنگ خواردنەوەيەی جەماوەر وای كرد كە حوكم و دەسەڵاتە عەرەبيەكان لەناو خۆياندا و لەچينی دەسەڵاتداردا بەتايبەتيش گەنجەكانيان جۆرە ڕيفۆرمێك سازبكەن بەئامانجی هێوركردنەوە و كپكردنەوەی داواكاریو ڕق وقينی جەماوەر بەوەی كە هەندێ گۆڕان لەياساو دەستوور و ياساكانی هەڵبژاردندا بكەن و جۆرە ئازاديەكی حزبی و ميدياكان بدەن و كارئاسانی بۆ ڕێكخراوە مەدەنيەكان بكەن و كەمێك ئازادی بازاڕ دابين بكەن و چاوبخشێننەوە بەياسا مەدەنيەكاندا و ڕێگە بەژنان بدەن بۆ خۆ هەڵبژاردن و دەنگدان و ياسای ميراتی و شووكردن و تەلاق دان و..هتد.

2. هۆکاری دەرەکی

ئاشکرایە لەم سەردەمەدا هۆکاری ناوخۆیی بەبێ یارمەتی و هاوکاری هۆکاری دەرەکی ناتوانێ سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێ چونکە حاکم و پاشاکان ڕێگەی بچوکترین کاری سیاسی و دیموکراسی نادەن بەجەماوەرەکانیان . هەربۆیە بەبێهۆکاری دەرەکی مەحاڵە پرۆسەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگا عەرەبییەکاندا بێتەدی .

ئاشکراشە فشار و دەستێوەردان و هاندانی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ چێکردنی ڕیفۆرم لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لەدوای 11ی سێپتەمبەرەوە بەشێوەیەکی گەورە و بەرچاو هەستی پێ دەکرێت چونکە بۆیان دەرکەوتوە کە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و کپکردنی دەنگ و ڕەنگ بۆتە هۆی دروستبوونی تیرۆر وتیرۆریستان کە ئەمەش کێشە و مەترسیەکی گەورەی بۆسەر ئەمنی نەتەوەیی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دروست کردوە . لەبەرئەمە ئەمریکا توندتر لە ئەوروپا کار بۆ گۆڕین یان ڕیفۆرمی سەرتاپای حوکمی وڵاتانی عەرەبی دەکات.





➢ عەرەبەکان بۆ خۆشیان لە سێ ڕوانگەی نەزەریەوە دەڕواننە ڕیفۆرم و قبوڵیانە ئەوانیش:

1. ڕوانگەی شەپۆلی دیموکراسی لیبڕاڵی :-

کەوالەڕیفۆرمی سیاسی دەڕوانن کە بریتیە لە پرۆسەی بیناکردنی کۆمارێکی دیموکراسی عیلمانی یان پاشایەتی دەستووری لەسەر شێوەی ڕۆژئاوا و داوادەکەن کە دەسەڵاتی حاکم و پاشاکان کەمبکرێتەوە و یاسا سەروەر بێت و ڕاگەیاندن ئازادبێت و هەڵبژاردنی ئازاد و سەربەخۆ بکرێت و یاساکانی تەواری نەمێنن و دادگاکانی شۆڕش و ئاسایشیەکان نەمنێن و گرنگی بدەن بەمافەکانی مرۆڤ و ژنان و ژیانی حیزبایەتی ئازاد دابین بکەن و ڕێگە بەکۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بدەن کەکار بکەن .

2. ڕوانگەی ئیسلامیە میانڕەوەکان :-

کەکەمینەیەکی گرنگن لەناو بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا و ئەمانیش وەك لیبڕاڵەکان داوای هەڵبژاردنی ئازاد و دیاریکردنی ماوەی سەرۆکایەتی و چەسپاندنی دام و دەزگاکانی هەڵبژاردن دەکەن بەمەرجێك ئەم ڕیفۆرمە سیاسیانە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا یەکانگیربن و دژ نەبن .و ئەمان پێیان وایە ئەم پرۆسەی ڕیفۆرمە لەسەر دەستی حکومەتێکی

ئیسلامی دێته دی كه شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بكات.نەك لەسەر داب ونەریتی ڕۆژئاوای عیلمانی.وەك لەپرۆژەی ئیخوان موسلیمینی میسردا داهاتوه كه له ساڵی 2005دا ڕایانگەیاند و له 18 خاڵ پێك هاتبوو بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئێستای میسر .

3. **ڕوانگەی تازەگەری** (( **مۆدێرنێته**)) :-

باشترین كاری ئەم ڕوانگەیه ئەوەیه كه داوادەكەن حوكمێكی باش و باشتركردنی پرۆسەی دادەوەری و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و زیادكردنی بەشداریكردنی سیاسی گەنجان و ژنان و كاراكردنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و زیادكردنی هۆشیاری مافەكانی مرۆڤ و ئازادكردنی میدیاكان.

ئەم سێ ڕوانگەیه تائێستا نەیان توانیوه گوڕوتینێكی گەورە بدەنه پرۆسەی ڕیفۆرم .چونكه دەسەڵاتدارانی عەرەبی بۆ خۆیان لەژێر فشارە ناوخۆیی و دەرەكیەكاندا هەندێ چاكسازی و گۆڕانكاریان كردوه وەك پرۆسەیەكی ڕیفۆرمی كەبۆته هۆی هێوركردنەوە و كەمكردنەوەی كاریگەری ئەم كۆمەڵە و گروپانه.جابۆئەوەی ئەم پرۆسەی ڕیفۆرمە كاراتر بكرێت و بتوانرێت دیموكراسیەتێكی ڕاستەقینە بونیادبنرێت پێویسته:-





- گروپی لیبڕاڵەكان توانا جەماوەریەكانیان زیادبكەن ئەوەش بە پێشكەشكردنی داواكاریە كۆمەڵایەتیەكانیان بەشێوەیەك كه بگونجێت لەگەڵ داواكاریە سیاسیەكانیاندا.
- گروپی ئیسلامیە میانڕەوەكان هەوڵی بەهێزكردنی تواناكانیان بدەن بەدروستكردنی هاوپەیمانیەك لەنێوان خۆیان و ئۆپۆزسیۆنە عیلمانیەكاندا بۆ زیادكردنی كاریگەریان لەناو ناوەندە ئیسلامیەكاندا.
- ئایندەی جەنگی دژە تیرۆر و بەرەو كوێ چوونی له عێراق و فەلەستیندا كه هەستی جەماوەری عەرەبی دژی ئەمریكا زیاد كردوە كه پرۆسەی ڕیفۆرم گرانتر دەكات .
- ویستی ئەمریكا و ئەوروپا لەسەر فشاركردن لەپێناو گۆڕان بەرەو دیموكراسیدا ئاڕاسته و توانای پرۆسەی ڕیفۆرم دیاری دەكات .

## پرۆسەی ڕیفۆرم لەووڵاتانی عەرەبیدا ( 3 ) سیفاتی گرتۆته خۆ:

1. پێشكەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرم بەندە بەڕێژەی جدیەتی نوخبەی دەسەڵاتداران له وڵاتانی عەرەبیداو هەر ووڵاتێك بەجیا.

2. بەندە بە توانای نوخبەی دەسەڵاتدار بۆ مناوەرەکردن لەنێوان چێکردنی بوارە جیاکانی ڕیفۆرم بەتایبەتیش بوارەکانی ئیداری و ئابوری و سیاسی .
3. بەندە بەهەڵوێستی نوخبەی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر فشارەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمریکا .

➢ **لێرەشەوە دەکرێت کە ئەزموونی عەرەبی لە بواری ڕیفۆرمدا بکرێتە ( 5 )جۆرەوە :-**

1. **ڕیفۆرمی سیاسی دەستپێشخەر :-**

کە هەندێ وڵاتی عەرەبی زۆر لە مێژە دەستی کردۆتە پرۆسەی ڕیفۆرم بۆ نموونە : مەملەکەتی مەغریب کەلەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی پێکردوە .دیارترین ڕیفۆرمیش :گرتنە دەستی دەسەڵات بوو لەلایەن پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە لەساڵی 1998دا و هەموو گۆڕانکاریە دەستووریەکانی دواتر. و لەوانەش پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و ویژدان لەساڵی 2004 و 2005دا تایبەت بە پێشێلکاریەکانی بواری مافی مرۆڤ و دواترینیشیان تایبەت بەمافەکان و ئازادیەکانی ژنان .

2. **ڕیفۆرمی ئیداری و ئابوری و ئیلتیزامی گوتەیی بە ڕیفۆرمی سیاسیەوە :-**

ئەم جۆرەشیان لەهەردوو وڵاتی ئوردون و تونسدا چێ بووە و توانیویانە تاڕادەیەکی باش ڕیفۆرم لەبوارەکانی ئابوری و





ئیداریدا چێ بکەن . بەڵام لەبواری سیاسیدا کارێکی گەورەیان نەکردوە, کە ئەم کارانەشیان جێگەی ڕەزامەندی ئەمریکا و ئەوروپیەکان بوون.

3. **ڕیفۆرم لەژێر فشاردا:-**

ئەم جۆرە لە ڕیفۆرم لە وڵاتانەدا چێ بوە کە حوکم تیایاندا درێژخایەن بوە و توانای جەماوەر و گروپەکانی ناوخۆ زۆر لاواز بوە لەگۆڕانی دیموکراسیدا. وەك وڵاتانی میسر و سعودیە, هەربۆیە پەنا براوەتە بەر فشاری دەرەکی و هەردوو وڵات کەوتونەتە هەندێ ڕیفۆرم وەك ئەوەی لە میسردا کرا لە گۆڕانی دەستوور و گۆڕینی هەڵبژاردن و تەنها یەك کەس بۆ سەرۆك کۆمار و لە سعودیەشدا یانەیەك بۆ گفتوگۆی ڕیفۆرم دامەزرا. دیارە ئەم گۆڕانکاریانە زۆر کەم و بچوك بوون بەڵام لەلایەن کۆنە پارێزانەوە زۆر بەتوندی بەرەنگاریان لێدەکرا.

4. **دژە ڕیفۆرم:-**

ئەم پرۆسەی ڕیفۆرمە تەنها لەووڵاتی سوریادا بەرەنگاری دەکرێت و بەئاسانی مل نادات بۆ فشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان, بەڵام لەدوای بوونی بەشار ئەسەد بەسەرۆك کۆمار و لەکۆنگرەی دواهەمینی حیزبی بەعسی دەسەڵاتداردا لەساڵی 2005دا توانرا هەندێك لەسەرانی کۆنی حیزبی بەعس دووربخرێنەوە هەرچەندە کارێکی ئەوتۆ نەبوو.

هەروەها لیبیاش هەمان شێوەی سوریایە و هەڵوێستی توندی هەیە دژ بە ڕیفۆرم,بەڵام لەژێر فشارەکانی دەرەوەدا و لەلایەن

نوخبەی گەنجی دەسەڵاتدارەوە هەندێ ڕیفۆرمی بچوك ئەنجامدراوە بەڵام لەئاستی پێویست دا نەبوون.

## 5. ڕیفۆرمی خۆبەخۆیی لەکەنداو :-

وولاتانی کەنداوی عەرەبی خۆبەخۆ و وەك پێشکەوتن و جۆرە خۆگونجاندێك لەگەڵ بارودۆخە نوێیە دونیاییەکەدا کەوتۆتە چێکردنی پرۆسەی ڕیفۆرم لەدەستوور و یاساکانی هەڵبژاردن و ماف و ئازادی و بەشداری ژنان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادکردنی کاری ڕێکخراوە مەدەنیەکان و...هتد..ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم کارانە هەرچەندە بچوکن بەڵام سەرەتایەکن بۆ گۆڕانکاری گەورە و قوڵتر لەداهاتوودا .

- پرۆسەی ڕیفۆرم لە وولاتانی عەرەبیدا دوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەر و هاتنە سەر حوکمی هەندێ لە وولاتانی عەرەب لەلایەن توانا گەنجەکانەوە وەك وولاتانی مەغریب و ئوردون و بەحرەین و سوریاوە گوڕوتینێکی زیاتری پەیدا کرد جا لەژێر فشاری ناوخۆیدا بێت یان دەرەکیدا بێت، ئاشکرایە هەردوو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی کاریگەری خۆیان هەبوە لەسەر ئەو گۆڕان و ڕیفۆرمانەی کە کراون هەرچەندە زۆرینەیان مەبەست جوانکاری سیما و ڕوخساری دەسەڵاتدارەکان و سیاسەتەکانیان بوە نەك پرۆسەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی





گۆڕان و ڕیفۆرم. ڕۆژئاواو ئەمریکاش مەبەست لەو فشارانەیان بۆ سەر دەسەڵاتە عەرەبیەکان هەمان ئامانجە کلاسیکیەکانیان بوە لە دەستخستنی نەوت و پاراستنی ئەمنی ئیسرائیل و پرۆسەی ئاشتی عەرەب _ئیسرائیل و لە و پێناوەشدا موجازەفەی گەورەی کاتی کردوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی لەمەودای دووردا.

* * *

* *

*

## بيردۆزەی ( فەوزای دروستكەر )
## الفوضى الخلاق

➢ زاراوەی ( فەوزای دروستكەر ) لەم سەردەمەی ئێستادا و لەكاتی شەڕی نێوان حیزبولاَّو ئیسرائیل لەلوبنان و تەنانەت لە فەلەستین و عێراقیشدا بەزۆری بەكاردێت.بەلاَّم مێژووی بەكارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتونی فەیلەسوف كاتێك بەسیستەمی ڕژێمە گەندەڵەكەی شاری ڕەفاهی دەوت, لەكاتێكدا ئاشكرایە كە ئازادی ڕەها دەچێتە چوارچێوەی ( فەوزا) وە. ئەم زاراوەیە لە ئێستادا و لەسەردەمی ڕێكخستنەوەی بارودۆخی وولاَّتانی عەرەبیدا زۆر بەكاردێت كە لە هەناویدا بەرنامەی كاری نادیار و ئایندەیەكی مەترسیداری هەڵگرتوە .

بەلاَّم لەلایەن بڕیار بەدەستەكانەوە مایەی گەشبینی و جێگەی ڕەزامەندیە. خاتوو كۆندۆلیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لەمانگی 2006/7دا و پێش ئەوەی سەردانی ناوچەی ڕۆژهەلاَّتی ناوەڕاست بكات لەچاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەی ( واشنتۆن پۆسست ) دا ڕایگەیاندكە (( پشتیوانی تەواو لەگۆڕانە دیموكراسیەكان دەكات لەناوچەی وولاَّتانی عەرەبیدا و ڕەخنەی توندیشی گرت لە سیاسەتی دیفاكتۆ بەبیانوی پارێزگاری لەئارامی ناوچەكە و لەنێوان فەوزا و دەسەلاَّت گرتنە دەستی ئیسلامیەكاندا, ووتی ئەم بارودۆخەی ئێستا





هیچ جێگیر نیە و ئەو فەوزایەی كە پڕۆسەی گۆڕانی دیموكراسی دەیهێنێتە ئاراوە لەسەرەتادا بریتیە لە جۆرێك لە فەوزای دروستكەر كە پێدەچێت لە كۆتاییدا بارودۆخێكی باشتر بێنێتە ئاراوە )).

سیاسەتی ستراتیژی ئەمریكا لەلایەن موحافیزكارە نوێكانەوە و سەرۆك بۆشەوە بەو ئاڕاستەیەن كە سیاسەتی(( فەوزای دروستكەر)) لەدونیادا بگرنە بەر و لە چاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ كەناڵی عەرەبیەی ئاسمانیدا سەرۆك بۆش ڕایگەیاند

(( ئەگەر دەتانەوێت لەڕوانگەی من لەسیاسەتی دەرەوەدا تێبگەن ئەوا كتێبەكەی ناتان شارانسكی یارمەتیتان دەدات بۆ تێگەیشتنی زۆرێك لەو بڕیارنەی كە دراون و لەوبڕیارانەشی كە لەداهاتودا دەدرێن))5..

ناتان شارانسكی جولەكەیەكی ڕوسیە و كۆچی كردۆتە ئیسرائیل و بۆ یەك جار لەحكومەتی شارۆندا بۆتە وەزیر و سەرۆك بۆش لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە كۆشكی سپی چاوی پێكەوتوە و سەرسوڕمانی خۆی پێڕاگەیاندوە بەبیروڕاكانی كە لەكتێبی

(( مەسەلەی دیموكراسی))دا دەریبڕیوە . كە تیایدا بیردۆزەی ( فەوزای خەلاقی) ڕاڤەكردوە و داوای كردوە كە ئەمریكا كێشەی

(( تایەفی )) بەکاربهێنێت وەك هۆکارێك بۆ زاڵبوون بەسەر تەوەری شەڕدا و بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت لەناوچەی عەرەبیدا.

شارانسکی ئیسلامی بەبزوتنەوەیەکی تیرۆریستی لەقەڵەمداوە بەشێوەیەك کە نەك تەنها مەترسیە بۆسەر ئیسرائیل بەڵکە مەترسیشە بۆ هەموو دونیای ڕۆژئاوا.

ئەو وای بۆ دەچێت کە سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا تەنها بەبەکارهێنانی هێز و وشککردنی سەرچاوەکانی نابێت بەڵکو بەچارەسەرکردنی هۆکارە قوڵ و ڕیشەییەکانی دەبێت کە سەرچاوەی گرتوە لە سیاسەتەکانی ڕژێمە عەرەبیە داپلۆسێنەر و گەندەڵ و ئەو هۆشیاریە دژانەی کە بلاَوی دەکەنەوە لەبەرامبەر ئیسرائیل و ڕۆژئاوادا ولێرەشدا شارانسکی هاوڕایە لەگەڵ هانتنگتۆن کە دەڵێت :

(( ئیسلام دوژمنێکی شارستانیە بۆ ڕۆژئاوا)).6

ئەم سیاسەتەی موحافیزکارە نوێکان لەلایەن نوسەری بەناوبانگ ئەلیۆت کۆهینەوە پشتیوانی لێدەکرێت کە لەکتێبی (( سەرکردایەتی بالاَ ,سوپاو پیاوانی دەوڵەت و ڕابەرایەتی لەزەمەنی جەنگدا)) باس دەکات و کۆهین ڕای وایە کە

(( جەنگ دژی تیرۆر بریتیە لە جەنگی جیهانی چوارەم لەکاتێکدا جەنگی سارد بریتی بوو لە جەنگی سێیەمی جیهانی)) , هەروەها ڕای وایە کە دەبێت(( ئەمریکا





سەربکەوێت لە جەنگی دژ بە ئیسلامی ئسوڵیدا لە میانەی نانەوەی فەوزایەکی تایەفی بۆ زاڵ بوون بەسەر ڕادیکاڵیدا ))7.

هەروەها جۆرج بۆش لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی عەرەبیەی ئاسمانیدا ڕایگەیاندکە (( ئیسلامی ڕایکاڵی)) تاوانبارە و سەرچاوەی تیرۆر و نەبونی دیموکراسی و ئەنجام نەدانیپێشکەوتنە لە ناوچەی عەرەبیداو وای دانا کە ئیسلامی ڕادیکاڵی لەدوای شیوعیەتەوە دوژمنی ئاشتی و ئارامی دونیایە )).

ئەم سیاسەتی ( فەوزای دروستکەرە ) نویَ نیە لەلایەن ئەمریکاوە بەڵکو لەگەلێك کێشە و زەمەندا بەکاری هێناوە وەك لەکاتی هەلاَیسانی شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا بەڕابەرایەتی ئایەتولاَخومەینی و لەکاتی ڕووخانی دیواری بەڕلین و ڕووخانی سیستەمی شیوعیەت و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هەموو ئاژاوە و خۆپیشاندانەکانی ڕۆمانیاو ئۆکرایناو جۆرجیاو..هتدا.

دوای ئەوەی کە سیاسەتی بەئەمریکاکردنی دونیا بەهێز و کارکردن بۆ گۆڕینی ڕژێمەکان و جوگرافیاکان لەڕێگەی ( فەوزای دروستکەرەوە )هاتە دی و هەرکاتێکیش پێویستی بەبەکارهێنانی سوپا و چوونە ناوەوە کرد بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانە ئەوا بێدوودڵی ئەو کارە ئەنجام دەدرێت و ئەم سیاسەتەش بوە ئەرکی سەرەکی هەموو سەرۆکە ئەمریکیەکان.

بەم شێوەیە ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە وولاتە عەرەبیەکان لە دووڕیانێکدان و گۆڕانە سیاسیەکان هەردەبێت ئەنجام بدرێن و نابێت بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت,چونکە دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی لەئایندەدا.

خاتوو کۆندۆلیزاڕایس لە کۆڕێکدا لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا دەڵێت(( ئەمریکا ماوەی 60 ساڵە هەوڵی چێکردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە دەدات لەسەر حسابی دیموکراسیەت , بەڵام لەمەودوا بەرنامەیەك پەیڕەودەکات کە پاڵپشتی هەوڵەکانیئایندەی گەلانی ناوچەکە دەکات بۆ سەرکەوتن و بەرقەرارکردنی دیموکراسی.ئەم ئامانجەش لەسەرەتادا دەبێتە هۆی نانەوەی هەندێ کێشە لەسەر زەمینەی واقیع لە کاتی جێبەجێکردنیدا لەبەرئەوەی داواکاریە دیموکراسیەکان لە ئێستادا بۆتە گرەوی هەموو هێزە تایەفی و سیاسیەکانی ناوچەکە , پاڵپشتیکردنی ئەم داواکاریانەش مانای ئەوەیە کەپێکهاتەی ناوچەکە جارێکی تر دادەڕێژرێتەوە لەڕووی سیاسی و جوگرافی لە چوارچێوەی ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی نوێدا))8..

دەسەلاتدارە عەرەبیەکانیش هەریەکە لە وولاتەکانیاندا پڕوپاگەندە وپێشبڕکێی کوێرانە بۆئەم پڕۆسەی گۆڕانکاریانە دەکەن و هەریەکەیان دەیەوێت کە پێش ڕووداوەکە هەندێ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی جوانکاری نەك ڕاستەقینە ئەنجام بدات





تاکو سیماو ڕوخساری سیاسەتەکانی جوان بکات لەبەردەم ئەمریکاو جەماوەری گەلەکانیاندا, بەلام نازانن ئەمە سەرەتایەکە بۆ جارێکی تر داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە وەك ئەوەی لەئەنجامی ڕێکەوتنامەی ( سایکس بیکۆ ) ی ساڵی 1916 وە ڕوویدا و ئەم فەوزا دیموکراسیە دەبێتە هۆی زاڵبوونی زلهێزە دەرەکیەکان بەسەر سیاسەت و ئابوری و سەروەت و سامانی ناوچەکەدا ...

## نمونەی هەندێ ڕیفۆرم لە وولاتانی عەرەبیدا...

• سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە پڕۆسەی ڕیفۆرم لەلایەن پاشاو سەرۆك و میرەکانەوە هەرگیز بەویست و ئیرادەی خۆیان جێبەجێ ناکرێت ,تەنها لەژێر فشاری جەماوەر و هێزی دەرەکیدا هەندێ ڕیفۆرمی بچوك ئەنجام دەدەن بەمەبەستی جوانکاری و هێورکردنەوە و هەڵمژینی ڕقی گەلەکانیان . ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەمیشە هێزە ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنی و گروپی فشارەکان داوای ڕیفۆرم دەکەن نەك دەسەلاتدارانی حوکم. پڕۆسەی ڕیفۆرم لای دەسەلاتداران مانای گۆڕین و نەمان و ڕووخانە بۆیە بەهەموو شێوە و شێوازێ و توانایەکیانەوە بەرگری لێ دەکەن و بەلای هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە ڕیفۆرم مانای چاکسازی و نوێبونەوە و نەمانی گەندەڵیە بۆیە ئەمانیش سوورن لەسەر چێکردنی و سەرکەوتنیشی .بەم شێوەیەش ململانێیەکی توند و مێژووی

و درێژخایەن بەبەردەوامی لەنێوان ئەم دووبەرەیەدایە و سەرەنجامیش سەرکەوتن هەر بۆ ڕیفۆرمخوازان دەبێت گەرچی دوور و سەختیش بێت. ڕیفۆرمیش لەووڵاتانی عەرەبیدا لەم چوارچێوەی یاسا سروشتیە دەرناچێت .

## 1. ووڵاتانی کەنداوی عەرەبی

کەهەریەکە لە ووڵاتانی (( سعودیە و کوێت و ئیمارات و قەتەر و بەحرەین و سەڵتەنەی عومان و یەمەن ) دەگرێتەوە و هەریەکەیان بەڕێژە و جۆر و قەبارەی جیاواز کەوتونەتە چێکردنی ڕیفۆرم لەبوارەکانی ئیداری و ئابووری و کۆمەلآیەتی و لەبواری سیاسیشدا کەمتر .بەتایبەتیش دوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەری 2001ی ئەمریکا .هەرچەندە ئەم دەسەلآتدارانە هەرگیز ڕیفۆرمێك ناکەن کەمەترسی هەبێت بۆ سەر دەسەلآت و مانەوەیان .بەڵکو هەندێ ڕیفۆرمی بچووك دەکەن بۆ خۆڵکردنە چاو وەك هەندێ گۆڕانی دەستووری و یاساکانی هەڵبژاردن و ئازادیە تاکەکەسی و میدیاکان و هەندێ ئازادی ژنان و مافە مەدەنیەکان و کرانەوەیەکی کەم بۆ ڕاگەیاندن و مافەکانی مرۆڤ و...هتد . ئەم ووڵاتانە کۆمەڵگایەکی داخراوی ئیسلامین و هەتا ئێستا ژیانی حیزبایەتی بوونی نیە و پاشاو میرەکان و بنەماڵەکانیان دەسەلآتی ڕەهایان هەیە و هیچ کەس و لایەنێك





چاودێری دەسەلآت و سەروەت و سامانیان ناکات و هەڵبژاردنی پەڕلەمان و شارەوانی زۆر بەکەمی بونیان هەیە.

لەنێو ئەم ووڵاتانەدا کوێت و بەحرەین و قەتەر ڕیفۆرمی بەرچاویان ئەنجام داوە لەچاو سعودیە و ئیمارات و یەمەن و سەڵتەنەی عوماندا, ئەم ووڵاتانە جۆری حوکم تیایاندا جگە لەیەمەن پاشایی و ئەمیری و سوڵتانیە و بەنەماڵیین و گرتنە دەستی دەسەلآت ویراسیە و تەنها مردن لەکورسیەکانیان دایاندەگرێت و ئەم ووڵاتانە توانای مادیان بەهێزە و دەوڵەمەندن بەنەوت و هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکاو ڕۆژئاواشن.

## 2. ڕیفۆرم لە میسر و ئوردوندا

لەمیسردا کە ووڵاتێکی خاوەن مێژوو شارستەنیە و دێرینترین دەسەلآت و حکومەتی تیادا بوە لەسایەی ڕژێمەکانی پاشایەتی و دواتریش کۆماریدا دیموکراسیەتێکی ئەوتۆ نەبوە و لەسەردەمی کۆماریشدا هەمیشە لەژێر سایەی یاسای سەربازی و تەواریدا کە تائێستاش بەردەوامە حوکمیان کردوە و بەدرێژایی 54 ساڵ تەنها 3 سەرۆك کۆمار گۆڕاون و ئەویش بەمردن یان تیرۆرکردن و حوسنی موبارەکیش بۆماوەی 25 ساڵە بەردەوامە لەدەسەلآتدا و تائێستا جێگرێکی بۆ خۆی دیاری نەکردوە . ژیانی حیزبایەتی هەیە بەلآم ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز نیە .تەنها ئیخوان موسلیمینەکان مەترسی گەورەن بۆ سەر دەسەلآت و ئەوانیش قەدەغەکراون. ڕاگەیاندن و ئازادیەکانی تر دابین نەکراون و

كۆنترۆڵی حكومەتن , مافی ژنان و مرۆڤ باش نەپارێزراون ئابوریەكی لاواز و بێهێزیان هەیە . هەڵبژاردنەكان كۆنترۆڵی حیزبی حاكمن , بەڵام لەدوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەرەوە لەژێر فشارە ناوخۆیی و دەرەكیەكاندا هەندێ ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و كۆمەڵایەتی كراوە . كە جێگەی دڵخۆشكەرن هەرچەندە بچووكن .گۆڕینی یاساكانی هەڵبژاردن و سەرۆكایەتی و دیاریكردنی ماوەی سەرۆكایەتی و ...هتد لەوڕیفۆرمانەن..

هەرچی وڵاتی ئوردونە. شانشینە و وڵاتێكی هەژار و كەم دەرامەتە و پڕۆسەی ڕیفۆرم هەنگاوی باشی ناوە لەڕووی ئیداری و ئابوریەوە.بەڵام لەڕووی سیاسیەوە كەمتر ,چونكە هێشتا ژیانی حیزبایەتی و ئازادی میدیا و تاكەكەس و گروپ و ڕێكخراوەكان لەقاڵب دراون.

## 3. ڕیفۆرم لە وڵاتی سوریادا

ئەم وڵاتە كۆماریە و بۆماوەی زیاتر لە 40ساڵە لەلایەن حیزبی بەعسی عەرەبی شۆڤێنیەوە دەبرێت بەڕێوە و خاوەن ئایدۆلۆژیایەكی نەتەوەیی دەمارگیرە و كۆنەپارێز و تاك ڕەوە هەربۆیە گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم پڕۆسەی ڕیفۆرمدا و بچوكترین ئازادیەكانی ژیانی حیزبایەتی و میدیا و تاكەكەسی تیادا نیە مافەكانی ژنان و مرۆڤ پێشێلن و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بوونیان نیە و ئابوریەكی داخراوە و ئاڕاستەكراویان هەیە و هەژاری و بێكاری زۆرە و هەڵبژاردنی





پەرلەمان و شارەوانیەكان بەشێوەیەكی كارتۆنی هەن . دوای هاتنە سەر حوكمی بەشار ئەسەد لەساڵی 2000داو لەكۆنگرەی دواهەمینی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەساڵی 2005دا توانرا ژمارەیەك لە سەركردە كۆن و تەقلیدیەكان دووربخرێنەوە وەك سەرەتایەك بۆ پڕۆسەی ڕیفۆرم.

## 4. ڕیفۆرم لەوڵاتانی مەغریبی عەرەبیدا

كە پێك هاتوون لە وڵاتانی (( مەملەكەتی مەغریب و مۆریتانیاو تونس و جەزائیر و لیبیا)) ئەم وڵاتانە هەموویان جگە لە وڵاتی مەغریب كەجۆری حوكم پاشایەتیە ئەوانی تر كۆمارین و تەنها مردن یان كودەتا سەربازیەكان لایان دەبەن لەسەر كورسی حوكم . ئەگینا هیچ كاتێك ئاڵوگۆڕی دیموكراسی دەسەڵاتیان تیادا ئەنجام نادرێت. لیبیا لەساڵەكانی شەستەوە تاك ڕەوانە و توندڕەوانە و داخراوانە حوكم دەكرێت و لەئێستاشدا لەلایەن نوخبەیەكی گەنجەوە لەو وڵاتەدا هەندێك ڕیفۆرم چێكراوە لەژێر فشاری دەرەكیدا وەك دەست هەڵگرتن لە پڕۆژە ئەتۆمیەكەی و وازهێنانی لەپشتیوانی تیرۆریستان و باشكردنی پەیوەندیەكانی لەگەڵ ئەمریكا و ئەوروپیەكاندا .هەرچی تونسیشە لەكاتی سەربەخۆبونیەوە لەشەستەكانەوە 2 سەرۆك كۆماری گۆڕیوەو بەشێوەیەكی تاك ڕەوانە و دیكتاتۆریانە حوكم كراوە . هەرچەندە لە ئێستادا ڕیفۆرمی ئابوری و ئیداری بەرچاوكراوە بەڵام لەبواری سیاسی و مافەكانی مرۆڤدا كاری گەورە ئەنجام

نەدراوە.هەرچەندە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و شارەوانی دەکرێت .بەڵام کارتۆنی و ڕووکەشن.

لەجەزائیردا و لەدوای جەنگی ئەهلی دژ بەئیسلامیە ئوسوڵیەکان و کێشەی ئەمازیغیەکان هەندێ ڕیفۆرم کراوە بەڵام هێندە نین کە بتوانرێت متمانەی پێبکرێت .

هەرچی مۆریتانیاشە کە ووڵاتێکی دوورە دەست و داخراو وکەناگیرە و پەراوێزخراوە و تاکە ڕەوانە بەڕێوە دەبرێت ، هەرچەندە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و شارەوانیەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت بەڵام ڕووکەشن و ووڵاتێکی هەژار و دواکەوتوو نەخوێندەوارە.

هەرچی مەملەکەتی مەغریبیشە, لەچاو سەرجەم ووڵاتانی تری عەرەبیدا پرۆسەی ڕیفۆرم هەنگاوی باشی ناوە بەتایبەتی لەدوای هاتنە سەر حوکمی مەلیك محەمەدی شەشەمەوە کە گەنجە و توانیویەتی هەندێ ڕیفۆرمی بەرچاوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات لەوانەش سەرکەوتنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ حوکم لە ساڵی 1998دا و گۆڕینی یاسای مەدەنی ژنان و میرات و تەڵاقدان و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی مافەکانی مرۆڤ. مەغریب بەناوبانگە بەوەی کەلەساڵی 1937وە فرەیی حیزبایەتی تیادا بەرجەستە بوە و یەکەم حیزبی سیاسی تیادا لەدایك بوە و لەئێستادا 30حیزبی سیاسی تیادایە و 26یان بەشدارن لە پەرلەمانی ئەو ووڵاتەدا .





## 5. ڕیفۆرم لە عێراقدا

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لەساڵی 2003دا ژیانێکی نوێ و ڕژێمێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە بڕوای تەواویان بەدیموکراسیەت هەیە و تائێستا 3 هەڵبژاردنی دیموکراسی و ئازادی بۆ پەرلەمان و ڕاپرسی لەسەر دەستوور تیادا ئەنجام دراوە و هەنگاو بەرەو بازاڕی ئازادو ئازادیەکانی حیزبایەتی و میدیا و تاکە کەس هەڵنێنراوە و ڕۆڵی ژنان بەرز دەنرخێت و تاڕادەیەکی باش مافەکانی مرۆڤ پارێزراوە و دام و دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەیەکتر جیان و سەربەخۆن .. ئومێد زۆرە لەداهاتوودا عێراق ببێتە نمونەیەکی گەش لەووڵاتانی عەرەبیدا بۆ ژیانی دیموکراسی و ئازادیەکان و ئەگەر لە جەنگی دژە تیرۆر و ئەم بارودۆخە ئەمنی‌یە ئاڵۆز و ناجێگیرە ڕزگاری ببێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت . ئاشکرایە ووڵاتی عێراق لە ساڵی 1921وە کە یەکەم حکومەتی پاشایەتی تیادا دامەزراوە و دواتر هەموو حکومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری هیچ جۆرە دیموکراسی و ئازادیەکیان نەبوە و مافی مرۆڤ و ژنان و ئازادی کاری ڕێکخراوەی بە خراپترین شێوە پێشێل و قەدەغەکراو بوون بەهەمان شێوەی ووڵاتانی تری عەرەبی لەلایەن جۆرە حوکمێکی شۆڤێنی و تاکڕەو و دیکتاتۆرەوە بەڕێوە براوە .

➢ گرنگ دەسپێکردنی قۆناغ و پرۆسەی ڕیفۆرمە لە ووڵاتانی عەرەبیداو ئومێد زۆرە لەداهاتوودا گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی لەجوگرافیای سیاسی ئەم ناوچەیەدا ئەنجام بدرێت

لەسایەی پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە کە لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی 2004دا داڕێژراوە و دەست بەجێبەجێکردنیشی کراوە کەئامانجی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و زانستیە لەم ناوچەیەدا و سەرەتاکەشی بەڕووخانی هەردوو ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعس لە عێراق دەستی پێکردو هەر بەردەوامیشە و پێدەچێت چەندین ساڵی داهاتووش بخایەنێت .

### 6. ڕیفۆرم لە وولاّتانی تری عەرەبی دا

وەك وولاّتانی(( سودان و سۆماڵ و جیبۆتی و ئەریتریا)) کە ڕۆڵ وکاریگەریەکی گەورەیان نیە لەسەر جیهانی عەرەبی و سەرقاڵی شەڕی ناوخۆی و نەخۆشی و برسێتی و هەژاری و بێکاریەکانی خۆیانن و ناپەرژێنە سەر پرۆسەی ڕیفۆرمە سیاسی و ئابوریەکان و ..هتد چونکە ئەم پرۆسەیە بە پێشکەوتنی ئاستی گوزران و ژیانی کۆمەڵگا باشتر دەچێتە پێش و جێگیری باری سیاسی و ئەمنی و ئابوریش کاریگەری خۆیان دەبێت و ئەگەر بزانین ئەم وولاّتانەش بەهەمان شێوەی براکانیان لەلایەن حوکمێکی نادیموکراتی و خۆسەپێن و تاك ڕەو دواکەوتووەوە بەڕێوە دەبرێن .

- تەنها وولاّتی لوبنانە کە لەناو وولاّتەعەرەبیەکاندا جۆرە ئازادیەك و دیموکراسیەکی تیادا بەرجەستە بوە و هەڵبژاردنەکانی تیادا ئەنجام دەدەرێت و ژیانی حیزبایەتی و





ئازادیەکانی تاکەکەس و میدیاکانی تیادا بەرقەرارە و مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراوە ئەوەش لەبەرئەوەی نەتەوە و مەزهەب و ڕۆشنبیری جیاوازی تیادایە و جۆری حوکمەکەی پەرلەمانی دیموکراتیە ، بەلاّم بەهۆی شەڕی ناوخۆی و هەژاریەوە نەیتوانیوە ببێتە نمونەیەکی بەرز و بالاّ لەناو وولاّتانی عەرەبیدا لە پرۆسەی ڕیفۆرمدا .

* * *

* *

*

# ريفۆرم

## لە كۆماری ئیسلامی ئێراندا...

- ئاشكرایە ئێران وولاٌتێكی خاوەن مێژوو شارستانیەت و ئیمپراتۆریەتێكی گەورە و دێرینە لە ناوچەكەدا و پێگەیەكی جوگرافیو سیاسی گرنگی هەیە و ئەزمونێكی دەوڵەمەندیشی هەیە لە حوكم و دەسەلاٌت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا . ئێران وولاٌتێكی زۆرینە موسوڵمانی شیعە مەزهەبە و لە چەندین نەتەوە و مەزهەبی ئاینی جیاواز پێك هاتوە هەر لە مەزهەبەكانی شیعە و سونە و مەسیحی و ئەرمەن و نەتەوەكانی فارس و كوردو عەرەب و ئازەر و تورك و بەلوش و ..هتد.

ئێران خاوەن توانایەكی مادی و مرۆیی و سروشتی گەورە و دەوڵەمەندە. بەدرێژایی مێژووی كۆن و نوێی لەلایەن چەند بنەماڵەیەكی بەناوبانگ و دەسەلاٌتداری ساسانی و قاجاری و پەهلەوی ..هتدوە بەڕێوەبراوە و جۆری حوكم تیایدا شاهانە و ئیمپراتۆری بوە كە حوكمێكی بنەماڵەیی ومیراتگری و لەسەر بنچینەی جەورو ستەم و خۆسەپاندن و تاك ڕەوی دامەزراوە و دووربوە لە هەموو شێوازێكی دیموكراسیانە. و لەساڵی 1979شەوە لەسایەی ڕاپەڕینێكی جەماوەریەوە توانرا كۆتایی بەحوكمی شاهانەی 40ساڵ زیاتری بهێنرێت و لە جێگەیدا كۆمارێكی ئیسلامی ویلایەتی فەقیهیشیعە مەزهەبیان دامەزراند. كە ئەمیش بەهەمان شێوەی حوكمی پێشووتری





خۆی و بگرە توندتریش حوكمیان دەكرد و لەڕووی سیاسی و ئابوری و كۆمەلاٌیەتی و ئیداری و ئەدەب و هونەر و..هتد زۆر داخراوبوون و هیچ جۆرە شەفافیەتێكیان پەیڕەو نەدەكرد و هەرهێندەی دەسەلاٌتیان چەسپی كەوتنە سەركوتكردنی نەیارانیان لەبزوتنەوە شۆڕشگێڕی و ئازادی خوازەكان لەهەموو نەتەوە و تەنانەت مەزهەبەكانیش و ڕێگەیان بەكاری حیزبی نەداو یاسای سەربازی و تەواریان سەپاندو ئابوری و بازاڕیان ئاڕاستەو كۆنتڕۆڵ كرد و شەریعەتی ئیسلامیان سەپاند و ئازادی تاكە كەس و ژنانیان قەدەغەكرد و كاری ڕۆژنامەگەریان پەك خست و ئەدەب و هونەرو وەرزش وموسیقاو ...هتیان بۆ دواوە گەڕاندەوە و كاری هەموو كۆمەڵە و گروپ و ڕێكخراوە پیشەیی و مەدەنیەكانیان ڕاگرت و حوكمێكی توندڕەو و سەپێنراو ونەخوازراویان پەیڕەكرد.

هەربۆیە هەر لەسەرەتای دەسەلاٌت و حوكمی ئەم گروپە ئیسلامیەدا دژایەتی زۆریان كراو بۆ پەیدا بوو لەناوخۆی وولاٌت و لەلایەن سەرجەم نەتەوە و مەزهەبەكانەوە و لەدەرەوەشدا لە وولاٌتانی ناوچەكە و ڕۆژئاواشدا دوژمنایەتیەكی گەورەیان بۆ دروست بوو لەئەنجامی هەڵسوكەوت و سیاسەت و گوتارە توندڕەوەكانیانەوە كە هیچ جۆرە ڕێزێكی بۆ مافەكانی مرۆڤ نەهێشتبۆوە و كەوتە پیادەكردنی سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وولاٌتانی ناوچەكە و دونیاش و پشتیوانی لەهەر گروپێكی ئیسلامی و

شیعە مەزهەب دەکرد لە دونیادا کە ئەمەش مەترسیەکی گەورەبوو بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژئاوا و و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش لەناوچەکەدا. هەرئەمەش بوو کە جەنگێکی 8 ساڵەیان دژی بەرپاکرد کە عێراق سەرەنێزەی ئەو جەنگە بوو وەتوانرا بەر بە سیاسەتە فراوانخوازیەکانی ئێران بگیرێت و ژێرخانی ئابوری و هێزی سەربازی و توانای شەڕکردنی پەك بخرێت و بۆ چەندین ساڵیش بەرەو دواوە بگەڕێنرێتەوە .

دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەناو خۆشیاندا و هەر لەسەرەتاوە لە ململاّنێیەکی توندا بوون لەنێوان باڵە جیاوازەکاندا کە لەدووباڵی سەرەکی کۆنەپارێزەکان ( موحافیزکارەکان ) و ڕیفۆرمخوازەکان پێك هاتبون کە هەریەکەشیان لە چەندین پارت و ڕێکخراوی جیاواز دروست ببون . لەمیانەی ئەم ململانێ خوێناویانەدا گەلێك سەرکردە و پیاوی ئاینی بەناوبانگی ناو هەردوو باڵەکە تیرۆرو کوژران و لەناو چوون و تادواجار باڵی موحافیزکارە توندڕەوەکان بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی و خامنەئی و ڕەفسەنجانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ..

ئەم باڵی موحافیزکارانە لەساڵی 1979-1995 بالآدەست بون و هەموو پۆستە گرنگ و کاریگەرەکانیان لەدەستدا بوو , لەم سەردەمی دەسەڵاتەیاندا تووشی شەڕی عێراق_ئێران هاتن و نەیان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لەئەنجامی شەڕەکەشدا باری ئابوری وولآت هێندەی تر بۆدواوە گەڕایەوە و باری





کۆمەڵایەتیش لەئەنجامی شەڕەکەدا لێك هەڵوەشاو بوارەکانی تری ژیانیش هەموویان کاریگەری شەڕیان بەسەرەوە مابۆوە و تووشی نسکۆ و دواکەوتن بون و نەیان توانی لەسەر ئاستی ناوچەیی و دونیاشدا پێگە و سیاسەت و گوتاری ئێران بچەسپێنن و بەهێزی بکەن و لەسەر ئاستی ناوخۆش سەرەڕای قەدەغەکردنی ئازادیەکان و سەپاندنی بەزۆری شەریعەتی ئیسلامی و لەڕووی ئابوریشەوە هیچ گەشەکردن و خۆشگوزەرانیەکیان بەدەست نەهێنا .

هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لەدەنگی ناڕەزایی و ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەهێزبونی باڵی ڕیفۆرمخوازان و توانیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1995دا و بۆماوەی 10 ساڵی ڕێك پۆستی سەرۆك کۆماری و زۆرینەی پەرلەمان و گەلێك پۆستی گرنگ بگرنە دەست و ئەمەش بە پشتیوانی ژنان و گەنجانی ئێران بوو چونکە ئەم دووچینە زەرەرمەندی گەورەبوون لەسیاسەتە بەزۆر سەپێنراوەکانی موحافیزەکان و هەمیشە لە هەوڵی کرانەوە و ڕزگاربووندا بوون لەوپێناوەشدا چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزاییان سازدەکرد داواکاری ئازادی زیاتر و پاراستنی مافەکانیان دەکرد. ئەم سەرکەوتنەی ڕیفۆرمخوازان لەلایەن ڕابەری کۆمارو دەستەی چاودێری بەرژەوەندی دەستوور کە موحافیزەکارەکان بەدەسەڵات بوون تیایدا ڕێگر بوون لەبەردەم هەوڵ و پلان و کاری ڕیفۆرمخوازەکان بەسەرۆکایەتی محمەد خاتەمی سەرۆك کۆمار

بۆیه نەیان توانی لەماوەی 10 ساڵی دەسەڵاتیاندا زۆرێك له بەرنامه و بەڵێنەكانی هەڵبژاردنەكان بۆ جەماوەرەكەیان وەدی بهێنن و ئەمەش بوه هۆی دروست بوونی جۆره توڕەبونێك له ڕیفۆرمخوازان و لەهەڵبژاردنەكانی 2005ی سەرۆكایەتی و شارەوانیەكان زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان دایەوه موحافیزەكارەكان و بەمەش شكستێكی گەوره بەر ڕیفۆرمخوازەكان كەوت و دووركەوتنەوه له دەسەڵات .

هەروەك چۆن ئایەتوڵا خومەینی لەسەرەتای شۆڕشدا و لەئێستاشدا ئایەتوڵا خامنەئی ڕابەری كۆمار دووپاتیان كردەوه كه (( هەردوو باڵی موحافیزكاران و ڕیفۆرمخوازان له ئێراندا زۆر پێویستن وەكو پێویستیچۆلەكەیەك بۆ هەردوو باڵەكەی بۆ فڕین))9 . هەربۆیه بەمەبەستی درێژه پێدانی ئەم ململانێیه لەناوڕیزی موحافیزكارەكانی پێشوودا ڕەوتێكی نوێ سەریهەڵدا و به(( موحافیزكاره نوێكان )) وه ناسران و له پێشینه توندڕەوەكانیان میانڕەوتر بوون لەسیاسەته ناوخۆیی و دەرەكیەكانیاندا و هەوڵی جوانكردنی سیما و ڕوخساری ئێرانیان دەدا لەناوخۆو دەرەوەدا و بەمەش بەربەرەكانێی باڵی ڕیفۆرمخوازەكانیان دەكرد . ئەم ڕەوته نوێیه گەورەترین كاریان ئەوەبوو كه گەنجەكانیان هێنایه پێشەوه بۆ دەسەڵات و بەشداریان پێكردن و پله و پۆسته گرنگەكانی سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەكان و گەلێك پۆستی تری گرنگیان پێدان و بەمەش دەم و چاوێكی نوێ و





گوڕوتین و توانا و بیرو خوێنێكی نوێیان وەبەر جەستەی باڵی موحافیزكارەكاندا كردەوه و هەروەها لیژنەیەكیان پێك هێنا بەمەبەستی دایەلۆگو گەشەپێدانی ڕیفۆرم و هەوڵی بەرزكردنەوەی ئاستی خزموتگوزاریه گشتیەكانیاندا كه پێشكەش به جەماوەر دەكرێت له هەموو بوارەكانداو لەسەرو هەمووشیانەوه بەتوندی دەستیان گرتوه به مافی ئێران لەوەدەست هێنانی چەكی ئەتۆمی و بەمەش زۆرینەی گەلانی ئێران پشتیوانیان لێ دەكەن . سەرەڕای فشارەكانی ئەمریكا و ئیسڕائیل و ئەوروپیەكانیش

## ➢ كێشەكانی ئێران

ئێران لەسایەی ئەم حوكمە ئیسلامیه شیعه مەزهەبەی ئیسێتایدا گەلێك كێشەی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایی بۆ دروست بوه كه بونەته مایەی گۆشەگیركردن و دواكەوتنی و دروست بوونی ناڕەزایی لەسیاسەتەكانی ئەوانیش له :-

### 1. كێشه ناوخۆییەكان

كەخۆیان له كێشەی كەمینه نەتەوه و مەزهەبەكانی كوردو عەرەب و بەلوش و ئازەر و مەسیحی و سونەكاندا دەبینێتەوه كه ئەمانه هەموویان ناڕازین له جۆر و مامەڵەی دەسەڵاتداران و بەشێوازی جیاواز مقاوەمەتی خۆیان درێژه پێدەدەن.ئەمه و سەرەڕای ململانێكانی باڵه سیاسیەكانی ناو دەسەڵات كه خۆیان لەهەردوو باڵی موحافیزكارەكان و ڕیفۆرمخوازەكاندا

دەبیننەوە,کەئەم ململانێیە کاری کردۆتە سەر بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەلآیەتی و ..هتد.

## 2. کێشەی کورە ئەتۆمیەکان

ئەم کێشەیە بەڕادەیەک کاری کردۆتە سەر پەیوەندیەکانی ئێران لەناوچەکە و دونیاشدا کە ئێرانی خستۆتە بەرمەترسی لێدان و هێرشکردنە سەر لەلایەن ئەمریکاوە .و ئێرانیش سوورە لەسەر وەدەست هێنانی و بەهیچ جۆرێک ڕازی نیە دەست لەو پڕۆژەیە هەڵبگرێت بەبیانوی پێویستی زۆری ئێران لەڕووی ئەمنیەوە بەو پڕۆژەیە.

ئەمریکاش لەنیازە شاراوەکانی ئێران تێدەگات و دەزانێت هەرکاتێک ئێران بوە خاوەنی ئەو چەکە لەگەڵ ئەو توانا گەورە و بەهێزە مادی و مرۆییە سەربازیەی وەدەستی هێناوە لە چەک و تەقەمەنی و فڕۆکە و ژێردەریایی و ڕۆکێتی بالیستی و..هتد,ئەوا بەلآنسی هێزەکان لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا تێک دەچێت و مەترسی گەورە لەسەر ئەمنی ئیسڕائیل و دەوڵەتانی تری هاوپەیمانی ئەمریکا لەناوچەکەدا دروست دەبێت و ئەم کارەش بەهیچ جۆرێک لەلایەن ئەمریکاوە جێگەی قبوڵکردن نیە.

## 3.ئێران و پەیوەندیەکانی بەووڵآتانی عەرەبیەوە

ئێران بەهۆی درێژی سنووری لەکەنداوی فارسدا و بەرامبەر ووڵآتانی کەندا و کێشەی 3 دورگەی ( طنب الکبری و طنب الصغری و ابوموسی ) لەگەڵ ئیمارات و کێشە مێژوویەکانی





لەگەڵ عێراقدا و ووڵآتانی تری کەنداو وەک سعودیە و کوێت و ..هتد ,هەمیشە پەیوەندیەکانی ئێران بەم ووڵآتانە و سەرجەمی ووڵآتانی عەرەبی تر وەک ئوردون و میسر خراپ بوە . ئێران تەماعێکی مێژوویی لەخاکی عێراق و دەوڵەتانی کەنداودا هەیە و هەرجارەی بەبیانویەک وەک پاراستنی جێگە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف و پاراستنی شیعەکان لە زوڵم و چەوساندنەوە . تاکە دەوڵەتێکی عەرەبی کە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئێراندا هەبێت سوریایە کە ئەمیش بەمەزهەب شیعەیە و بەهۆی دروستبوونی حیزبولآی شیعەش لە لوبناندا,مانگێکی (هیلالی ) شیعە لەناوچەکەدا دروست بوە کە مەترسی لەلایەک بۆ ئیسڕائیل و لەلایەکی تریشەوە بۆسەر ووڵآتە سونە مەزهەبەکانی کەنداو و ئوردون و میسر پەیدا کردوەکە ئەمەش جارێکی تر مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دروست کردوە .

## 4. ئێران و پەیوەندی بەتیرۆری جیهانیەوە

ئێران لەسەرەتای دەسپێکردنی شۆڕشی ئیسلامیەوە وەک ووڵآتێکی پشتیوانی ئیراهاب و تیرۆری جیهانی ناوی دەرکرد بەمەبەستی لێدانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و لەدوای ڕووداوی 11ی سێپتەمبەرەوە ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەشەڕی ناوخۆی باڵەکانی ئەفغانستاندا و پشتیوانی شیعە مەزهەبەکانی دەکرد و دواتریش لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا ئێران جارێکی تر پشتیوانی لە ڕێکخراوی

ئەلقاعیدەی تیرۆریست و هەموو ڕێکخراو ومیلیشاچەکدارەکانی بەدر و صەدریان دەکرد بۆ نانەوەی ئاژاوە و پشێوی بۆ ئەوەی ئەمریکا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت لە عێراقداو عێراقی کردە گۆڕەپانی ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکادا و چەندین گروپ و چەکداری تیرۆریستی ڕەوانەی ناو عێراق دەکرد لە ئەفغانستانەوە بەدرێژایی هەموو سنورەکانی لە باشورو باکورو ناوڕاوە بەئاشکراو بەنهێنی پاڵپشتی لە شیعەکان دەکرد لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی سەربکەون و دەسەڵاتێکی شیعە مەزهەب دابمەزرێنن.

## 5. کێشەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرائیلدا

هەموو کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لەگەڵ وولاّتانی ناوچەکە و پەیوەندی بەتیرۆری جیهانیەوە هێندەی تر کێشەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوروپادا قوڵتر کردەوە بەتایبەتیش لەسەر کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی . ئەمریکا بۆ فشار خستنە سەر ئێران بەمەبەستی گۆڕینی هەڵوێست و گوتاری دژی ئەمریکا لەڕێگەی کۆمەڵێك فایلەوە فشاری دەکردە سەر ئێران لەوانەش:-

فایلی ئەتۆمی و توانای پێشخستنی ئێران بۆ ڕۆکێتە بالیستیە مامناوەندەکانی لەجۆری شیهاب و فایلی مافی مرۆڤ و ئازادیە ناوخۆییەکان و هەروەها فایلی پشتیوانی تیرۆر و دەستوەردان





لەکاروباری وولاّتانی دراوسێ و بەتایبەتیش عێراق, ئەمریکا تارانی بەوەتاوانبار دەکرد کە داڵدەی هێز و کەسایەتیەکانی ئەلقاعیدەی داوە لەوانە (( سەعدی کوڕی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری دووەم پیاوی ئەلقاعیدە و سەیف عەدلی میسری کەسایەتی سێیەمی ئەلقاعیدە و سلێمان ئەبو غەیس وتەبێژی ئەلقاعیدە)) .

بەم شێوەیە ئەمریکا و کۆنگرێس سوربوون لەسەر گۆڕانکاری لە ئێراندا و لەسەر هەموو ئەو کێشانە و بەتایبەتیش کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی . ئەوروپاش لەژێر فشاری ئەمریکادا هەڕەشەی لێدان و کاری سەربازی دەکەن لە ئێران و ئیسڕائیلش هەموو هەوڵێکی خستۆتە کار لەناوەندە سیاسی و ئابوری و باڵادەستەکانی دونیادا بۆ کۆکردنەوە و زیادکردنی فشارەکانیان لەسەر ئێران .

➢ بەم شێوەیە ئێران لەئێستادا لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەدایە و هەرچەندە باڵی ڕیفۆرمخوازان لاواز و بێهێزن بەڵام ڕێژەیەکی گەورەی جەماوەری ئێرانیان لە پشتە و ئەمریکاش پاڵپشتی مادی و مەعنەوی ئەو هێز و ڕیفۆرامخوازانە دەکات و گەرەکیەتی هەتا بکرێت لەڕێگەی ئاشتیەوە ئەو گۆڕانە بکرێت ئەگەریش ناچار بوو ئەوا پەنا دەبەنە بەر هێزی سەربازی و ئەمریکا لەڕێگەی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە کە ئێرانیش یەکێکە لە و

وولاَتانەی کە دەکەوێتە سنوری پڕۆژەکەوە و دەیەوێت گۆڕانێکی گەورەی سەرتاسەری لەناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستداچێبکات بەشێوەیەك لەگەلّ نەزمی نوێی جیهانیدا بگونجێت و کۆمەلّگاکانی ئەو وولاَتانە بەدیموکراسی و ئازادی و زانست و تەکنەلۆژیاکانی سەردەم و بازاڕێکی ئازاد شادبن و چیدی لەژێر زولّم و چەوسانەوەدا نەمێننەوە .

*     *     *

*     *

*





## ڕیفۆرم
## لە کۆماری تورکیادا

➢ ئاشکرایە پڕۆسەی گۆڕان و باهۆزی دیموکراسی و بەجیهانی بوونی دونیا و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر سەرتاپای کۆمەلّگا و وولاَتەکاندا بەگەورە و بچوکەوە بەجێهێشتووە و کەم تازۆر هەریکە سەرقالّی خۆگونجاندن و گۆڕین و چێکردنی ڕیفۆرمە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و ئیداری و کۆمەلاَیەتی و زانست و ...هتد.

کۆماری تورکیاش کە خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو وفراوانی عوسمانی بوو کە زیاتر لە 500سالّ حوکمیان کردوە لە بەشێك لە کیشوەری ئاسیا و ئەوروپاوئەفریقیادا و لەدوای سالّی 1923شەوە کە کۆمارێکی نوێی عیلمانی لەتورکیادا دامەزراوە لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورکدا لەسەر بنچینەی عیلمانیەت و ڕەتکردنەوەی هەموو دابونەریتێکی کۆنی عوسمانی و حوکمێکی تاکڕە و توندی لەو کۆمارەدا سەپاند و کاری بەیاسای تاك حیزب و پارتی پێشڕە و سەرکردەی بێهاوتا دەکرد تاشەستەکانی سەدەی بیستەم ژیانی فرەیی حیزبایەتی و ئازدای ڕۆژنامەگەری و کاری کۆمەلّە و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان بونیان نەبوو.

ڕاستە ئەتاتورك چەند ڕیفۆرمێكی سیاسی و دینی و ئابوری و كۆمەڵایەتی كرد لە كۆمەڵگای توركیادا بەڵام هەمووی بەقازانجی مانەوە و بەرژەوەندی و زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتە تاك ڕەو و سەربازیەكەی خۆی بوو.ئەو دەیویست لەڕێگەی نەپۆشینی عەمامە و ستارە و جلكی ئیسلامیەوە خۆی بكاتە ئەوروپی, بەڵام بیری چووبوو كە هۆشیاری سیاسی و كرانەوەی بازاڕ و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەكان و دانانی یاسا و ڕێسای واكە ئازادی كاری حیزبی و میدیاكان لە دەستوردا بسەپێنێ ئەمانە هۆكاری پێشكەوتن و سیمای شارستانیەت و كۆمەڵگای مەدەنین.

ئەتاتورك لەدوای مردنی خۆشی ڕێباز و ڕچەیەكی داناكە تائێستاش هەموو هێز و پارتە سیاسیە عیلمانی و ئیسلامیەكانیش ناتوانن لێی لابدەن و بیگۆڕن و جێبەجێی‌نەكەن ئەوەش بەهۆی پاراستنیەوە لەلایەن باڵی سەربازیەوە كە بەهێزو بەتوانان و بەشداری لەبڕیاری سیاسیدا دەكەن و خۆیان بە پارێزەری بنەماكان و بیرباوەڕەكانی ئەتاتورك دەزانن.توركیا بۆخۆی وولاٚتێكی 70 ملیۆن كەسیە و تاڕادەیەك هەژار و خاوەن ئابوریەكی لاواز و كۆمەڵگایەكی ئیسلامیە و چەندین نەتەوە و مەزهەبی جیاوازی تیادایە كە هەمیشە بونەتە مایەی ئاژاوە و پشێوی و سەرئێشە بۆ دەسەڵاتدارانی ئەنكەرە.و ململانێی حیزبەكانیش هێندەی تر كێشەكانی توركیای قوڵتر كردۆتەوە . ناوبەناویش سەرهەڵدان و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حیزبە





ئیسلامیەكانی وەك ( ڕەفاه و عەدالەت و گەشەپێدان )ەوە هێندەی تر مەترسیەكانی زیاد دەكەن. كێشەی قوبروس ئاڵۆزترین و گەورەترین و مەركەزیترین كێشەی توركیایە كە توركیا لە ساڵی 1974دا داگیری كردوە بوە بەڕێگرێكی سەرەكی لەوەرگرتنی توركیا لە یەكێتی ئەوروپادا , بەهەمان شێوە توركیا كێشەی ئاو و سنوور و سیاسی لەگەڵ دراوسێكانیدا هەیە هەر لە سوریاو عێراق و ئێران و ئەرمەنتستان ویۆنان .كە هەندێ جار گەیشتۆتە ڕادەی جەنگ هەڵگیرسان.

كێشەی كەمە نەتەواییەكان وبەتایبەتیش كورد لەتوركیادا یەكێكە لە ڕێگریەكانی بەردەم بوون بەئەندام بوونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپادا.

هەموو ئەم كێشانە ڕێگری گەورەن لەبەردەم چوونە ناو یەكێتی ئەوروپاوە و مەرجی سەرەكی ئەو یەكێتیە بریتیە لە ڕیفۆرمی سیاسی و گەشەپێدانی دیموكراسی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و چارەسەركردنی كێشەی قوبروس و كێشەی كوردو ڕیفۆرمی ئابوری و ..هتد كە تا ئەو مەرجانە جێبەجێنەكات نابێتە ئەندام . ئاشكراشە توركیا ماوەی زیاتر لە 40 ساڵە هەوڵی بوون بەئەندام بوون دەدات لەو یەكێتیەدا لەساڵی 1958وە بەڵام تائێستا وەرنەگیراوەو تازەبەتازە بڕیاریان داوە كە گفتوگۆی جدی دەستپێبكرێت بۆ بوون بەئەندام بوون و پێشبینیش دەكرێت كە تاساڵی 2015 ئەو گفتوگۆیانە بخایەنێت . چونكە ئەوروپیەكانیش مەترسی خۆیان هەیە لەبوون

بەئەندام بوونی تورکیالەبەر ئەوەی کە تورکیا ناسنامەیەکی ئیسلامی هەیە و دەترسن کە ناسنامە یەهودی و مەسیحیەکەی یەکێتی ئەوروپا تێکبدات. و تورکیا لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوانی کەتاساڵی 2015 دەگات 80 ملیۆن کەس کە 14٪دانیشتوانی ئەو یەکێتیە پێك دەهێنێت و قورسایی لە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوروپادا زیاد دەکات و ژمارەی نوێنەرانی دەبێتە 100 نوێنەر کە یەکسانە بەنوێنەرانی ئەڵمانیا لەکۆی 732 نوێنەر وە دەنگی هاوشانی دەنگەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیاو فەڕەنساو بەریتانیا دەبێت کە ئەمەش بۆخۆی مەترسیە لەسەر بڕیارەکانی ئەو یەکێتیە .

بۆیە تورکیاش لە نیەتی ئەوروپییەکان گەیشتوە و زۆرجاران گەمەی سیاسی دەکات و هەندێ جاریش فشار بەکاردەهێنێت لە ڕێگەی ئەمریکاوە بەو پێیەی کەهاوپەیمانێکیستراتیژیەتی لە ناوچەکەدا و پەیوەندیەکی دووقۆڵی باشیشی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە . و هەندێ جاریش لادەکاتەوە بەلای دونیا عەرەبی و ئیسلامیەکەیدا و دەیەوێت پەیوەندی باش و دۆستانە و گەرموگوڕی لەگەڵیاندا هەبێت و ئەوەتا لە دوای ساڵی 2004وە سەردان و ئاڵگۆڕکردنی بیرو ڕاو ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ئابوری و بازرگانی و ..هتد لەگەڵ سوریاو میسر و سعودیە و وولاّتانی تری ئیسلامیدا دەستپێکردوە و هەڵبژاردنی کەسایەتیەکی تورکیش بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی وولاّتانی ئیسلامی مانای گەورەیی ڕۆڵ و کاریگەری تورکیایە





لەجیهانی ئیسلامیدا .تورکیا دەیەوێت لەپرۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەدا ڕۆڵی ڕابەرایەتی و دەوڵەتی مەرکەزی ببینێت لەجیاتی ئیسرائیل و ئێران کە هەوڵی ئەوەیانە و هەرچی میسرە ڕازیە بە ڕابەرایەتی دونیای عەرەبی , بۆیە تورکیا کاری جدی دەکات بۆئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا زۆر باش بکات لەڕێگەی هاوکاری وئاسایکردنەوەی بارودۆخی عێراق وجەنگی دژە تیرۆر و..هتدا.تورکیا لەوکاتەوەی پارتی عەدالەت و گەشەپێدانیئیسلامی بەسەرۆکایەتی تەیب ڕەجەب ئەردۆگان هاتۆتە سەر حوکم لەساڵی 2002 وە و بەتەنها و بێ کێشە و ململانێی حیزبایەتی ناوپەرلەمان کەتەنها بۆخۆی دوولەسەرسێی دەنگەکانی هەیە و دەتوانێت زۆر گۆڕانکاری لە دەستوردا بکات و یاسای نوێ دەربکات کە بەگورزەی حەوتەم ناسراوە لە ڕیفۆرمەکانی کۆبنهاگن کە ئامانج لێی دروستکردنی وەك یەکیەکە لەنێوان ژێرخانی سیاسی تورکیاو یەکێتی ئەوروپادا .ئەم پرۆسەی ڕیفۆرمەش ژمارە گەلێك ڕیفۆرم دەگرێتەوە لەوانە :پاراستنی ئازادیە سیاسی و ڕۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤە,قەدەغەکردنی داداگایی کەسانی مەدەنی لەدادگا سەربازیەکاندایە,هەڵوەشانەوەی تۆمەتی ڕادەربڕین و چاکردنی یاساکانی کۆمەڵە ئەهلیەکان و ئاشکراکردن و ڕێگەپێدانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.هەروەها ئەم ڕیفۆرمانە بواری کەمکردنەوەی دەسەلاّتەکانی دەزگا سەربازیەکانیش دەگرێتەوە و سەرلەنوێ

پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەزگا مەدەنیەکاندا ڕێك دەخاتەوە.بەوپێیەش بودجەی دەزگا سەربازیەکان دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی دەزگای‌چاودێری داراییەوە و بوونی نوێنەرانی سەربازیش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا کەم دەکاتەوە . کە لەساڵی 1980وە لەدوای پەردەوە حوکمی تورکیا دەکەن و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێتە دەزگایەکی ڕاوێژکاری و هەر 2 مانگ جارێك کۆدەبنەوە و سکرتاریەتەکەی لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراودا دەبێت.

بەم شێوەیە و لەئەنجامی ئەم سیاسەتە میانڕەو و ڕوولەگەشەکردنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەی پارتی عەدالەت و گەشەپێدانەوە جارێکی تر ئەم پارتە توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ساڵی 2004دا و 43٪ دەنگەکانی‌بەدەست بهێنێت و لەکۆی 81 سەرۆك شارەوانی 58یان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەتەنها لە شاری ئەستەمبوڵ 9ر44٪و لە ئەنکەرەی پایتەختدا لە 55٪ی دەنگەکان بۆخۆی کۆبکاتەوە .

**دەکرێت سەرکەوتنی ئەم پارتە لەم هەڵبژاردنەدا بۆ ئەم هۆکارانە بگێڕینەوە :ـ**

1. باری ئابوری تورکی لەو ماوەیەدا گەشەکردن و جێگیریەکی بێ‌وێنەی بەخۆوە بینی .
2. ئەم پارتە سووربون و شێلگیربوونی خۆی دووپاتکردەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپاکە داوای





دەکردن وەك مەرجێك بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی وەرگرتنی تورکیاکەساڵی 2005 دەستیان پێکرد.

ئەم پارتە لە(( 3 )) تەوەری گرنگەوە کاردەکات بۆ بەهێزکردنی پێگە و قورسایی تورکیا لەوانە :ـ

### 1. ئاستی ناوخۆیی

سەرکەوتنی تورکیا لەم هەوڵەیدا بەندە بەبەردەوامبوونی ئەزمونە دیموکراسیەکەیەوە.ئەگەر شکستی هێنا ئەوا ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی بنچینەیی لەسیستەمی نوێی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.هەربۆیە بەردەوامبوونی ئەم پارتە لەدەسەڵاتدا هۆکارێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتنی تورکیا بەسەر ئیسرائیل و ئێراندا لە ڕۆڵگێران وەك دەوڵەتێکی مەرکەزی لەناوچەکەدا.

### 2. ئاستی ناوچەیی

ڕۆڵی تورکیا بەندە بەڕازی بوونی دەوڵەتانی ناوچەکە بەو ڕۆڵەی تورکیا.هەربۆیە شێوە ململانێیەکی نهێنی هەیە لەلایەك لەگەڵ ئیسرائیل و لەلایەکی‌تر لەگەڵ ئێراندا و هەرچی میسرە تەنها ڕابەرایەتی کردنی وڵاتانی عەرەبی گەرەکە و ئەنجامی ئەم ململانێ چوار قۆڵیە ئەو دەوڵەتە مەرکەزیە دیاریدەکات.

### 3. ئاستی جیهانی

ڕای دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کاریگەرە لەدیاریکردنی ئەو دەوڵەتە بۆ ڕابەرایەتی‌کردنی ئەو گۆڕانەی کە دەویسترێت ئەنجام بدرێت بۆ

ناوچەکە .و چانسی تورکیاش تەنها بەوەرگرتنی لەیەکێتی ئەوروپادا بەهێز دەبێت.

بەم شێوەیە پڕۆسەی ڕیفۆرمەکان کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر ئایندەی تورکیا و هەربۆیەش جێبەجێکردنی ڕیفۆرمەکان بۆتە ئەرکێکی زۆر هەنوکەیی و ژیاری بۆ تورکیا و دەستبەردان لێی مانای کۆتایهێنانە بە ژیان و مانی تورکیا وەك دەوڵەتێکی بەهێز و مەرکەزی لەناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا.

*   *   *

*   *

*





## ڕیفۆرم

## لە وولاَتانی بلۆکی ڕۆژهەلاَتی سۆسیالیستی جاراندا ....

➢ ئاشکرایە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و دەرکەوتنی ئەمریکا وەك زلهێزێکی بەهێز و شیاو بۆ ڕابەرایەتیکردنی دونیای سەرمایەداری و ڕۆژئاوا و لە بەرامبەریشدا بەهێزبوونی پێگەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەك شەریکێکی سەرکەوتووی جەنگەکە لە ڕۆژهەلاَتدا و داگیرکردنی هەندێ وولاَت لە ئەنجامی جەنگەکەدا لەلایەن سوپای سوورەوە کەخاوەن ئایدیایەکی سۆسیالیستی بوو. دووبەرەی جیاواز و دواتریش دژبەیەك دروست بوون و دونیای دوای جەنگی دووەمیان کردە دووبلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری بەڕابەرایەتی ئەمریکا و ڕۆژهەلاَتی سۆسیالیستی بەڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئیدی لەسەرەتای ساڵەکانی پەنجای سەدەی بیستەوە جەنگێکی نوێ بەلاَم ئەمجارەیان سارد بەشێوەیەك کە هەموو دونیای گرتەوە و گۆڕەپانی جەنگەکە قەتیس نەبوو لەسەر جێگەیەك یان وولاَتێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو بەڵکو هەموو دونیا وەك گۆڕەپانی ململانێکە و جەنگەکە وابوو .ئەم جەنگە بەرگێکی ململانێی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتدی لەخۆگرتبوو, هەردوولا

ڕۆژ بەڕۆژ توانا سەربازی و هەواڵگریەکانی خۆیان بەهێز دەکرد و هەریەکەیان هاوپەیمانیەکی سیاسی و سەربازی و ئابوری تۆکمە و بەهێزیان پێکەوەنا پشت بەستوو بە ئایدیا سەرمایەداری و شیوعیەکانی خۆیان, هاوپەیمانێتی ناتۆ سەر بەئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا و هاوپەیمانی وارشۆ سەر بەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

هەرچی بلۆکی ڕۆژئاواش بوو بەڕابەرایەتی ئەمریکا و لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازاد و مافەکانی مرۆڤ و ژنان دابینکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و کاری سیاسی و پیشەیی و بەشداریکردنی جەماوەر لەبڕیاردان و سەروەری یاسا و بەرقەراربوونی و بوونی شەفافیەت و بازڕای ئازاد ڕۆژ بەڕۆژ پێشدەکەوتن و داهێنانی گەورە و سەرسوڕهێنەری زانستیەکانیان وەدەست دەهێنان و ئاشتی و ژیان و گوزران وداهاتی تاك و نەتەوییان لەبەرزبونەوەدا بوو.

لەبەامبەریشدا بلۆکی سۆسیالیستی بەڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە کۆمەڵگایەکی داخراوو دواکەوتوو هەژار پێك هاتبوون لەسایەی سیستەمێکی تاك ڕەو و سەربازی و دیکتاتۆریەتەوە کە بڕوایان بە دیموکراسیەت و هەڵبژاردن و مافەکانی ژنان و مرۆڤ نەبوو هەموو جۆرە ئازادیەکانی تاکەکەس و میدیاو حیزبەکانیان قەدەغەکردبوو, ئەم سیستەمەی حوکم بڕوایان بەبازاڕی ئازاد و کرانەوە نەبوو هەربۆیەش لەڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە هێندەی ڕۆژئاوا





پێشکەوتوونەبوون. گەلانیان چەوساوە و زوڵم لێکراوبوون. بەم شێوەیە بواری بیرکردنەوە و داهێنانیان نەهێشتبۆوە و هەموو بوارەکان کۆنتڕۆڵی حیزبی حاکم و دەسەڵاتی ڕەها و سەرکردەی بێ هاوتا و پارتی پێشڕەو بوون .

یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە لە کۆمارەکانی ( ڕوسیاو بیلۆ ڕوسیاو ئۆکراینا و جۆرجیاو کازاخستان و تاجیکستان و قەرغیزستان و تورکومانستان و ئازەربایجان و ئەرمینیاو لیتوانیاو مۆڵداڤیاو لاتڤیاو ..هتد) پێك هاتبوو و هەروەها هاوپەیمانی وارشۆ کە لە وولآتانی (( پۆڵەندا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و مەجەڕ و هەنگاریاو چیکۆ سلۆڤاکیاو ڕۆمانیاو بولگاریا و ئەلبانیا وفینلەندەو..هتد) پێك هتبوو وە لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینیشدا دەیان وولآت و پارتی سیاسی و ڕێکخراوی شیوعی هەبوون و سەر بەم بلۆکە سۆسیالیستیە کاریان دەکرد.هەموویان لەخولگەی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا دەخولانەوە و لەڕێکخراوی کۆمێنترۆندا ئەندام بوون و هەمان سیاسەت و ئابوری و ئایدیایان پەیڕەودەکرد. سەرەنجام و لەدوای ململانێیەکی نزیکەی 40 ساڵ و لەدوای جەنگی کەنداوی یەکەمەوە کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی توانیان ڕژێمی صدام لەکوێت وەدەرنێن بەسەرشۆڕی و دوڕاویەوە , سیستەمێکی نوێی جیهانی هاتە ئاراوە بەڕابەرایەتی ئەمریکا. ئالەوکاتەداو لەساڵی 1991دا ودوای 70ساڵ تەمەنی شیوعیەت لەلایەن

میخائیل گۆرباتشۆفی دواین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتەوە ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی ئەو یەکێتیە بەدونیادا بلاّوکرایەوە و بۆ زۆرێك لە هاوپەیمان و هاوادارانی ئەو یەکێتیە شۆکێکی چاوەڕواننەکراو و بەهێزبوو کەلەئەنجامی سیاسەتی
(( بیرۆسترۆیکاو گلاسنۆستەوە)) بەئەنجام گەیشت و بەمەش کۆتایی بەلاپەڕەیەکی گرنگی مێژوو و ئیمپراتۆریەتێکی گەرورەی دونیا و مرۆڤایەتی هاتو لاسەنگی کەوتە تەرازووی هێز و بڕیارەکانی دونیاوە .

ئیدی ئەو وولاّت و پارتانەی لەخولگەی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا دەخولانەوە کەوتنە خۆ بۆ سازدانی گۆڕانکاری و ڕیفۆرم لە بەرنامە و پەیڕەو و دروشم و ناوی پارت و ڕێکخراو دەوڵەتەکانیان و هەندێکیان لەئەنجامی ڕاپەڕینە مێژوویەکانی وەك وولاّتانی پۆڵەندا و ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت و مەجەڕ و ڕۆمانیاو بولگاریاو ..هتد .بەرەو نەمان و پوکانەوە چوون لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیان لە هەڵبژارنەکانیشدا هێندەی تر بەرەو زبڵدانی مێژوو چوون و بۆ هەتاهەتاییە بونە ئەرشیف لە سەر ڕەفەکانی کتێبخانەی مرۆڤایەتیدا .

بەم شێوەیە باهۆزی دیموکراسی و گۆڕانکاریەکان لە و وولاّتانەدا دەستیان پێکرد و زۆرێك لە حیزبە شیوعیەکان پرۆسەی ڕیفۆرمیان دەست پێکرد بەهیوای خۆگونجاندن و جوانکردنی سیماو ڕوخساریان لەبەردەم جەماوەری گەلە کانیاندا و بەردەوامی بدەن بە ژیان و مانیان لە دەسەلاّتدا .





بەم شێوەیە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەیەی گۆڕانکاری گەورە بوون لە دونیادا و دەیەی سەرکەوتنی دیموکراسیەت بوو بەسەر دیکتاتۆریەت و دەیەی سەرکەوتنی ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ بوو بەسەر داخران و چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافەکاندا.و دونیاش لەسایەی سیستمێکی نوێوە کرایە گوندێکی هاوچەرخی بچووك کە بە (( جیهانی بوون )) ناو دەبرێت و ئیدی پیرۆزی سنورەکان و سیادە و سەربەخۆیی و نەتەوەکان و شارستانیەتەکان و ئایدیاکان نەمان و لە جێگەیدا دایەلۆگی شارستانیەتەکان و کۆمپانیا ئابوریە فرە نەتەوە گەورەکان و شۆڕشی ژمارە و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی کۆمپیوتەرو ئینەترنێت جێگەی گرتنەوە .و دەسەلاّتی حکومەتەکان کەم بۆوە و بازاڕی ئازاد و ئابوری سەربەست و کەرتی تایبەت و بەتایبەتیکردنی پیشەسازی و بازرگانی هاتە ئاراوە .

هەموو ئەو وولاّتانەی بلۆکی سۆسیالیستی سەرتاپای سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و ئیداری و سەربازی و ئەدەب و هونەر و خوێندن و پەروەردە و ..هتدیان گۆڕی و ڕوە و دونیای ڕۆژئاوای دیموکراسی و ئازادیەکان هەنگاوی گەورەیان هەڵناو لە پرۆسەیەکی گەورەو گرنگی ڕیفۆرمدا توانیان بەسەرکەوتوویی قۆناغی دیکتاتۆریەت و تاك حیزبی و بازاڕ و ئابوری داخراوو چەوسانەوە و یاسای تەواری و سەربازی و یەك میدیایی تێبپەڕێنن و لەجێگەیدا

دیاردەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك و شارەوانیەکان پەیڕەوبکەن و ئازادی حیزبایەتی و ڕۆژنامەگەری و تاکەکان پەیڕەو بکەن و مافەکانی ژنان و مرۆڤ بپارێزن و بازاڕ و بازرگانی و ئابوری ئازادبکەن و یاساو ڕێسای نوێ دەربکەن بۆ هەمووبوارەکانی ژیان کەبواری پێشکەوتن و داهێنان ئاوالە بکات و توانرا گەشەیەکی گەورە لەئەنجامدا بەدەست بهێنن هەرچەندە پرۆسەکە گەلێك گرنگ و هەستیار بوو وەرێگری زۆری لەبەردەمدا بوو وەئاسان نەبوو لەدوای 70ساڵ لەسیستەمێکی داخراوی کۆنەپارێز و چەقبەستوەوە و لەماوەیەکی کەمدا ئەو ئەدەبیات و پەروەردە و دروشم و گوتارەی ژیانی 70ساڵەیان لە چاوتروکانێکدا وەبیر بچێتەوە بە گۆشەی 180 پلە بابدەنەوە بەڕووی سیستەمێکی نوێ لەهەموو بوارەکانی ژیانیاندا بەبێ بەرگری و مقاومە لەلایەن لایەنگرانی کۆنەپارێزەوە. بەڵام وەك یاسایەکی سروشتی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان هەمیشە ئەوانەی بەپێچەوانەی شەپۆلی پێشکەوتن و نوێبونەوە و داهێنانەوە مەلە دەکەن چارەنوسیان خنکان و دۆڕاندنەو کەسانی ڕیفۆرمخوازیش سەرکەوتن یاوەریان دەبێت ...





## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1. الاصلاح والنهضة/ مطابع وزارة الثقافة/1992/دمشق/سوريا
2. هەمان سەرچاوە 1
3. ( خوێنەکەی عوسمان ) / مەبەست لە خوێنی ڕژاوی خەلیفەی سێیەمی ئیسلامە(عوسمانی کوڕی عەفان) کە دواتر ئەمەویەکان بەبیانوی تۆڵەسەندنەوەی خوێنەکەی عوسمانەوە کەوتنە کوشتن وگرتن وڕاوەدوونانی نەیارانیان یان هەموو ئەو گروپ و کەسانەی کەدژی سیاسەت و دەسەڵاتەکەیان بوون بەبیانوی بەشداریکردنیان لە شەهیدکردنی عوسمانداو بەتایبەتیش باڵی ( عەلی کوڕی ئەبوتالیب) کە دواتر بە شیعە ناسران.
4. چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کەناڵی ئەلجەزیرە کە لەگەڵ سەرۆکی یەمەندا( عەلی عەبدوڵا صاڵحدا) لەدوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەرو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003دا لەگەڵیدا ئەنجامدرابوو.
5. مستقبل الاصلاح فى المنطقة العربية فى ظل الفوضى الخلاقة/ مسفر بن علىالقحطانى/جريدةالحياة/ عدد150850/ الاحد 2006/6/27
6. هەمان سەرچاوەی 5
7. 8 . هەمان سەرچاوەی 5
9. موقع الانترنيت / مركز الاهرام للدراسات الاستراتيجية / قاهرة /مصر

# بەشی سێیەم

## ڕیفۆرم
## لەکۆمەڵگای کوردەواریدا..





➢ **سەرەتا بەو پرسیارانە دەسپێدەکەین کە بۆچی ڕیفۆرم لەکۆمەڵگای کوردەواری و حکومەت وپارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە بۆچی دەکرێت ؟ مەبەست لەم پرۆسەیە چیە ؟ نیازەکانی پشت ئەم پرۆسەیە چین ؟ ئایا ڕیفۆرم تەنها وەك دروشمێکی ڕازاوە و بریقەدار بەرزکراوەتەوە یان زەرورەتی قۆناغەکە سەپاندویەتی ؟ و چەندین پرسیاری تر ......**

**بۆ وەلأم دانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو هەژار و نەخوێندەوارە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و سەربازی و ئیدارە و دەسەلأت و یاسا و خوونەریت و زانست و فەرهەنگ و ....هتد بەهۆی ئەوەی کەدەوڵەت و کیانی سەربەخۆی نەبوە و لەژێر دەسەلأتی دوژمنان و داگیرکەراندا ژیاوە و بواری هیچ جۆرە پێشکەوتنێکیان نەداوە . لەئێستاشدا کۆمەڵگای کوردەواری لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و هەڵبژاردنی پەڕلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دەسەلأتێکی خۆماڵی و چێبوونی کەش و هەوایەکی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی لەم دەڤەرەی کوردوستاندا بەگشتی و کرانەوەی**

کۆمەڵگای کوردەواریش بەسەر دونیادا و تێکەڵ بوون و بەکارهێنانی بۆ تەکنەلۆژیاکانی سەردەم و تینوێتیان بۆ زیاتر گۆڕانکاری لە ژیانی ڕابووردوویاندا لەهەموو بوارەکاندا و وەك خۆگونجاندن و پەڕینەوەش لەزەمەن و زەمینەیەکی کۆن و ڕابووردوویەکی تاریکەوە بۆ سەردەمێکی ڕوون و ئاسۆفراوان و بەمەبەستی زیاتر دوانەکەوتن و هەنگاونان بۆ پێشەوە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا .

پڕۆسەی ڕیفۆرم وەك زەرورەتی قۆناغەکە خۆی سەپاندووە سەرەتای ئەم پڕۆسەیەش لەم حکومەتی هەرێمی کوردوستان و( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ) ەوە دەستی پێکرد لەچوارچێوەی نەهێشتنی ڕۆتین و گەندەڵی لەئیدارەدا .

* * *

* *

*

## گـــەندەڵـــی ...

### ❖ چەمکی گەندەڵی





گەلێك ئاڕاستە و بیروڕای جیاواز هەیە بۆ پێناسەی گەندەڵی,هەندێك پێیان وایە کە بریتیە لە دەرچوون لەیاساو سیستەم( ئیلتیزام پێوەنەکردنیان ) یان لەکاتی نەبونی یاساو سیستەمدا گەندەڵی دروست دەبێت بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری وکۆمەلأیەتی بۆ تاك و کۆمەڵێکی دیاریکراو.یان گەندەڵی بریتیە لە هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی ئەرکە فەرمیەکانی پۆستێکی گشتی بەمەبەستی بەدیهێنانی دەسکەوتی تایبەتی مادی و مەعنەوی,

لەهەمان کاتدا پێناسەیەکی نێودەوڵەتیش هەیە کە لەلایەن (( ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت ))وە دیاریکراوە بەوەی کە گەندەڵی(( بریتیە لە هەموو کارێك کە خراپ بەکارهێنانی پۆستێکی گشتی دەیگرێتەوە بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکی تایبەتی بۆ خۆی یان بۆ کۆمەڵەکەی))1.

بەشێوەیەکی گشتی و لەئەنجامیشدا گەندەڵی هۆکارێکە بۆ زیانگەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی.

### ❖ سیماکانی گەندەڵی

دیاردەی گەندەڵیئاشکرا دەبێت و بەکۆمەڵگەلێك هەڵسوکەوتی هەندێ لەوکەسانەی کە پۆستی گشتیان هەیە و پێیهەڵدەستن دەناسرێتەوە و سیماکانی بریتین لە :-

1. بەرتیل وەرگرتن Bribery

بریتیە لەوەرگرتنی پارە یان هەر دەسکەوتێکی تر لەپێناو جێبەجێکردنی کارێك یان نەکردنی ئەوکارە لەگەڵ ئەوەی کە یاساییشە.

2. مەحسوبیەت Nepotism

بریتیە لە ڕاییکردنی کارێك بۆ بەرژەوەندی تاك یان لایەنێك کە ئەو کەسە سەربەوە وەك پارتی سیاسی یان بنەماڵە یان ناوچەیەك یان دیانەت و مەزهەبێك,بەبێ‌ئەوەی موستەحەقیش بێت.

3. لایەنگری Favoritism

واتە لایەنگری لایەنێك بەسەر لایەنێکی تردا بەناهەقی بۆ دەسکەوتنی هەندێ بەرژەوەندی.

4. واسیتەکردن Wasta

بەمانای هاوکاریکردنی کەسێك یان گروپێك بەبێ ڕەچاوکردنی یاساوڕێسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان وەك دانانی کەسێك لە پۆستێکدا بەهۆی خزمایەتی یان لایەنگری حیزبایەتی لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسەش بێ توانا و ناموستەحەقیش بێت.

5. دزینی ماڵی گشتی

بریتیە لە دەستخستنی ماڵی دەوڵەت و خەرجکردنی بەبێ بیانویەکی یاسایی و بەناوی جیاوازەوە.

6. کەسێکی ناوزڕاو Mailins Black





واتە دەسکەوتنی پارە وپول لەلایەن گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاوە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەکی ئەوکەسەی کەلەوپۆستەدایە و ناوی زڕاوە بە گەندەڵ.

## ❖ هۆکارەکانی گەندەڵی

ئاشکرایە گەندەڵی بەبێ‌هۆکار دروست نابێت و سەرهەڵنادا و بلاویش نابێتەوە لە ناو دەسەلاتی سیاسی و ئیداری و ناو کۆمەڵگاشدا, هەرچەندە هۆکاری شاراوەی زۆر هەیە بۆ دەرکەوتن و بلاوبونەوەی گەندەڵی لەکۆمەڵگادا ,لەگەڵ ئەوەی کە کۆدەنگیەك هەیە لەسەرئەوەی کە گەندەڵی هەڵسوکەوتێکی خراپی مرۆڤە کە بەرژەوەندی خۆیی دەیجوڵێنێت. لەو هۆکارانەش کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی:-

1. بلاوبونەوەی هەژاری و نەزانی و ناهوشیاری بەمافەکانی تاك ,وزاڵبوونی دابونەریت و پەیوەندیە خزمایەتی و پشتاوپشتیەکان.
2. تێکچوونی بەلانسی دەسەلاتەکانی( یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) وزاڵبونی دەسەلاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەلاتی دادوەریدا و نەمانی چاودێری بەرامبەری ,هەروەها لاوازی دەزگای دادەوری ونەبونی سەربەخۆی ودەستپاکی لەکارەکانیدا.
3. لاوازی دەزگای چاودێری ونەمانی سەربەخۆیی.

4. لەقۆناغە کاتی و ماوەی گۆڕانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا گەندەڵی بڵاودەبێتەوە بەهۆی کەمی تەمەن و کامڵنەبوونی دامەزراندنی دام و دەزگاکانی حکومەت لەچوارچێوەی یاساکاندا و ئەمەش هانی کەسانی گەندەڵ دەدات بۆ بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و مشەخۆری بەهۆی نەبونی چاودێریەوە.

5. بێهێزی ئیرادەی سەرکردە سیاسیەکان بۆ ڕێگەگرتن لەگەندەڵی,و نەکردنی ئیجرائات وسزادانی کەسانی گەندەڵ ,بەهۆی ئەوەی خۆی یان بەشێك لەدەسەڵات گەندەڵن.

6. قەتیسکردنی یان بێهێزی هەموو لایەن و بوارە خزمەتگوزاریەکان و دام ودەزگاگشتیەکان کە خزمەتی هاولاتیان دەکەن ئەمەش دەبێتەهۆیهەڵپەکردنی بەدەستهێنانی دەسکەوت بەڕێگەی نایاسایی یان هەندێ دەسەڵاتدار بەهۆی مەحسوبیەت و خزمایەتی و لایەنگری و بەرتیلەوە بەدەستی دێنن.

7. نزمی ئاستی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و گرانی نرخی کاڵاکان لەبازاڕدا کە هانی هەندێ کەس دەدات کە ڕووبکەنە گەندەڵی.





8. نەبونی بنەماکانی کارکردن و هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران لەسەر بنچینەی توانا ولێوەشاوەیی و ئەزموون و شارەزایی ودڵسۆزی و دەستپاکی و ..هتد .کەدەبێتە هۆکاری دروست بوونی گەندەڵی.

9. نەبوونی ئازادی ڕاگەیاندن و ڕێگەنەدان بەهاوڵاتیان بۆ بینینی تۆمارەکان تاوەکو چاودێرێك کاربکەن لەسەر کاری وەزارەت و دام و دەزگاکان.

10. لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە تایبەتەکان بۆ چاودێری لەسەر ئیشوکارەکانی حکومەت و نەبونی بێلایەنی ئەو ڕێکخراوانە.

11. نەبونی یاساو ڕێسای وا کە کەسانی گەندەڵ سزا بدات.

12. هۆکاری دەرەکی,وەك پەیوەندی یان فشاری دەوڵەت یان کۆمپانیاکان بۆ وەدەستهێنانی سەرمایە و تەندەری پرۆژەکان لەناو ووڵاتدا یان ساغکردنەوەی کاڵای بەسەرچوو خراپ.

### ❖ جۆرەکانی گەندەڵی

گەندەڵیش چەند جۆرێکی هەیە لەسەر بنەمای ئەو کەس و لایەنەی کە جێبەجێی دەکات یان جۆری ئەو بەرژەوەندیەی کە

هەوڵی بۆ دەدەن,گەندەڵیش تاکە کەس یان گروپ یان دەزگایەکی حکومی وفەرمی یان ئەهلی جێبەجێی دەکەن,کە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکی مادی یان دەسکەوتێکی سیاسی یان کۆمەلآیەتیە,گەندەڵی هەیە کە تەنها تاکە کەس جێبەجێی دەکات بەبێ‌بوونی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی تر, بەلآم گەندەڵی هەیە کە گروپێك دەیکات بەشێوەیەکی ووردو ڕێکخراو,کەئەم جۆرەیان گەلێك مەترسی‌دارە چونکە ڕۆ دەچێتە ناو هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە هەر لەسیاسەت و ئابوری و کۆمەلآیەتیەوە .

❖ گەندەڵی بەپێی ئاستی ئەو کەسەی کە پێی هەڵدەستێ دەکرێتە دوو جۆرەوە :-

1. گەندەڵی ئاسۆیی ( گەندەڵی بچووك Minor Corruputation ) کە کەرتی فەرمانبەرانی گشتی بچووك دەگرێتەوە و لەبەرامبەر ڕایی کردنی هەر مامەڵەیەکدا بڕێك بەرتیل وەردەگرێت.
2. گەندەڵی شاقوڵی ( گەندەڵی گەورە Gross Corruputation ) ئەم جۆرەیان لێپرسراوە گەورەکان جێبەجێی دەکەن,لە مامەڵەی گەورەدا و دەسکەوتی گەورەی بەدواوەیە.

❖ بەشێوەیەکی گشتیش دەتوانرێت چەند جۆر و شێوەیەکی گەندەڵی دیاریبکرێت :-

1.بەکارهێنانی پلە و پۆستی گشتی لەلایەن هەندێ لێپرسراوەوە وەك





( وەزیر و وەکیل وەزیر و ڕاوێژکاران و ...هتد) بۆ وەدەسهێنانی پرۆژە و وەکالات و عمولە و...هتد.
2. نەبونی شەفافیەت لەتەندەرەکانی حکومەتدا,وەك ئەوەی تەندەری پرۆژەکان دەدرێت بەکەسانی نزیك و خزمی لێپرسراوەکان و لایەنگری حیزبەکان دوور لە یاساو ڕێسا کان.
3. بوونی مەحسوبیەت و واسیتە و لایەنگری لەدانانی کەسەکاندا لە پۆستە حکومیەکاندا,بەبێ‌ گوێدانە توانا و لێوەشاوەیی و شارەوایی , یان دابەشکردنی ماڵ وموڵکی حکومەت و حیزب بەسەر کەسان و گروپ و ناوچەی دیاریکراودا لەسەر بنەمای خێلآیەتی و ناوچەگەرێتی بەبیانوی دەسکەوتی سیاسیەوە.
4. بەهەدەردانی ماڵی گشتی ,بەهۆی نەدانی باج و لێبوردنی گومرکی بۆ کەس و لایەن و کۆمپانیاکان بۆ دڵڕازیکردنی کەسایەتی دیار و بەناوبانگی کۆمەڵ بەمەبەستی بەرتیل وەرگرتن یان بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری.
5. خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندی سیاسی وەك فێڵکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و کڕینی دەنگی دەنگدەران و هاوکاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ,یان فشار خستنە سەر بڕیاری دادوەر و کڕینی لایەنگری کەسەکان و گروپەکان .

### ❖ کاریگەریە خراپەکانی گەندەڵی

گەندەڵی گەلێك کاریگەری نێگەتیڤانەی هەیە لەسەر کۆمەڵگا لەوانە :-

1. لەبواری كۆمەڵایەتیدا :-

گەندەڵی دەبێتە هۆی تێكدانی دابونەریت و ڕەوشتی تاكەكان و گیانی بێموبالاتی بڵاودەكاتەوە و دیاردەی دەمارگیری و توندڕەوی سەرهەڵدەدات و تاوان زۆر دەبێت وەك دژەكردارێك بۆ نەمانی پیرۆزی كار و بڕوانامە و دڵسۆزی وگەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی كە هیچ كەس بەتەنگ بەرژەوەندی گشتیەوە نەیەت, و جۆرە ڕق و كینێك دروست دەبێت بەهۆی دروستبوونی جیاوازی لەنێوان چین و توێژەكانی كۆمەڵگاوە و لەئەنجامیشدا هەژاری و زیادبوونیخەڵكانی پەراوێزخراو و دووركەوتوەوە و زیانلێكەوتوو زیاد دەكات بەتایبەتیش ژنان و منداڵان و گەنجان.

2. لەبواری ئابوریدا:-

گەندەڵی ڕێخۆشكەرە بۆ چەندین بەرئەنجامی خراپ لەسەر گەشەكردنی ئابوری لەوانە:

1. ڕێگە گرتن لەوەبەرهێنانی دەرەكی بۆ ناو وولات,دەرچوونی سەرمایەدارانی ناوخۆ بۆ دەرەوەی وولات, ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بێكاری و نەبونی فورسەتی كار و بڵاوبونەوەی هەژاری.

2.بەهەدەردانی تواناكان بەهۆی تێكچڕژانی بەرژەوەندیە كەسیەكانەوە لەگەڵ پڕۆژە ئابوریەكاندا,كەئەمەش قورساییەكی زیاتر دەخاتە سەر خەزێنەی دەوڵەت.





3. بەدەستنەهێنانی هاوكاری مادی دەرەكی لەلایەن وولاتانی كۆمەك بەخشەوە بەهۆی خراپی ناوبانگی سیستەمی سیاسیەوە.

4. چۆڵكردنی توانا ئابوریەكان بەهۆی نەبونی ڕێز و تەقدیر و دەركەوتنی دیاردەی مەحسوبیەت و لایەنگری بۆ پڕكردنەوەی پۆستە گشتیەكان.

3. لەبواری سیاسیدا:-

گەندەڵی كاریگەری گەورە دەكاتە سەر سیستەمی سیاسی بەگشتی هەر لەڕووی شەرعیەتیەوە و جێگیری و ناوبانگی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

1. كاریگەری دەبێت تاچەند سیستەمەكە دیموكراسیە و مافی تاكەكان پارێزراوە لەیەكسانی و وەكیەكی لەفورسەتی كار و ئازادیەكان و ئازادی ڕاگەیاندن و بوونی شەفافیەت و كرانەوەی سیستەمەكە.

2. كاردەكاتە سەر سیستەمەكە بەشێوەیەك هەموو بڕیارەكان تەنانەت چارەنوسسازەكانیش لەبەرژەوەندی كەسەكان دەردەچن نەك بەرژەوەندی گشتی .

3.دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێی نێوان بەرژەوەندی گروپەكان.

4. دەبێتە هۆی دروستبوونی دووڕوویی سیاسی لەئەنجامی کڕینی لایەنگیری سیاسیەکانەوە.

5. دەبێتەهۆی لاوازبوونی ڕێکخراو و دام ودەزگا مەدەنی و گشتیەکان و بەهێزبوونی دام ودەزگا کلاسیکیەکان,کەئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی ژیانی دیموکراسیەت لە وولاّتدا.

6. کاردەکاتە سەر ناوبانگی سیستەمە سیاسیەکە و پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەکیدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەش نەکردنی یارمەتی و کۆمەکی مادی,کە هەندێ جار دەبێتە هۆی دانانی هەندێ مەرج کەلەسەروەری دەوڵەت کەمدەکاتەوە.

7. دەبێتەهۆی بەشدارینەکردنی سیاسی و بەهۆی نەبونی متمانە بەدام و دەزگا گشتیەکان و چاودێریەکانی دەوڵەت .

### ❖ گەندەڵی دەرەکی

ئەم جۆرە لەگەندەڵی لەدەرەوەی دەسەلاّتەکانی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت و هێزە دەرەکیەکانی وەك دەوڵەتان و کۆمپانیا گەورە ئابوریە فرە نەتەوەییەکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکانەوەی لەپشتەوەیە لەپێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و...هتد.





ئەم جۆرەش لەگەندەڵی لەڕێگەی فشار خستنە سەر دەوڵەت دەبێت لەپێناو کردنەوەی بازاڕەکانی ناوخۆدا لەبەردەم کالاّکانی ئەواندا یان پێدانی ئیمتیازات بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت و دەرهێنانی نەوت و وەبەرهێنان و جێبەجێکردنی سەرمایە و پرۆژەکانیان,کەزۆرجاران پەنا دەبەنە بەر بەرتیل دان بە گەورە لێپرسراوانی دەوڵەت بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیان یان ساغکردنەوەی کالاّ بەسەر چوەکانیان,کەزۆربەی ئەم جۆرە گەندەڵیە لە وولاّتە تازە پێگەیشتوەکان یان تازە سەربەخۆکاندا ڕوودەدات.

لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لەگەندەڵیەش زیانی گەورە دەگەیەنێت بە بەرژەوەندیەکانی وولاّتان و کۆمپانیاکان و...هتد.بۆیە زۆر لە وولاّتان و ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان و گروپە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان کەوتونەتە خۆ بۆ دامەزراندنی یان مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی دژی گەندەڵی.

لەو میانەیەشدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان, ڕێکەوتنامەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکانی دژی گەندەڵی ئامادەکردوە, هەروەها ڕێکەوتنامەی ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ یاسای تاوانەکان کە پەیوەندی بەگەندەڵیەوە هەیە,هەروەها وولاّتانی ئەفریقاش لەهەوڵدان بۆ نوسین یان ئامادەکردنی ڕێکەوتنامەیەك دژی گەندەڵی , کە ئەم ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر بنەبڕکردنی گەندەڵی لە

جیهاندا و لانی کەم وای کردوە کە دەوڵەتەکان پابەند بن بەسیاسەتی دژە گەندەڵیەوە.

## ❖ ڕێویشوێنەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی

چوار شێواز پیادە دەکرێن بەمەبەستی ڕێگە گرتن لە گەندەڵی ئەوانیش :-

1. سزادان :- بۆ هەموو کەسێك کە پۆستی گشتی هەیە بەپێی یاسا لەسەر گەندەڵی.
2. لێپرسینەوە :- لەهەموو فەرمانبەرێکی پۆستی گشتی لەسەر ئیشوکارەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام.
3. شەفافیەت:- بوونی شەفافیەت لە ئیشوکارو پەیوەندیەکانی دام و دەزگاکاندا لەگەڵ هاولاْتیان و دام و دەزگا حکومی و ئەهلیەکانی تریشدا.
4. دەستپاکی:-کە بریتیە لە کۆمەڵێك بنەما کە پەیوەستە بە ڕاستگۆیی و ئەمینی و دڵسۆزی و پیشەیی لەکاردا.

## ❖ ستراتیژیەتی چارەسەرکردنی گەندەڵی

لێرەدا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە کە ئایا چۆن دەتوانرێت گەندەڵی چارەسەر بکرێت ؟

لەگەڵ زیادبوونی ئاڵۆزی دیاردەی گەندەڵی و بلاْوبونەوەی بەهەموو ئاست و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا,پێویست بەوە دەکات کە پلانێکی ستراتیژی و دوورخایەن دابنرێت کە





گشتگیر و بێکەموکوڕی بێت بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردە دزێو قێزەون و مەترسیدارەش.

ئەمەش دەبێت پێشتر لە چەمکی گەندەڵی گەیشتبین و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و بلاْوبونەوەیمان زانیبێت و جۆرەکانیشیمان دەستنیشان کردبێت, ئەوسا دواتر هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو ڕێوشوێنانە بدرێت کە دەبنە هۆی زیادبونی و شەرعیەت پێدانی و قبوڵکردنی لەکۆمەڵگادا و دەبێت بەخێرایی دیارییبکرێت لەهەر جێگەیەکدا سەری هەڵدا و سزای توندو پێویستیش بۆ کەسانی گەندەڵ دیارییبکرێت.

هەرلەم چوارچێوەیەدا پێویست دەکات کە هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەرپا بکرێت بۆ ڕاگەیاندنی کاریگەریە خراپەکانی گەندەڵی لەسەر بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەلاْیەتی و ئەو خەرجیە زۆرەشی کە تێدەچێت و بەهەدەر دەڕوات, هەروەها دەبێت ویست و ئیڕادەیەکی بەهێزیش هەبێت لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیشەوە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگاش پێکەوە ئەو هەڵمەتە دژە گەندەڵیە جێبەجێبکرێت .

بەهەمان شێوە ئەم هەڵمەتی بنبڕکردنی گەندەڵیە پێویستی بەڕایەکی گشتی شەقامی هوشیارو چالاك هەیە کە چاودێری و بەدواچوونی هەبێت بۆ ڕووداوەکان .و ڕۆڵی هەبێت لە دەستنیشانکردنی دیاردەکانی گەندەڵی و لانی کەم کەسانی

گەندەڵ بێبەری بکات لە پشتیوانی جەماوەر لەو سیستەمە سیاسیەدا.

بەم شێوەیە ستراتیژیەتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێویستی بە بەکارهێنانی هۆکار و شێوازی هەمەجۆر و بەردەوام هەیە لەڕووی سیاسی و یاسایی و جەماوەریشەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :-

1. دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی کە تیایدا دەسەلاَتەکان لەیەکتر جیابن و یاسا سەروەرو سەربەخۆ بێت و بەسەر هەمواندا جێبەجێبکرێت بەبێ جیاوازی و بتوانێت لێپرسینەوە بکات بەشێوەیەکی شەفاف.
2. دامەزراندنی دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ و بەهێز و دەست پاك.بەشێوەیەك هەموو هۆکارەکانی لاوازبوونی نەهێڵرێت و حکومەتیش ڕێز لە بڕیارەکانی بگرێت و ملکەچیشی بێت.
3. یاسای توند دابڕێژرێت بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لەسەر هەموو ئاستەکان ,وەك یاسای دیاریکردنی سەروەت و سامان و موڵکی لێپرسروان,یاسای بەدەستهێنانی نایاسایی سەروەت و سامان و یاسای سەربەستی بەدەستهێنانی زانیاری و یاسای توند بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی بەرتیل وەرگرتن و مەحسوبیەت و بەکارهێنانی خراپی دەسەلاَتەکان.





4. ئەکتیڤکردنی دەزگا و ڕۆڵیچاودێری و لێپرسینەوەی دەزگای یاسادانان وەك پەڕلەمان لە حکومەت و وەزیر بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون.
5. ئاکتیڤکردنی دەزگاکانی چاودێری دارایی و ئیداری دەوڵەت.
6. گرنگی دان بەلایەنی ئەخلاقی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی وەك ئەوەی هەموو دیانەت و مەزهەبەکان هانی بەگژداچونەوەی دیاردەی گەندەڵی بدەن.
7. ڕاگەیاندن ئازادی تەواوی هەبێت بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان و حەصانەیان هەبێت بۆ بلاَوکردنەوەیان و بەدواچوونی ئاشکراکردنی دیاردە گەندەڵەکان و کەسە گەندەڵەکانیش.
8. گەشەپێدانی ڕۆڵی جەماوەری لەبنبڕکردنی گەندەڵیدا,بەهوشیارکردنەوەیان لەزەرەرو زیانەکانی و مەترسیەکانیو تێچونی زۆری ئەو دیاردە قێزەونە لەسەر هاولاَتی و وولاَتیش, هەروەها ئاکتیڤکردنی کاری ڕێکخراوە مەدەنیەکان و زانکۆو پەیمانگا زانستیەکان لەبەرەنگاربونەوەی دیاردەی گەندەڵیدا...

## ڕیفۆرم

## لەناو حکومەتی هەرێمی کوردوستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا ......

➢ بەو پرسیارە گرنگە دەسپێدەکەین کە ئایا بۆچی لەتەمەنێکی کەمی 13 ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و پارتی دەسەڵاتدار ( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان) دا گەندەڵی دروست بوو گەشەی کردوو بوە پەتا و چارەسەریشی گران و قورس بوو ؟

➢ لەوەڵامدا دەڵێین :-

**وەك گوتراوە (( پیاوی شۆڕشگێر هەرکاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست گەندەڵ دەبێت ))**

ئەم ووتەیە زۆر ڕاست و دروست دەرچوە و بەچاوی خۆمان لەسەر زەمینەی واقع دەیبینین نەك هەر لەکوردوستان بەڵکو لەهەموو دونیاشداو لەدەسەڵاتە دیموکراسیەکان و ئازادی و پێشکەوتوەکانیشدا , ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەمڕۆ کەلەناو پارتی دەسەڵاتداردا (یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان) دان پیاوی دوێنێی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی قۆناغی سەختی شۆڕش و چەکداری و شاخ بوون. ئەرك و دەسەڵات و سەروەت و سامان و ئیمتیازات و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیان و





ماڵ و منداڵیان و داواکاری خزم و دۆست و لایەنگر و جەماوەریان لەوکاتەدا و لەئێستادا جیاوازیەکی گەورەیان لەنێواندا هەیە و لە شاخدا هیچ کاتێك هێندەی ئێستا نەدەسەڵات و نە ئیمتیازات و نە سەروەت و سامانیان هەبوە و نەداواکاری ماڵ و منداڵ و خزم و تەکەتول و لایەنگر و دۆست و جەماوەریان لەسەر نەبوە , و کەسانێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و ڕەسەن بوونە و هەموو داواکاری و ئاواتێکیان بریتی بووە لە ڕزگارکردنی نیشتیمان و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و کەسانێکی بیروباوەڕ چەپ و پشت و پەنای کرێکارو جوتیارو هەژاران بوونە و ئەوەی بیریان لێنەکردبۆوە سەروەت و سامان و کۆشك و تەلار و دەسەڵاتتەکان بوە..

هەربۆیەش گواستنەوەیان لەو قۆناغەوە بۆ قۆناغی دەسەڵات و حکومەت و یاسا و ئیدارە و سەروەت و سامان و ئیمتیازاتی شار و خۆشگوزەرانی . زۆربەیان نەك هەموویان ئەو بنەما شۆڕشگێڕانانەیان لەبیرکرد وکەوتنە خۆ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو چەند ساڵەی خەباتی شاخیان و ئەوەندەی پێیان کرا و توانیان سەروەت و سامانیان کۆکردەوە و بوونە خاوەنی کۆمپانیا و کۆشك و تەلار و زەوی و باخ و قەمەرە و زۆر شتی تریش کە زۆربەی جەماوەری گەل پێیان نازانێت و لێیان بێبەشە .

بەم شێوەیە شۆڕشگێڕانی دوێنێ بوونە کەسانی گەندەڵی ئەمڕۆ و دیاردەی گەندەڵی و بەرتیل خواردن و دانانی کەسانی

بودەڵە و بێتوانا و نەشارەزا و بێ بڕوانامە لەپۆستە ئیداری و حیزبییەکاندا دانران لەسەر بنچینەی ناوچەگەریێتی و عەشایەرچێتی و خزمخزمێنە و مەنسوبیەت و مەحسوبیت و حیزبایەتی تەسك و دڵڕازیکردن و تەکەتولچێتی نەك لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و خوێندەواری و دەستپاکی و ئەمینی و دڵسۆزی و شارەزایی و پسپۆڕی. هەربۆیە ووردە ووردە و ساڵ دوای ساڵ ئیدارەی حکومەت و حیزبیش لەئەنجامی ململانێی ناشەریفانەی ناو حکومەت و خودی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانیشەوە دیاردەی گەندەڵی سەری هەڵدا و گەشەی کردو بوە پەتایەکی کوشندە ولەئێستادا وای لێهاتووە کە دوای چەندین هەوڵ و هەڵمەتی چاکسازی و پاکسازی لەحیزب و حکومەتدا نەتوانراوە و ناشتوانرێت چارەسەربکرێت . و تادێتیش گەورەتر و ترسناکتر دەبێت لەگەڵ گەورەبوونی ئەرك و دەسەڵاتەکان و فراوانبوونی ناوچەکان و گەورەبوون و زۆربوونی داواکاری جەماوەر و زیادبوونی پێداویستیەکانی ڕۆژانە و خزمەتگوزاریەکان و بەتایبەتیش دوای ڕزگارکردنی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی عێراق و کوردوستان بەڕووی دونیاو کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانی و ئابوری کە بەرژەوەندی گەورە و مادی زۆر دەهێننە وڵاتەوە و بواری باشتر و زیاتر دروست بوە بۆ پێکەوەنانی سەروەت و سامان و ...هتد .





## ڕیفۆرم

## لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا

- ئاشکرایە کە لەئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991ی گەلەکەمانەوە دژی ڕژێمی بەعسی فاشی و شۆفێنیزمی عەرەبی و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ لە حوکمی بەرەی یەککگرتووی کوردوستانی کەلەنێوان زۆربەی پارتە سیاسیەکاندا دروست ببوو لەپێش ڕاپەڕین و لەساڵی 1987دا و ئەو ماوەی دەسەڵاتی بەرەی کوردوستانیە دەسەڵاتی میلیشیاو هێزە چەکدارەکان بوو نەوەکو دەسەڵاتی یاساو دام و دەزگاکانی حکومەت هەربۆیە چەندین دیاردەی دزێو و ناشیرنی ئاودیوکردنی سەروەت و سامان و بەفیرۆدانی توانا مادی و مرۆییە زۆرینەکانی ئەم وولاتە بەفیرۆچوون و ئاودیوی سنورەکان کران لەبەرژەوەندی هێز و پارتە سیاسیەکان و کەسانی گەندەڵ و لێپرسراو ومافیاکاندا. و بوە هۆی ڕووتانەوە و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری کە بۆخۆی نەمابوو وە هێندەی تر بوە هۆی سەختکردن و گرانکردنی بار و ئاستی ژیانی هاوڵاتیان . ئەوەبوو دوای تێربون و نەمانی شتێکی ئەوتۆ لەم وولاتەدا , هەموو پارتە سیاسیەکان لەدوای ململانێ و گفتوگۆیەکی زۆر و دوورو درێژ ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنێکی

سەرتاسەری لە کوردوستاندا بکرێت بەمەبەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی کوردی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و ئەوەبوو لە 1992/5/19دا یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ ئەنجام دراو بوە یەکەم پرۆسەی دیموکراسی لەکوردوستان و عێراقدا و یەکەم پەرلەمانی کوردی لەمێژوودا لەدایك بوو و دواتریش لە 1992/7/4دا حکومەتی هەرێمی کوردوستانیش دامەزراو بەمەش دوو دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن لەکوردوستاندا دامەزرا وئیدی لەو ڕۆژەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کەوتە خۆ بۆ ڕێکخستنەوە و دامەزراندنی وەزارەت و دانانی یاساو ڕێساکان و ودابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی داهاتەکان لە خەزێنەی حکومەتدا و کەمکردنەوەی پێشێلکاریەکانی حیزبە سیاسیەکان ودەسەڵاتیان و ڕێکخستنەوەی دادگا یاساییەکان دوور لە داداگاکانی شۆڕش کە بۆخۆی ئەم کارانە لەویٚ ڕۆژێدا گەلێك سەخت و گران بوون لەلایەك بەهۆی کەم ئەزموونی لە ئیدارەو حکومەتدا و لەلایەك بەهۆی نەبوونی کادرو کارمەندی شارەزا لەهەموو بوارەکاندا و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دابەشکردنی پەرلەمان و حکومەت بەرێژەی 50بە50 لەنێوان هەردوو پارتی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکاندا (( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و پارتی دیموکراتی کوردوستان )) وئەم کارەش هێندەی تر لەتەمەنی





حکومەتدا بوە ڕێگر و بەربەست لە پێشکەوتن و تەواو دامەزراندن و چەسپاندنی دام و دەزگاکانی حکومەت و بەهۆی زاڵ بوونی گیانی حیزبایەتیشەوە لەناو دام و دەزگاکاندا و ڕانەهاتنی کادرە حیزبیەکان لەهەموو پۆستەکاندا بە هەڵسوکەوتی دام و دەزگایی و حکومەتی و دواتریش لەدوای کەمتر لە 2 ساڵ شەڕی ناوخۆی هەردووی پارتی دەسەڵاتدار و بەشدار لەحکومەتدا هەڵایساو بوە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشانی پەرلەمان و حکومەت و دواتریش دووکەرت بونیان و سست بوون و لاوازبونیان و ئەمەش بوە هۆی بچوك بونەوەی دەسەڵات و ئەزمونی گەلەکەمان لە ناوچەکە و دونیاشدا و لەبەردەم دۆستەکانماندا . بۆیە یەکەم ئەزموونی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی کەوتە بەر مەترسی لەناوچوون و هەڵدێرەوە . ئیدی دوو حکومەت و دوو دەسەڵاتی جیاواز لە فکر و ڕێباز و بۆچوون لە هەولێر و سلێمانی دروست بوون لەدوای ساڵی 1997وە و تائێستا و لەساڵی 2006/7دا ئەم دوودەسەڵاتیە هەر بەردەوام بوو . بەم شێوەیە حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بەهۆی نەچەسپاندنی و بەهێزنەبوونی و نەبوونی دەسەڵاتێکی یاسادانانی شەرعی و کاراو بەهێزی وەك پەرلەمان و نەبوونی دام و دەزگایەکی یاسایی بەهێزو قوڵبونەوەی گیانی حیزبایەتی و تەریك کردنی حیزبەکانی تر لە هاوبەشی کردنی فعلی و کارا لەناو حکومەتەکاندا و دانانی کەسانی نەشیاو لاواز و بیٚ ئەزموون

لەئیدارەدا و نەبوونی یاساو ڕێسایەکی ڕوون, ئەم ئیدارانە تووشی گەندەڵی و ڕۆتین بوون و ئیدی ئەوەی دەکرا تەنها ڕایی کردنی ئیشوکارەکان بوون و هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی گەورە لە ئیدارە و دەسەڵاتی کوردیدا ڕوووینەدا وزۆر جاران دەوترا (( ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێت )) و بەدرێژایە ئەم 14 ساڵە نەتوانراوە ئیدارەیەکی خاوێن و گەشەکردو و تۆکمە و بەهێزی ئەوتۆ دابمەزرێنرێت کە جێگەی ئومێد و لێڕازیبونی جەماور بێت .. هەربۆیەش لە هەردوو دەسەڵاتدا و بۆ چەندین جار هەڵمەتی چاکسازی و پاکسازی ڕادەگەیەنراو هەرماوەیەکی کورتی دەخایاندو دواتر هێواش دەبۆوە و کارەکان وەك پێشتر بە نایاسایی و ناڕێك و پێکی دەڕۆیشتن و تادەهاتیش گەندەڵی و ڕۆتین بلاْودەبۆوە بۆیە جێبەجێکردنی ڕیفۆرم لە حکومەت و دەسەڵاتی کوردیدا بووە ئەمرێکی واقع و زۆر زەرور و نەدەکرا چیدی چاوی لێبپۆشرێت و گوێی پێنەدرێت و ئەوەبوو پرۆسەی ڕیفۆرم سەری هەڵدا لەناو هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەوە و چەند ڕێوشوێنێکیان گرتە بەر بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی و ڕۆتین بەهیوای ڕێکخستنەوە و چاکسازی کردن و گەڕانەوەی گیانێکی نوێ و عەقڵیەتێکی نوێ و توانا و وزەیەکی گەورەتر بۆ ناو جەستەی نەخۆش و لاوازو و پەککەوتووی حکومەتی هەرێم , بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆسە زۆر گرنگ و هەستیارە زۆر بەهێواشی گوزەر دەکات و





تائێستا ئامانجێك و سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست نەهێناوە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نیەتێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە نیە لەلایەن ڕیفۆرمیستانەوە جا چ کەسان بێت یان پارتە سیاسیەکان بێت یان کۆمەڵە و گروپی فشار و مافیاکان بێت کە ئەوەش تەنها بەزیانی گەورەی مادی و مرۆیی گەل و وولاْتەکەمان دەگەڕێتەوە ...

کە دەتوانراو دەکرا ئەو پرۆسەی ڕیفۆرمە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی کوردی گەلێك پێشکەوتووتر و گەشەسەندووتربوایە و لەئاست خواست و ویستەکانی جەماوەردا بوایە و ڕەنگدانەوەی ئەم هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی ئێستا بوایە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە و ئەوەندە بەهێز و تۆکمە بوایە کە لە عێراقی نوێدا چاویان لێبکردینایە ...

* * *

* *

*

## سەرەتای ڕیفۆرم

## لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا..

➢ دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایانەی کە درا بۆ چێکردنی ریفۆرم لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتدا و هەستکردن بەمەترسی گەورەبوونی گەندەڵی و ڕۆچوونی بەناو هەموو لق و پۆپەکانی حکومەتدا و سەرنەگرتن و بەدەست نەهێنانی ئامانجی گەورە لەو بوارەدا لەناو حکومەتدا , هەربۆیە لەناو خودی یەکێتی و بەتایبەتیش سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیەوە دەنگی ناڕەزایی و سکالاَ و ریفۆرم بەرزبۆوە .

یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی 1975 دا و دواتر هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری لەساڵی 1976دا وەك ڕێکخراوێکی سیاسی نیمچەبەرەیی و دیموکراسخواز و پێشکەوتنخواز و تاڕادەیەکیش ڕێکخراوێکی چەپ هاتە مەیدانی خەبات و گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری کوردایەتیەوە .

ڕێکخراوێك کەلەباڵەکانی یان ڕێکخراوەکانی ( کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان کەبنەما و باڵی سەرەکی و گەورەی ناویەکێتی بوو , یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردوستان و هێڵی گشتی ) بوون پێك هاتبوو, کە ئەم باڵانە هەر لەسەرەتاوە بەململانێ و کێشمەکێش و تاڕادەیەکیش دژ بەیەك درێژەیان بەخەبات دا لەژێر چەتری ( یەکێتیینیشتیمانیکوردوستاندا ) بەم شێوەیە یەکێتی بە پێکهاتە وئایدیا و فکر و ڕێچکە و ڕێبازی سیاسی و چەکداری نوێوە هاتە مەیدان کە تائەوکاتە ڕووداوێکی زۆر نامۆ و نوێ بوو بەرامبەر هەموو پارت و





ڕێکخراوە سیاسی و چەکدارەکانی تر کە هەریەکەیان پێکهاتە و ئایدیا و ڕێچکەیەکی کلاسیکیان هەبوو .

بەهەمان شێوە زەمانی لەدایك بوونی یەکێتی زەمانێکی زۆرناسك و ناسروشتی بووچونکە کات کاتی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و شەوەزەنگی تاریکی و وورە ڕووخانی کوردان بوو , کاتی داگیرکردنەوەی کوردوستان و سەرکەوتنی بەعسیان بوو, کاتی پیلانگێڕانی دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش بوو دژی کوردو شۆڕشەکەی, کاتی نسکۆ و نوچدانی کوردایەتی بوو . هەربۆیە یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی زەرورەتی قۆناغەکە و پێویستیەکی زۆر هەنوکەیی لەناو هەناو و ژیلەمۆو کوانوی ئەو ڕۆژگارە سەختەدا لەدایك بوو هاتە بوون و بۆیەش هەر لەلەدایك بونیەوە قاڵبووی ڕۆژگارە سەخت و دژوار و ڕووداو و کارەساتە جەرگبڕو کەمەرشکێنەکان بوو . لەتەمەنی خەباتی خۆشیدا گەلێك ڕووداو و کارەساتی پشتشکێنی بەڕوودا هاتن وەك ( کارەساتی هەکاری و جیابونەوەی براکان و شەڕی ناوخۆو براکوژیەکان و پیلانی دراوسێکان و ڕژێمی بەعس و دواتریش کیمیاوی باران و ئەنفال , ئەمە سەرەڕای ململانێ ناخۆییەکانی ناو یەکێتی خۆی کەهەتا دەهات گەورەتر و مەترسیدارتر دەبوو تاکار گەیشتە ئەوەی یەکێتی دووکەرت ببێت لە هەشتاکاندا بەهۆی دروستبوونی ( ئاڵای شۆڕشەوە ) کە ئەگەر بەزوویی فریانەکەوتایە . بەڵام یەکێتی

دوای هەموو ئەو ڕوودا و کارەساتانە بە وورەیەکی بەرزو پتەوتر و گەشەکردووتر و زیاتر خۆشەویست بوونی لەناو جەماوەردا دەهاتە دەرەوە و بەسەر هەموو پیلانەکاندا سەردەکەوت و وای لەڕژێم و پارتە سیاسیەکانی کوردوستانیش کرد کە بەناچاری حسابی بۆبکەن و داوای ئاشتبونەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن , بەشێوەیەك یەکێتی لەسەردەمێکدا بووە تاکە هێز و تاکە دەسەڵاتدارو تاکە بڕیار بەدەستی سەرتاپای کوردوستان .

لەکۆتایی ساڵی 1991 و سەرەتای ساڵی 1992 دا و دوای ڕاپەڕین یەکێتی لەیەکەمین کۆنگرەی گشتی خۆیداو لەبڕیارێکی مێژوویی و گرنگ و زەرورەتی قۆناغەکەدا هەرسێ باڵەکەی ناوخۆی حل کرد و هەموان لەسەر یەك بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکەوتن و ئیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بوە چاوگ و سەرچاوەی کارو خەباتی هەموو بیرو ڕاو فکر و ڕێبازە جیاوازەکان .

یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان هەر لەسەرەتاوە گیانی ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتن و بوونی دیموکراسی و ئازادی و ڕادەربڕینی وەك سەرەتایەکی شۆڕشگێڕی تیادا چەسپیوەو هەرئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە زۆربەی چینی ڕۆشنبیران و ئەکادیمی و فرە بیرو بۆچونی جیاوازی تیادا کۆببێتەوە و خەباتی تیادا بکەن سەرەڕای چینی کرێکاران و جوتیاران و خوێندکاران و ژنان و سەرجەم چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ





و هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە بتوانێت لەیەکەمین هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردوستانەوە و لەتەمەنێکی کەمی 16 ساڵیدا نیوەی دەنگەکانی جەماوەری کوردوستان بۆخۆی مسۆگەر بکات کە ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بەبەراورد لەگەڵ هەردوو حیزبی گەورەو خاوەن مێژوو و خەباتی دوورودرێژی وەك پارتی و حیزبی شیوعی کەلەساڵەکانی 1946 و 1934وە خەبات دەکەن .

قۆناغی دوای ڕاپەڕین بۆ یەکێتی قۆناغێکی نوێ و زۆر جیاواز بوو لەقۆناغی شاخ , لەئەرك و دەسەڵات و ئیدارەو سامان و ئیمتیازات و ململانێکانیش لە ناوخۆی خۆی دا و لەگەڵ پارتی و حیزبە ئیسلامیەکان و ڕژێمی بەعس و دەوروجیران و بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانیش لەناوچەکەدا .

شەڕی ناوخۆ و دووکەرت بوونی حکومەتی هەرێم و کوردوستان بەسەر دوو بیروباوەڕی جیاواز و دوو پارتی سیاسی و حکومەتی جیاوازدا و ڕزگارکردنی عێراق و بەشداری کردنی کورد لە دەسەڵات و بڕیارەکان لە بەغداد و سەرقاڵ بوونی زیاتری بە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکان و گەورەبوونی ئەرك و دەسەڵاتەکان ئەوەندەی تر بوە هۆی دروست بوونی گەندەڵی لەئیدارە و حیزبیشدا بەڕادەیەك لەئێستادا گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار کە ئیدی چیتر ناکرێت چاوی لێ بنوقێنرێت و پشتگوێ بخرێت و وەك حوشتر مل( نەعامە ) سەر بکرێتە ژێر گڵەوە .

بۆیە ڕیفۆرم بۆتە ئەرکێکی هەنوکەیی و زۆر پێویستی قۆناغەکە , هەرچەندە بارودۆخی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و عێراق و ناوچەکەش هێندە جێگیر نین کە بتوانرێت پرۆسەیەکی واگەورەو هەستیاری تیادا ئەنجام بدرێت .

## چرکە ساتی وەرچەرخان...

- لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە بۆچی لەم کات و ساتەدا ئەم پرۆسە گرنگ و هەستیارەی ڕیفۆرم بوە دروشم و لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بەرزکرایەوە و ئاڕاستەی بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی کرا ؟

ماوەی چەند مانگێکیشە لەخودی ڕیزەکانی یەکێتیشەوە و بەتایبەتیش لەلوتکەی دەسەلأتەکان و بڕیارەکانەوە( مەکتەبی سیاسی ) وە دروشمی ڕیفۆرم بەرزکراوەتەوە و داواکاری و ڕەخنەو سکالأ و پێشنیازەکانیان لەچوارچێوەی یاداشتێکدا ئاڕاستەی سکرتێری گشتی خۆی بەڕێز مام جەلال کردووە .

دەقی یاداشتی ئیمزاکراو لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بۆ بەڕێز مام جەلال...

لەسایتی ( کوردوستان پۆست ) لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە ..

گەورەی بەڕێز مام جەلال
سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان
سلأو ورێز





ماوەیەکی زۆرە ئەمانەوێ هەندێ مەسەلە کە پەیوەندی بە چارەنوسی کورد و یەکێتیەوە هەیە باس بکەین بەلأم بەڕاستی جەوی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی کە بەڕێز سکرتێری گشتی جۆرێ لە ( ئیرهابی فیکری ) بەسەردا سەپاندوە بەهیچ جۆرێ بەکەڵکی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە نایەت چونکە کۆتاییەکەی بەشەڕ و تێکچوون و دەنگە دەنگ تەواو دەبێت بۆیە بە چاکمان زانی بیربۆچونەکانی خۆمان بەنوسین بخەینە بەرچاوتان.

یەکێتی ئەو ڕێکخراوەی کە زۆری ئێمە سالأنێکی زۆری تەمەنی لەدامەزراندن و بەهێزکردن و ڕێکخستنیدا بەسەر برد, ئێستا بۆتە دەسکەلایەکی بێگیان بەدەست سکرتێری گشتیەوە و بەئارەزوی خۆی هەڵی دەسوڕێنێت بێئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕیەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی هیچ دەورێکیان هەبێت لەداڕشتنی بڕیارە سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیدا.

1. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دارایی یەکێتیەو جگە لەخۆی هیچ ئەندامێکی تر سەرکردایەتی نازانێ یەکێتی چی هەیە و چەندی هەیە و لەکوێیە و لەلای کێیە و سەرچاوەکەی کوێیە و چۆن سەرف دەکرێ و بەقازانجی کێ بازاڕ و بازرگانی و قۆنتەراتی پاوان کردووە.

2. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری دەرەوەیە و بەئارەزووی خۆی سەفەری وولاّتان دەکات و گفتوگۆ لەگەلّ وولاّتان دەکات ,پەیوەندی لەگەلّ ئەم دەولّەت دائەمەزرێنیّ و لەگەلّ ئەو دەولّەت تێکیئەدا,نوێنەرانی یەکێتی لە وولاّتاندا دادەنیّ و لادەبات و قسەی ناکۆك و ناساز بۆ دەزگا جیهانیەکان ڕاگەیاندن دەکات .

3. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری ڕێکخستنە,بەرپرسیکاروباری ڕێکخراوە دیموکراتیاکانە, بەرپرسی کاروباری هێزی پێشمەرگە,فەرماندەیی,ئەندامانی مەکتەبەکان .,مەلّبەندەکان ,کۆمیتەکان .خۆی دایان دەنیّو خۆی لایان دەبات .دلّسۆزی بۆ یەکێتی و لێوەشاوەیی .ڕابوردووی باش .دەست و دەم و داوێن پاکی هیچ نرخێکی مادی و مەعنەویان نەماوە .دلّسۆزی بۆ سکرتێری گشتی و گوێڕایەلّی کوێرانەی وجێبەجێکردنی فەرمانەکانی بۆتە مەرجی هەرە گرنگی بەرزبونەوە و هەلّکشان بەرەوژوور.

4. سکرتێری گشتی بەتنیا خۆی گفتوگۆ لەگەلّ حیزب و ڕێکخراوەکاندا دەکا و بڕیاری ئاستی پەیوەندی و جۆری هاوکاری و ڕێککەوتن و ئەندازەی یارمەتیان دەدا.

5. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری ڕاگەیاندنە,بەرپرسی ڕۆژنامە.ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە.نوسەر و بێژەرەکانی تەنانەنت تەکنیککارانی بەئارەزووی خۆی





دەهێنیّ و دەگۆڕیّ ,ڕەنگە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی تەنیا دەزگا بێت لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا کە سکرتێری گشتی ڕۆژانە خۆی وێنەکانی خۆی و میوانەکانی و هەوالّەکانی بۆ بلاّوکردنەوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەلّدەبژێریّ .

6. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری حکومەتە.وەزیر و وەکیل وەزیر و سەفیر و مودیری عام دادەنێت و دەگۆڕێت جگە لەخۆی کەس بۆی نیە لەوەزیرەکان و لەکارە باش و خراپەکانیان بپرسێتەوە .

7. سکرتێری گشتی بەتەنیا خۆی بیئەوەی پرس بەسەرکردایەتی یەکێتی بکات بەشداربوو لەنوسین و پەسەندکردنی ( قانونی ئیدارەی دەولّەتی عێراق )دا بەتەنیا خۆی بەخاوەن بڕیار دەزانی لە دیاریکردنی خواستەکانی گەلی کورد و چارەنوسی کەرکوك و ناوچە کوردوستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و جۆری بەشداری لەحوکومەتی ناوەندیدا.

➢ لەناویەکێتیدا,ژیانیدیموکراتی حیزبایەتی .سەرکردایەتی بەکۆمەلّ .ڕێزگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی .ڕێزگرتنی ئازادی بیروبۆچوون نەماوە . یەکێتی بەرەو ئەوەدەبا بیکاتە حیزبی بنەمالّەکەی خۆی بیباوەڕی لەنێوان ئەو و سەرکردایەتی و بنکە ڕێکخراوەییەکانیدا دروست بووە و هیچ ئەندامێکی یەکێتی لە هیچ کۆبونەوەیەکی یەکێتیدا کە سکرتێری گشتی سەرپەرشتی بکات یا بەشداربێت .ناتوانیّ بیروبۆچوونی خۆی بەسەربەستی باس بکات,چونکە سلّ ئەکاتەوە لەوەی

سکرتێری گشتی لەناو کۆبونەوەکەدا بچێتەوە بەگژیدا و بیشکێنیٚ و سوکایەتی پیٚ بکات.

ئەمانە هەمووی هۆی پەیدابوونی تاقمیٚ ئەندامانی مونافیق و دووڕوو و درۆزنن لەدەوری سکرتێری گشتی هەل و مەرجی ڕاستەقینەی گیروگرفتەکانی یەکێتی و ناڕەزایی خەڵکی لیٚ ئەشارنەوە و ڕاپۆرتی درۆ و هەوڵی ناڕاستی بۆ ئەهۆننەوە.

لەئەنجامدا گەندەڵی دارایی,گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی. تەنانەت گەندەڵی خووڕەوشت سەرانسەری دام و دەزگاکانی حیزب و حکومەتی گرتۆتەوە بەجۆریٚ کەبۆتە هۆی ناڕەزایی گشتی خەڵك و زۆری ئەندامانی یەکێتی و بۆتە مەترسیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر یەکێتی و پاشەڕۆژی .

بۆیە ئێمە بەپێویستمان زانی بەوپەڕی سەربەستیەوە بەم یاداشتە بیربۆچونەکانی خۆمانتان بۆ بنوسین و پێشنیازەکانی خۆمان بۆ چاککردنی ژیانی ناوخۆی یەکێتی کە کلیلی چاککردنی زۆر بواری تری ژیانی سیاسی و حیزبی وحکومەتیە بخەینە بەرچاوتان,پێشتریش کەبەم ئاشکراییە باسمان نەکردووە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەترسیە گەورانەی هەرەشەیان لە جولاٚنەوەی کوردو یەکێتی دەکرد.

سکرتێری گشتی تەمەنی لە (( 70 )) ساڵ تێپەڕیوە, کاتی ئەوە هاتوە ئیتر وەکو( ڕەمزێکی بەڕێز ) خۆی لە دەستێوەردانی ئیش وکاری ڕۆژانەی یەکێتی بکێشێتەوە و





ڕاپەڕاندنی کاوباری ڕۆژانە بەجێبهێڵیٚ بۆ هاوڕێکانی و ڕێگە بدات بەیەکێتی بگەڕێتەوە سەر کارکردن بەپێی سەرەتا ڕێکخراوەییەکانی و لەداهات و خەرجی دارایی یەکێتیدا پەیڕەوی ڕوونی ( شەفافیەت ) بکات و سەروەت و سامانی یەکێتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرا بکات.

لەکۆتایی‌دا دەڵێن ئێوە ئەگەر هەر سووربن لەسەر درێژەپێدانی ڕێبازی پێشوو لە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یەکێتی و حکومەتدا و ئەگەر بتانەوێت ئیش وکارەکانی یەکێتی و دەسەلاٚتەکانی بەشێوەی ئێستا لەدەستی خۆتاندا بهێڵنەوە بیٚ‌ئەوەی هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی یەکێتی تیایدا دەژی.ئەوا ئێمە کە ماوەیەکی درێژ هاوبیروباوەڕتان بین لەکاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بوین لەکاری پێشمەرگایەتیدا لێرە بەدواوە چیتر باری لێپرسراوێتی مێژوویتان لەگەڵ هەڵناگرین,خۆمان

( مینبەرێکی ئاشکرا) دروست دەکەین بۆ چاککردنی وەزعی یەکێتی و ئێمە ئیتر خۆمان بەئازاد ئەزانین لە هەڵبژاردنی هەر شێوەیەکی کاری سیاسی کە خۆمان بەچاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتیمانەکەمان و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان .

لەگەڵ ڕێزی

کۆسرەت ڕەسول  نەوشیروان مستەفا امین  عمرسیدعلی

❖ وەك لەپێشەوە باسمان کرد هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لە سیاسەت و ئابوری و سەربازی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یاسا و فەرهەنگ و حیزبایەتی و ڕێکخراوەیشەوە هەرهەمووی پێویستی بە چاکسازی و ڕاستکردنەوە و ئاڕاستەکردن و گۆڕین و کرانەوە و ڕاشکاوی هەیە چونکە جاران سەرجەم بوارەکان داخراو و کۆنەپارێز و تاریك و دواکەوتوو سەرداپۆشرا و و ئاڕاستەکراو بوون بەڵام ئێستا پێویست دەکات کە سەرتاپای بوارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بکرێنەوە و شەفاف و ڕوون و ئاشکرابن و بتوانن ڕەخنە و دەنگی ناڕەزایی و دژەکان قوبوڵ بکەن و لەلایەن کەسێك یان بنەماڵەیەك یان گروپێکەوە ئاڕاستە و کۆنترۆڵ نەکرێن .

بۆیە ئەم ڕیفۆڕمەی کەداوا دەکرێت لەناو یەکێتیدا بکرێت وەك سەرتاپای پرۆسەی ڕیفۆرم قبوڵە و لەگەڵ زەرورەتی قۆناغەکە و فراوان بوونی ئەرك و دەسەڵات و سنووری جوگرافیای کار و قورسی و گرنگی ئەرکەکانی یەکێتیدا یەك دەگرێتەوە .

بەڵام ئەم پرۆسە گرنگ و زێدە هەستیار و وورد و درێژخایەنە لەلایەك پشوو درێژی دەوێت دوور لەهەڵچوون و تووڕەبون و هەناسەسواربون و کەم جیکەڵاٌنەیی, لەلایەکی تریشەوە زەمان





و زەمینەی گونجاوو لەباری دەوێت بۆ دەستپێکردن و جێ بەجێکردنی . ئاشکرایە کە وەزعی یەکێتی و کوردوستان لەبارنیە و بەوشێوەیەش ئارام و جێگیرنیە تا پرۆسەیەکی ئاوها گرنگی تیادا ئەنجام بدرێت چونکە دوژمنانی ناوخۆو عێراقی و ناوچەیی و دونیاش لەسەر پێن بۆ یەکێتی و چاویان لەو ڕۆژە بڕیوە کە یەکێتی بەو گەورەیە و بەهێزیە و پتەوییە نەمێنێتەوە چونکە دەزانن تەنها یەکێتی سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتیە و تائێستاش بەڕەسەنی و ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە جڵەوی کوردایەتی گرتوە و پێشەنگ و ڕابەر و جێ متمانەی زۆرینەی جەماوەری کوردوستانە  بۆ ئەوەی کاروانی خەباتی چەندین ساڵە و کەشتی چارەنوسی کورد بگەیەنێتە دوا مەنزڵ و ئاسۆی دواڕۆژ .

بۆیە هێندەی تر ئەرکی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازان گەورەتر دەبێت , لەکاتێکدا کە بەڕێز مام جەلال بەهێز و سیاسەت و ژیری و حەکیمی و کەسایەتی خۆی و خەباتی درێژخایەنی چەندین ساڵەیەوە بۆتە یەکێك لەپایەگرنگ و ڕاگرەکانی یەکڕیزی یەکێتی و کردویەتیە ڕێکخراوێکی جێ متمانە و دۆستی دەوڵەتان و پارتە سیاسیە گەورەکانی ناوچەکە و دونیاش, وەك خۆشی مام جەلال بۆتە ( صمام الامان ) ی ناو یەکێتی و ململانێی نێوان کەس و لایەن و مینبەر و ڕێکخراوە جیاوازەکان .

بۆیە زەمەنی ئەم پرۆسەیە زەمەنێکی گونجاو نەبوو, چونکە لەلایەك گەر بەڕێز مام جەلال کەسێکی حەکیم و دووربین و تێگەیشتوو و دیموکراتخواز نەبوایە و بەتەنگ ئێستا و ئایندەی یەکێتیەوە نەهاتایەو بەجدی و خەمخۆریەوە بەدەنگ ئەو یاداشت و داواکاریەی زۆرینەی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی و کادرانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە وە نەهاتایە و وەڵام و هەڵوێستێکی گونجا وی نەنواندایە و بەگیانێکی خۆسەپێن و هەڵچون و توڕە و تاك ڕەوانە وە هەڵوێستی وەربگرتایە, ئەوا زۆر نزیك بوو کە یەکێتی بەرەو ئایندەیەکی نادیار بڕۆیشتایە,چونکە ڕیفۆرمخوازان کەزۆرینەن لەناو یەکێتیدا لە یاداشتانامەکەیاندا ئەو ڕاستیەیان بوێرانە بەبەڕێز مام جلال ڕاگەیاندبوو کە دەڵێن (( ئێوە ئەگەر هەر سووربن لەسەر درێژەپێدانی ڕێبازی پێشوو لە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یەکێتی و حکومەتدا و ئەگەر بتانەوێت ئیش وکارەکانی یەکێتی و دەسەڵاتەکانی بەشێوەی ئێستا لەدەستی خۆتاندا بهێڵنەوە بێئەوەی هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی یەکێتی تیایدا دەژی.ئەوا ئێمە کە ماوەیەکی درێژ هاوبیروباوەڕتان بین لەکاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بوین لەکاری پێشمەرگایەتیدا لێرە بەدواوە چیتر باری لێپرسراوێتی مێژوویتان لەگەڵ هەڵناگرین,خۆمان





( مینبەرێکی ئاشکرا) دروست دەکەین بۆ چاککردنی وەزعی یەکێتی و ئێمە ئیتر خۆمان بەئازاد ئەزانین لە هەڵبژاردنی هەر شێوەیەکی کاری سیاسی کە خۆمان بەچاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتیمانەکەمان و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان )) .

ئەگەریش خوانەکردە بەڕێز مام جەلال هەڵوێستێکی توندو دژی ڕیفۆرمخوازان بنوانایە,ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێتی بەرەو جیابونە و بچوکبونەوە و دژایەتی باڵ و مینبەرە جیاوازەکان هەنگاوی دەناو لەوکاتەشدا نەباڵی بەڕێز مام جەلال و نەباڵی ڕیفۆرمخوازانیش کە لە بنچینەدا بۆ خۆشیان زۆرێك لە ناکۆکی بیر و ڕاو بۆچوون و بەرنامەی کاریان لەنێواندا هەیەو لە باڵ و مینبەری جیاواز پێك هاتوون, هەموانیان سەنگ و قورسایی خۆیانیان لەدەست دەدا و ڕۆژانی پڕشکۆ و قارەمانێتی و خەباتی چەندین ساڵە و درەوشاوەی یەکێتی و مێژووە پڕ سەروەر وسەوکەوتوەکەیان تاریك و لێڵ و ناشیرین دەکرد و سەرتاپایان دەسڕیوە کە بۆخۆیان زۆرێك لە تەمەنی لاوێتیان لەپێناو دروستکردن و گەشەپێدانی یەکێتی بەسەربردووەو بەمەش نەك تەنها یەکێتی خۆی و هەڤاڵ وکادرەکانی بەڵکو هەموو پرۆسەی سیاسی لەکوردوستاندا و لەعێراقیشدا زەرەرمەند دەبوو, لەکۆتایشدا مەسەلە گەورەکەی کوردیش نەك تەنها لەم پارچەیەدا بەڵکو لەتەواوی پارچەکانی کوردوستانی گەورەشدا شکستی گەورەیان بەردەکەوت, چونکە بەگەواهی

دۆست و دوژمنانیشەوە یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستاش هەمیشە سەرەنێزەی خەبات و کۆڵنەدانی ڕەسەنی کوردایەتی بوە و جێگە ئومێد و هیوای زۆرینەی کوردان بوە و جێگە پشتیوانی و هاوکاری دۆستانی کورد بوە و جێگە دوژمنایەتی کردنی داگیر و دابەشکەرانی کوردوستانیش بوە.

بەلاّم خۆشبەختانە چ بەڕێز مام جەلال و چ هەڤالاّنی مەکتەبی سیاسیش بەگیانێکی پەرۆشی و هاوخەباتی و هاوچارەنوسی و لێکتێگەیشتن لەمەترسیەکان و دڵسۆزیشیان بۆ ڕابووردو ئێستا و ئایندەی یەکێتیەوە کەوتنە گفتوگۆی ڕاشکاوانەو کۆمەڵ گەلێك خاڵ و بڕگە و بڕیاری گرنگیان گۆڕی و دەرکرد,کە بوە مایەی تەکانپێدانێکی گەورە و بەهێز بەجەستەی خاوبوەوەی یەکێتی و بوە مایەی بەخۆداچونەوە و هەڵوێستەکردنێکی جدی بەکار و هەڵوێست و گوتارەکانی یەکێتیدا و بووشە دەستپێك و سەرەتایەك بۆ پڕۆسەیەکی گەورە و گرنگ و پڕ هەستیاری ڕیفۆرمیش لەناو یەکێتی و حکومەتیشدا و بەمەش جارێکی تر یەکێتی بەگەورەتر و بەهێزتر و سەربەرزانە تر لەم ئەزموونە دیموکراسیەشدا ئەم قۆناغە هەستیارەی تێپەڕاند و هەمووشیان ئەو ڕاستیەیان سەلماند و درك پێکرد کە دوژمنانی یەکێتی لەناوخۆی کورد و عێراق و ناوچەکەشدا لەسەر پێن و ئامادەن بۆ قۆستنەوەی هەر ڕووداوێکی جیابونەوەی یەکێتی و بۆیەش هەمووان تێگەیشتن کەتەنها لەژێر چەترە گەورە و یەکگرتوەکەی یەکێتیدا بەهێز و خۆشەویستی جەماوەر و ئایندەی ڕۆشنن.





## دووڕیانێکی نادیار.....

➢ **لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لەو هەل و مەرجە ناسك و زۆر هەستیارەدا دەبوایە واز لە ڕیفۆرم بهێنرایە و هیچ هەوڵێك بۆ ڕیفۆرم و ڕاستکردنەوە نەدرایە ؟**

وەلاّم نەخێر , ناکرێت بەبیانوی نەگونجاندنی بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردوستان و هەستیاری قۆناغەکە و زۆر فاکتەری تر ڕیفۆرم نەکرێت یان دوابخرێت, بەڵگەش بۆئەوە یەکێتی لەماوەی 14 ساڵی دەسەلاّت و حکومەت و فراوانبونیدا و دوای ساڵی 1991 وە ئەم هەموو گەندەڵی و مشەخۆری و کەموکوڕی و هەلاّنەی تیا دروست بوبێت لەماوەیەکی کەمدا ئەوا پێویستی دەکرد نەك ئێستا بەڵکو زۆر زووتریش ئەم پڕۆسەیە دەستپێبکرایە **بەلاّم چۆن ؟**

یەکێتی ڕێکخراوێکی سیاسی گەورەو فراوانە و لە ئێستاشدا فرە مینبەری جیاواز و تاڕادەیەکی باشیش دیموکراسیەت و ڕەخنەگرتن تیایدا کارێکی ئاسایی و پێگەیشتووەو سەرکردایەتیەکەی و سکرتێرەکەشی پیاوانی ڕۆژانی سەختی خەباتی چەکداری شاخ و دەرچوو و قاڵبووی خوێندنگایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕەسەنی کوردایەتین و خاوەن حیکمەت و عەقڵ و ژیرین و هێندەی ناسکی قۆناغەکە و گەورەیی پڕۆسەکە

**دڵسۆزن بۆ یەکێتی و کورد و کوردوستانیش . بۆیە دەکرا کە ئەم پڕۆسەیە بەهێمنی و ووردی و لەناو خۆو بەڕاشکاوانەتر و بوێرانەتر وبەبێ بوونی هیچ ترس و دڵڕاوکێیەك لەناو مەکتەبی سیاسیدا پلانی بۆ دابنرایە و جێبەجێش بکرایە دوور لەهەراوهۆریا و ئیمزاکۆکردنەوە و بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتدا .کەبوە هۆی ئەوەی پڕۆسەکە سەرتاپا لەڕێڕەو و ڕێچکە و نیاز و مەبەستە ڕاست و دروستەکانی خۆی لایدا و یەکێتی کردە دووبەرەی دژ بەیەك و دڕدۆنگ و ئەو ماوەی جیاوازیەشی کەپێشتریش هەبوو هێندەی دی زیاتر کردو لەجیاتی ئەوەی هەمووان دژ یان لەگەڵ بن , بوونە دووبەرەی ( دژ _لەگەڵ ) و دواتریش پەشیمان بونەوە و پاکانە نوسینیشی تێکەوت .**

**خۆشبەختانە ئەم پڕۆسەیە لەناو مەکتەبی سیاسی و لەلوتکەی هەڕەمەکەوە دەستی پێکرد چونکە باشتر و زووتر و سانا تر دەتوانرێت جێبەجێبکرێت ئەگەر بڕیار بەدەستەکان خۆیان و لەخۆیانەوە دەستپێبکەن چونکە هەرخۆشیان سەرەتا و دەستپێکی گەندەڵی و لادان و مشەخۆری و هەڵە و کەموکوڕیەکان بوون , نەك ئاستەکانی خوارەوە کە لاحول لهم ولا قوه ...**

## ئاما نجەکانی ڕیفۆرمخوازان .......





- **ئایا ئەمە مەبەستە ڕاست و دروستەکە بوو یان ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی بوو ؟ لێرەدا نیشانەی پرسیار لەسەر ڕیفۆرمخوازەکانیش دروست دەبێت و پرسیار دەکرێت کە ئایا ئەم کەسانە بۆ بەرژەوەندی تایبەت و ئیمتیازات و دەسەلاْت و سەروەت و سامان کۆکردنەوە وایان کرد ؟؟ یان بۆ بەرژەوەندی و بەهێزی و یەکگرتوویی یەکێتی و کورد و ئیدارە و دەسەلاْتەکەی و لەپێناو نەوەکانی داهاتوو و دواڕۆژدا کردیان ؟**

**وەلاْمی هەموو ئەم پرسیارانە جێ دەهێڵین بۆ ڕۆژگار تاوەلاْمیان بداتەوە و ئەنجامی کۆتایی پڕۆسەکەش دەربکەوێت و تائێستاش ئەنجامی ئەم کارو یاداشتنامەیە کە هەنگاوی سەرەتا و یەکەم بوو بەری سەوز نەبوە و سەرکەوتنی گەورەشی بەدەست نەهێناوە ( هەرچەندە هێشتا زووە کە ئەنجامی تەواو بەدەست بهێنێت و حوکمیشی بەسەردا بدرێت ) جائەگەر ئەم پڕۆسەیە لەیەکەم هەنگاودا کە کاروانێکی دوور و درێژە تووشی یەئس و هەڵدێران و کپ بونەوە و کەوتن بێت , ئایا چ دواڕۆژێکی گەشتر چاوەڕوانی ئەم پڕۆسەیە دەکات؟**

➢ **لەکۆتایی** ئەم باس و بابەتەدا دەتوانین بلێین کە پێویستە لەسەر سکرتێر و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ئەم هەنگاوانە بنێت بەمەبەست و ئاڕاستەی بنبڕکردنی ئەو دیاردەی گەندەڵی و مشەخۆری و دروست بونی جیاوازیەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی و جەماوەرەکەیدا لەلایەك و لەنێوان سەرکردایەتی و بنکەی ڕێکخستنەکانی لەلایەکی ترەوە , لەو هەنگاوانە :-

1. هەموان لەسەر ئەوە ڕێك بکەون کە دیاردەی گەندەڵی و مشەخۆری و حساب بۆنەکردنی یەکتری و تێپەڕاندنی دەسەڵاتەکان و بەشداری نەکردنی زۆرینە لە دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکان و دانانی بەرنامە و پلانی ناو یەکێتی و حکومەتەکەیدا هەبوە و لەئێستاشدا هەیە .
2. لەئەنجامی ئەم خاڵەوە هەموان جارێکی تر لەسەر ئەوە ڕێك بکەون کە پێویستە بەزووترین کات بەرنامەیەکی وورد و تۆکمە دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە وپرۆسەی ڕیفۆرمێکی وورد و زانستی و هێمن دەستپێبکەن لەچوارچێوەی دیسپلینە ناوخۆییەکانی حیزبدا ,دوور لە ڕاگەیاندن و چاوی کامێرا وهەراو هۆریا دروست کردن .
3. یەکێتی نیشتیمانی دوای نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی بۆ عێراق و چەسپاندنی مافە ڕەوا و سەرەکیەکانی کورد لەو دەستورەدا پێویست دەکات کە





هەموو دوو ساڵ جارێك و بەڕێك و پێکی و لەوادەی خۆیدا و بێ گوێدانە ناسکی قۆناغ وبارودۆخ کۆنگرەی گشتی خۆی ببەستێت .

4. یەکێتی پێویستی بەبون و سەرخستنی نەوەی نوێ هەیە بۆ سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی کردنی , چونکە ئیدی ناتوانرێت درێژە بەکاری حیزبی بدرێت بە عەقڵ و توانا و لێکدانەوە کۆن و کلاسیکیەکان , دوور لەحساب بۆنەکردنی هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە گەورانەی کە لەدونیادا ڕوویان داوە و سەرتاپای فکر و بەرژەوەندی و بەلانسی هێزەکانی لەدونیاو ناوچەکەشدا گۆڕیوە .
5. پێویستیش دەکات کە لە ناو یەکێتیدا سەرەتا شۆڕشگێڕیەکانی وەك ( دەست پاکی و دەم پاکی و داوێن پاکی و دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی و گیانی هەڤاڵانەیی و هۆشیاری بە بیرو باوەڕی نوێ ) زیندوو بکرێنەوە و گەشەیان پێبدرێت .
6. دیاردە شۆڕشگێڕی و دیموکراسیەکانی وەك ڕەخنە گرتن و ڕەخنە لەخۆگرتن و پیاداچونەوەی خود و دانان بەهەڵەکاندا و دەربڕینی بیرو ڕاکان بەئازادی و سەربەستی و بەبێ بوونی ترس و دڵەڕاوکێ لە لێپرسینەوە و گرتن و دوورخستنەوە لەپۆست و پایە و پەراوێزکردن جارێکی تر لەناو یەکێتیدا گرنگیان پێبدرێت و زیندوو بکرێنەوە .

7. پێویستە لەناو یەکێتیدا بنەمای دڵسۆزی و وەفا و کارکردن تەنها بۆ یەکێتی و جەماوەرو گەل و نیشتیمان بێت , دوور لە تەقدیسکردنی زات و تاك و ڕابەر و سەرکردە و لێپرسراوان و ڕێگە نەدرێت بەهیچ کەسێك کە دیاردە دزێوەکانی تەکەتولچێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و گوێڕایەڵی کوێرانە زیندوو بکاتەوە و گەشەی پێبدات .

8. بوونی دەزگایەکی سەربەخۆو بەدەسەڵات لەناو یەکێتی و حکومەتیشدا بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوونی بڕیار و داهات و سەروەت و سامانی سکرتێری گشتی وسەرکردایەتی و لێپێچینەوەیان لەسەر هەموو زیادەڕۆیی و دەرچوون لەبنەما حیزبیەکان .

9. پێویست دەکات کە یەکێتی لەم قۆناغ و سەردەمە پێشکەوتوەی دونیاو ناوچەکە و کوردوستانیشدا لەدانان و پێدانی پۆستە حیزبی و حکومیەکاندا ڕەچاوی خوێندەواری و زمانزانی و شارەزایی و پسپۆڕی و دڵسۆزی و ڕابووردوو پاکی و نەزاهەتی ئەو کەسانە بکات کە دەیەوێت پۆستێکیان پێبدات , چونکە زەمانی نەخوێندەواری و پێشمەرگایەتی و چەکداری نەماوە .

10. پێویست دەکات کە یەکێتی هەر لەئێستاوە چاو بخشێنێتەوە بەهەموو هەیکەلی ڕێکخستەکانی سەرجەم ئۆرگانەکانی خۆیدا و لەسەر بنەماو ڕێچکەی کاری نوێی قۆناغ و بارودۆخە نوێکانی کوردوستان و عێراق ڕێکیان





بخاتەوە و بەبیرو توانا و خوێن و عەقڵی نوێ پۆشتەیان بکاتەوە و ڕیزەکانیان ڕێك بخاتەوە .

ئەگەر یەکێتی بەزوویی بکەوێتە خۆی و ئەم ڕێوشوێنانە و گەلێکی تر ئەنجام بدات ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانێت پڕۆسەی ڕیفۆرم بگەیەنێتە مەبەستە ڕاست و دروستەکەی خۆی کە پاراستن و پارێزگاری کردنە لە یەك ڕیزی یەکێتی و هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە بەدەست هاتوون لەماوەی ئەو 30 ساڵەی خەباتیدا و بەبێ گومان و دوودڵیشەوە دەتوانێت بەردەوامی بە خەبات و ڕێچکە و ڕێبازو کاری خۆی بدات بۆ چەندین ساڵی تر و دەتوانێت پارێزگاری لەو جەماوەرە پان و پۆڕەی خۆشی بکات و لەپڕۆسە دیموکراسی و هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا زۆرینەی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات و دەسەڵاتی سیاسیش لەکوردوستان و لەعێراقیشدا بەدەست بهێنێت و بتوانێت بەرنامە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی جێبەجێبکات . بەڵام خوانەخواستە گەر بەپێچەوانەوە کار بکات ئەوا دوارۆژێکی تاریك و نادیار چاوەڕوانی کوردو کوردوستان و مەسەلەی کوردایەتیش دەکات و ئیدی لەوکاتەدا پەشیمانی داد نادات و هەمووانیش بەر نەفرەتی مێژوو و نەوەکانی داهاتووش دەکەوین.....

* * *

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1. **ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت/ کەڕێکخراوێکی ناحکومیە و لەساڵی** 1993**وە دامەزراوە وکاری سەرەکی بریتیە لە بەرگرتن لەگەندەڵیکە لەئێستادا لە** 90 **وولاٌتدا لقی هەیە و بارەگای سەرەکیشی لە شاری بەرلینی ئەڵمانیایە و ناونیشانی لەتۆڕی ئینتەرنێتدا بریتیە لە**
www.transparency.org

*　　　*　　　*

*　　　*

*





## سەرچاوەکان


- موسوعة السياسية / الجزء الاول/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر / الطبعة الثالثة / 1986/ بيروت / لبنان
- الموسوعة الفلسفية / دار الطليعة للطباعة والنشر / الطبعة الثانية / 1980 / بيروت / لبنان
- **فەرهەنگی نوێ/ بورهان قانع/ چاپخانەی** حوادث/ 1984/ **بەغداد** / **عێراق**
- **ڕیفۆرم/ سارا فلۆوەرز/ وەرگێڕانی** / **ئەبوبەکرخۆشناو** / **کوردوستنان** / **سلێمانی** / **چاپخانەی داناز**/ 2004
- الاصلاح والنهضة/ مطابع وزارة الثقافة/1992/ دمشق/ سوريا
- موقع الانترنيت لمركز الاهرام للدراسات الاستراتيجية/ قاهرة /مصر
- مستقبل الاصلاح فى المنطقة العربية فى ظل الفوضى الخلاقة/ مسفر بن على القحطانى /جريدةالحياة/عدد15850/الاحد 2006/8/27
- **ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت/ کە لە پێگەی ئەمان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وەرگیراوە و ناونیشانەکەی**
www.transparency.org